# لوڕ کوردە یا لوڕە؟

خوسرەو جاف

# لوڕ کوردە یا لوڕە؟

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خوسرەو جاف
لوڕ كوردە یا لوڕە؟
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٥
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٦٢٢ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
پیت لێدان: سەیران عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆكان نووری

# ئەو ڕۆژە

لە ساڵی یەکەمی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانا بووم (ڕشتەی میعماری) یەشتا چاو و گوێم بە باشی نەدریبوویەوە لەگەڵ قوتابییەکەدا بە ناوی (سیاوەش) بووینە هاوڕێ، کوڕە لە شاری ئەسفەهاندا هاتبووە دنیاوە، بەڕەگەز لە تیرەی (سەگەوەند)ی برا لوڕەکانمان بوو.

سەرم دەنایە سەری و گاڵتەم بەنێوی تیرەکەی دەکرد کە ئەم سەگەوانییەیان لە کوێنەوە بۆ ماوەتەوە ئەویش جارەوبار ئاڵۆز و ئاشوفتە دەبوو دەیوت:

وەرە بمکوژە و مانای (جاف)م پێ بڵێ.. ئیتر زۆربەی کات پێکەوە بووین.. لە سەرەتاوە سوور بوو لەسەر ئەوەی لوڕ بۆ خۆی لوڕە و بەس.. منیش بەلاقرتییەوە دەموت:

ڕاستەکەیت ئێوە دۆمەڵانن بێ ڕەگوڕیشە لەو ناوەڕاستە هەڵقوڵاونەوە و توپزانەتەوە.

ئەو لە ڕووی نەزانین و بێ ئاگادارییەوە دەیوت (لوڕ لوڕە) چەند چاوگە و بەڵگەیەکم خستە بەرچاوی سەرئەنجام سەلماندی کە ناکرێ و ناگونجێ لوڕ کورد نەبێ. وردەوردەش بیر و ڕای کوردایەتییە (حەیاتەکە)شم ئاخنییە ئاوەز و بیروڕایەوە.

دوای چەند ساڵێك لەگەڵ یەك دووانێك لە خەوانینی بنەماڵەی غەزنەفەرییەکانا ئاشنایەتیم پەیدا کرد و بوومە هاوڕێ، ئەو بنەماڵەیە بە پاشماوەی ئومەرا و دەسەڵاتدارانی کۆنی (لوڕ) دەناسران.

خوا هەقە ئەوان بێ یەك و دوو سوور بوون لەسەر کوردبوونی (لوڕ) و هۆی بیروڕای (لوڕ لوڕە)شیان بە وردی دەزانی، بەڵام نەدەکۆشان باسەکە بشڵەقێنن.

وردەکـارانــە دەدوان، سلّـوکـاوانـە هـەنـگـاویـان دەنـا.. دەیـانـزانـی لـەو حـەلـەدا شەلّـەقـانـدنـی ئـاوا بـاسێك دەبـێتـە مـایـە و هـەوێنـی لـە یـەك ترازانـی زۆر شت و بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە.

سالّ هـات و چوو.. گوزەرم کەوتە شاری لەندەن لە هەلومەرجێکی پڕ لە پێچ و گرێدا دەژیام. بڕیارم دابوو بۆ هەردەم لەنگەری تێدا بخەم و بازووی کاروباری تێدا هەلّمالّم.. بەهۆی چەند هۆیەکی زەقی تایبەت و تیکڕایەوە ناچاری گەڕانەوە کرام و خۆمم پیٚ ڕانەگیرا و سالّی **١٩٩٣** گەڕامەوە شاری بەغدا «بێگومـان ڕۆژیٚ لـە ڕۆژان ئـەو هـەلّـەفـانـە شل و شی دەکـەمـەوە و بـەوردی دەیخـەمـە بـەردەستی خوێندەواران سا بە گونجاندنی نێو ڕۆمان بیٚ یا وەك یاداشت و بیرەوەری».

لەو دوو سالّەدا بە نووسینی ڕۆمانی گەمالّەوە خەریك بووم ڕۆژان دەڕۆیشتمە قـاوەخـانـەیـەك بـە نـاوی «قـاوەخـانـەی شیراز» هـی کـوڕێکـی (لـوڕ) بـوو بـەنـاوی دوکتۆر ئیرەج.

بەندە لەگەلّ دوکتۆر «ئیرەج»دا بەهۆی هاوڕیٚ و دۆستی دێرینم «مەزهەری خالقی»یەوە ئاشنا بووبووین.. ئیرەج دوکتۆراکەی لە «شانۆیی»دا وەرگرتبوو تاریشی بەجوانی لیٚ دەدا گەلێك مەجلیس ئارا بوو. قاوەخانەکەی هەوارگەی هونەرمەندانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایش بوو.. لە زۆر ڕووەوە دەدواین سەر ئەنجام باسە کۆن و هەمیشەیەکە «لوڕ لوڕە یان کوردە..؟» زۆری نەخایاند «ئیرەج» ناوی قاوەخانەکەی لە «شیراز»ەوە گۆڕی بە «چایخانەی کوردستان» ئەویش لەگەلّ کوردایەتییە حەیاتەکەدا جۆشا و پێوەندی خواردەوە.

بـەپـێی تـاقـیـکـردنـەوە بـرایـانـی لـوڕمـان ئـەگـەر بـیـانـدوێنـی ئـەگـەر هـەستـی نـەتـەوایـەتـییـان ببـزوێنـی بـەئـاسانـی دان بـە کـوردبـوونـی خـۆیـانـدا دەنـێن و پـان ئـێرانـیسم و دەمـارگـرژی شیـعـەگـەری تـووڕ دەدەنـە ئـەولاوە و تـێکـەلّـی ڕووبـاری خروشاوی گەلی کورد دەبنەوە و ئیتر پابەندی برا گەورەیی هەزاران سالّەی فارس نـابـن.. دەگـەنـە ئـەو بـاوەڕە کـە ئـەم بـرا گـەورەیـە ئـەزەلـییـە جگـە لـە بـەدبـەختـی و کوێرەوەری و نەخوێندەواری و بیروڕای پڕوپووچ نەبیٚ هیچی پیٚ نەبەخشیون. لەوەی دلّنیام لەو دە بیست سالّی داهاتووەدا ئەژدیهای خەوتووی لوڕ لە چیا سەر

بە ئاسمان کێشاوەکانی لورستانا لە خەوی هەزاران ساڵەی ڕادەپەڕی و زۆر هەڵە و هەڵەشەیی هەڵدەوەشێنێتەوە.. توورِ دەدانە ئەولاوە.

زەمانێکە بە تەمای نووسینی ئاوا کتاوێکم و بۆم هەڵنەدەکەوت ڕەنگە ئەم کتاوە دەرگە لێدانێك بێ و ئاوڕی نووسەرانی کورد بەرەو لای برا لوڕەکان بچەرخێنێتەوە تا هەرچی زووتر ئەو ئەژدیها خەوتووە لە خوماری و خەون و خەیاڵی هەر ئاوا ژیان وەدەر بهێنێ و نەوای ئەفسووناوی و ئازادی و ژیانی ڕاستەقینە و هوشیاری و خوێندەواری بگەیەننە کون و قوژبنی سەرتاسەری لوڕستان... بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.

خەوسرەو جاف

٢٠٠٠/٣/٢١

## ئاری

وشەی ئاری لە «ئار» و «ەی» پێك هاتووە، بە زمانی کوردی و تەواوی لەهجەکان.. هەتا وەکو زمانی پارسی کۆنیش وشەی «ئار» لە یەکەوە نزیکن و بە یەك چاو دەژمێردرێن. تەنانەت بە زمانی فارسیی ئێستاش کە «ئاتەش» دەگوترێ لە لەهجەکانی کوردییەوە نزیکن: (ئایر، ئاور، ئاهر، ئاتر، ئاگر) کە هەر هەموو بەئاگر دەگوترێ.

لە زمانی فارسیی کۆندا جگە لە «ئاتش» (هار، هیر، ئازەر، ئاتر، و ئاگر)یان بەکار بردووە، زۆر ناو و وشەی، جۆر بەجۆری تری وەك (هارا[1] هارید، هیربد، ئاربد، نەوزەر، ئازەر، ئاباد، ئازەر، ئابادیان، ئازەر ئابادگان، ئاگرداد، ئەوروپا..) سەرئەنجام (ئاخگەر، ئاستیر، ئاستارە و ئاهور) هەر هەموو ئەمانە لە وشەی «ئار» وەرگیراون.

کەواتە «ئاری» واتا ئاگرین یا ئاگرپەرست، وە «ئاریان» واتا ئاگرپەرستەکان یان ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ ئاگر و ئاگرپەرستیدا هەیە. ئەوساکە وڵاتی ئەفغانستانیان بە «ئاریا» نێو دەبرد و بێگومان خەڵکەکەشی ئاگرپەرست بوونە، هەتاوەکو ناوی «هرا» و «هرات» کە لە «هیر»ەوە وەرگیراوە کە مانای ئاگرە. وشەی «ئەهریمەن»یش هەر لە «ئەهر» و «مان» پێك هاتووە، «ئاهورا»یش هەر لە ئاگرەوە وەرگیراوە، بەڵام ئاهورا کاری چاك و خاوێنی لێ دەوەشێتەوە و ئەهریمەنیش کاری ناڕەوا و ناپەسند.

ئەوەی ڕوونە وشەی «ئاری» بە غەیری سامی و غەیری حامی دەگوترێ کە ئاگر و هەتاویان لا پیرۆز بووە. هەندێکی تر پێیان وایە لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتین و لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون بۆیە بە «ئاریان» ناوبراون هەتاوەکو لە زمانی فەرانساویدا وشەی «ئارین» واتا ڕۆژهەڵات، ئەمە لەگەڵ وردەکاریدا ناگونجێ ڕەنگە ئەم باوەڕە لەبارەی وڵاتی «ئێران» گونجاو بێ بەڵام لەبارەی میللەتە ئارياييیەکانی

(١) هارا: لە کتاوی ئاڤێستادا بە چیای دەماوەند دەگوترێ کە بورکان بووە.

تر نەگونجاو دێتە چاو، ئەو ئاریاییانەی بەرەو هیندستان و ڕووسیا و ژاپۆن ڕۆیشتوون ئەی ئەوان چی؟.. خۆ ئەوان لە ڕۆژهەڵاتەوە نەهاتوون و نیشتەجێی ئەوێ بووبن، بەلای تەواوی مێژوونووسانەوە یان زانایانی ئەنتروپۆلۆجی ئەو میللەتانەش ئاریایین .. ڕەنگە وشەی «مەشرق» لەبەر تیشك و پرشنگی هەتاو کە وەك تۆپێکی ئاگرینە بۆیە ناوی «ئارین»ی لێ نرابێ.

هەندێکی تر دەڵێن لە زمانی سانسکریت و ئاڤێستادا وشەی «ئاری» واتا خۆش ڕەفتار و جوان کردار و نەجیب. هەتا وەکو لە کتاوی ئاینی هیندۆکاندا بە ناوی (منوشاستەر) . وڵاتی هیندوستان بە ناوی «ئاریاورت» ناوبراوە بە مانا وڵات و جێگە و شوێنی کەسانی شەریف و نەجیب، ئەمەش لەگەڵ عەقڵ و لێکدانەوە ناگونجێ، و مانای ئەوە نییە ئەوەی لە هیندوستاندا نەژی نانەجیب و دوور لە شەرافەتە. بەهەرحاڵ بەوردی یەشتا دەرنەکەوتووە ئایا لە ناوەڕاستی ئاسیاوە کۆچیان کردووە یان لە کەنارەکانی دەریای باڵتیکەوە هاتوون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە زانایان دانیان بەوەدا ناوە کە ئارياييەکان ٣٤٠٠ ساڵ پێش مەسیح بەهۆی ڕووداوێکی نادیارەوە کۆچیان کردووە و ملیان بەرەو وڵاتانی تر ناوە، ڕێچکەی کۆچەکەشیان لەوە دەڕوات برێکیان بەرەو دۆڵی «پەنجاب» داکشابن و لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتەدا تێکەڵاو بووبن و ڕێچکەی تریان بەرەو وڵاتی یۆنان و ڕۆم و ماکدۆنیا ڕۆیشتووبن، بەشێکی تریشیان بەرەو ڕۆژاوا وەڕێ کەوتوون کە وڵاتی خوراسان و مازیندەران و ئازربایجان و لوڕستان و ئەرمەنستان و کوردستانی گرتووەتە بەر، کە میللەتانی کورد و دەیلەم و ئەرمەنی و چەرکەس و ئەلبانی لە نەتەوەی ئەم کۆچەن وە ئەفغان و بلووج و گورجی و پارسەکانیش هەر لەم کۆچ و بارە لە قەڵەم دەدرێن.

من لێرەدا نامەوێ بڕۆمە نێو دوور و درێژی و ڕێچکە و وردی ئەو کۆچ و هەوارگە و بەزینەوە دەرنەکەوتووە و یەشتا زانایان بەدوای بەڵگەی دیاریتر و باوەڕپێکراوتردا دەگەڕێن، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرینگ بێ نێوەی میللەتە ئارياييەکانە کە تا بە ئەمڕۆ زانایان نێویان لێ نابێ:

١– ئەندوان: هیند و خەڵکی وڵاتی «سەند» و «پەنجاب» سیك و کشمیر.

٢– لاتین: خەڵکی وڵاتی فەرەنسا و ئیسپانیا و پرتوگال و ئیتالیا و ڕۆمانیا.

٣– ژیرمەن: ئەلمانیا، ئینگلتەرە، ئەسکەندەنافیا.

٤– سلاف: ڕووس، پۆلەندە، سربستان و چیکۆسلاڤاکیا.

٥– سەلت: میللەتە کۆنەکانی وڵاتی ئەوروپا.

٦– های: ئەرمەنی کە بە ئاراراتیش ناودەبرێن.

٧– بلاژ: بەلجیکا، بولگاریا.

٨– جغزی: بەشێك لە میللەتانی ڕووسیا و سەقلەبییەکان (صەقالبە) واتا ئەوانەی وا سەر و موویان سوورە کە لە سەمەرقەندەوە کۆچیان کردووە.

٩– ئایا دیان: چەرکەسەکانی قەفقازیا.

١٠– ئەجامیان: کە (ئەجامان)یشیان پێ گوتراوە، عەرەب کردوویانەتە (عەجەم) کە دەگەڕێنەوە سەر تیرەی گولشاهیان، لەبەرئەوەی سەر زنجیرەی (پێشدادییەکان) لە نەتەوەی (کەیومەرث)ن وە بنچەکیان (یاسان ئاجام)ە، هەر لەبەرئەوەشە بە پێشدادییەکان دەگوترێت (ئاجامیان).

١١– مادایان: میللەتی کورد بە لوڕییەوە خەڵکی ناوچەی گێلان و دیالەمە و خەزران بە «مادایان» لە کۆنا ناسراون. وشەی (ماد) لەم دوادوایەدا بە کورد گوتراوە یانی لە سەدەی نۆیەمی پێش زاینەوە.

هیرۆدۆت دەڵێ:

«مادەکان لە ڕەگەزی ئارین و لە دوایدا نێویان بووە بە ماد» (مێژووی پیرنا–لاپەڕەی ٤٩)

## یەکەمین هەوارگە لە لوڕستاندا

وا دیارە کۆنترین هەوارگەی دەوری (زارزی) لە چیاکانی لوڕستاندا بووبێ کە نۆ هەزار ساڵ لە پێش زایندا بووە، تا ئێستا هیچ جێگە و هەوارگەیەکی تری مرۆڤی ئەو دەورە لە هەوارگەی لوڕستان کۆنتر بێ نەدۆزراوەتەوە.

لە دۆڵی خوڕەم ئاباددا بەتایبەت لە ئەشکەوتی «کنجی» و «گومری»دا کە شەش هەزار یان پێنج هەزار و هەشسەد ساڵ پێش زاین بۆ زانایان دەرکەوتووە، بەڵام یەشتا نەیانتوانیوە دێیەك، ئاواییەك کە خەڵکی تێدا ژیابێ بدۆزنەوە.

لە ئەشکەوتی «گنجی» و «گومری» دا لە ژێر توێژی خۆڵەکەدا، یان خۆڵە کەوەی ئاگردانـدا پـیشە و پـەڵا و گـۆزە و کـووپـەکـە بـە چـەرمـی گـامـێش داپـۆشراون دۆزراوەتەوە هی شەش هەزار ساڵ پێش زاینە.

(مرتن سن)ی دانای گەورە ساڵی ١٩٦٤ز لە تەپۆلکەکانی گۆرانی لوڕستاندا چەندین شتومەکی دۆزییەوە کە هی ٦٥٠٠ ساڵ پێش زاینە. چەندین خانووی لە دار دروستکراو کە خەڵکی تێدا ژیاوە و تا ساڵی ٥٠٠٠ی پێش زاین خانووەکانی هەر دار بووە و لە ٥٠٠٠دا کراوەتە بەرد و کەرپووچ.

وا دەردەکەوێ لە دەشتی تەرهان و ڕومشکانی لوڕستاندا ئەو حەلە مرۆڤ نەیتوانیوە بەئاسانی تێیدا بژی لەبەر بێ ئاوی، مرۆڤ بەناچاری پەنای بردووەتە نێو دۆڵ و دەربەند و ئەشکەوتەکانی نێو چیاکان و وردە وردە گەڕاونەتەوە نێو دەشتی «کۆهدەشت» و لە هەندێك جێگەی ئەو دەشتەدا خانووبەرەیان دروست کردووە و لەبارەی ئاو لە زەحمەتدا نەبوونە بەتایبەت دۆڵ و دەشتێك کەوتووبێتە نێوان چیاکانەوە.

دوکتور «سپیس Speth» لە ئەشکەوتی «کنجی»دا کە لە پێش ئەودا دوکتور «فرانك هوڵ» قووڵاییی خۆڵی نێو ئەشکەوتەکەی داتاشیبوو و بەشێوەیەکی ورد و لـەسەرخـۆ دووبـارە لـەو ئـەشکـەوتـەدا دەستـی بـەکـار کـردووە و گـەلێك نـیشانـە و شتومەکی سەردەمی «موستری» و «زارزی» تێدا دۆزیتەوە، وە پیشە و پەڵای مرۆڤ

که چاڵ کراوه یان دەفر و گۆزە و کووپە و دەوریی بەردینی جۆراوجۆر. لە ڕووی مێژووەوە ڕەنگە ئەو گۆڕانە هی سەردەمی «ئوروك» بێ یان سەرەتای سەردەمی «برونزی لوڕستان». دوا کۆمەڵ و دەستەی کەلەپوورناسان کە چوونەتە ئەوێ ئەشکەوتەکانیان هەڵکەندووە و پشکنییە لە سەردەمی «پەهلەوی»دا بووە بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر ماك بورنیی مامۆستای زانکۆی کەمبریدج بووە کە لەو گەشتەدا زۆر لە وێنە هەڵکەنراوەکانی سەر تاشەبەردی ساغ کردووەتەوە و بەوردی نیشانەی سەردەمی «پالئولتیك و نئولتیك»ی دۆزیوەتەوە.



لە خاوێکی مسین هەزار ساڵ پێش زایین

## سەرەتای کورد

گومان لەوەدا نییە کە میللەتی کورد ڕەگەزێکی ئارییاییە و بە هیند و ئەوروپایی دراون لە قەڵەم و لە سەردەمێکی نادیاریدا یانی لە چەند هەزار ساڵ پێش زاینی مەسیحەوە بەرەو کوردستانی ئێستا سەراژێر و نیشتەجێ بوونە، ئەوەش بە باشی دەرکەوتووە کە شەپۆڵ شەپۆڵ هاتوون و لە کوردستاندا گلێر بوونەتەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ بەوردی ڕوون نەبووەتەوە کە لە کوێرا سەرەتای کۆچکردنەکەیان دەستی پێ کردووە، هەندێك دەڵێن گوایە لە کەنارەکانی دەریای باڵتیکەوە بەرەو ئەرمینیا و قەفقازیا سەراژێر بوونە بەرەو زنجیرەی چیاکانی ئارارات و چیای (جودی) هەندێکی تر پێیان وایە کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوون و بەرەو کەناری دەریای خەزەر (قەزوین) وردە وردە بە درێژاییی چیای زاگرۆسدا هاتوونەتە خوارەوە و پەخش و بڵاو بوونەتەوە وە هەندێکیان لە دەوروبەری گۆمی «وان»دا نیشتەجێ بوونە داوودەزگایەکی دەسەڵاتدارییان پێك هێناوە. پرۆفیسۆر مینورسکی دەڵێ: زۆر لەوە دەچێ کورد لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو کوردستان هاتووبن و تێکەڵاوی هێزی «کاردو» وە یان نیشتەجێیەکانی کوردستان بووبن و میللەتی تێکڕای کوردیان لێ پێك هاتوبێ. بێگومان سنووری سروشتی و دەسەڵاتی تر و میللەتانی تر نەیانهێڵاوە لە چوارچێوەی دەریای خەزەر و چیای ئارارات و کەنداو و دەسەڵاتی عیلام و لە ڕۆژئاواشدا دەسەڵاتی سومێر و ئەکاد. ئەوەش ڕوون بووەتەوە کە میللەتی کورد و دەسەڵاتی کورد گەلێك لە مێژووی کلدە و ئاشوور و پێشدادییەکان کۆنترە. هۆزەکانی لولو، گوتی، کاسی و هوری کە بە تێکەڵەی میللەتە زاگرۆسییەکان ناسراون هاودەم و هاوشەڕی کلدە و ئاشوورییەکان بوونە.

بەهەرحاڵ کورد لە باکورەوە یان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووبن بوونەتە دوو بەشەوە ؛ بەشێکیان تا ڕووباری فورات و سوریا و شامات ڕۆیشتوون، بەشێکی تریان بە درێژاییی زنجیرەی چیای زاگرۆسدا بڵاو بوونەتەوە بە درێژاییی

ڕووباری دیجلە تا سەر کەنداو.

بەشەکەی تر کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون لە ناوچەکانی ئازربایجان و ئەسپەهان و هەمەدان و کرماشان و لوڕستاندا نیشتەجێ بوونە. بەشی یەکەم بە «گوتی» یا «گودی» بەنێوی چیای جودییەوە ناوبراون کە هەمان چیای ئاراراتە. بەشی دووەمیان «کورتی» یان کوردی ناو دەبرێن وەك هیرۆدۆت وتوویەتی کە لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا ناوی خۆیان گۆڕیوە و بە «ماد» ناسراون. بۆیە زۆربەی زۆری مێژوونووسان کوردیان کردووەتە دوو بەشەوە کە یەکەمیان «کوردی ڕۆژاوا» کە بە کوردی ئاراراتی ناسراون، بەشی دووەم بە «کوردی ڕۆژهەڵات» کە مادەکان بن.. ئەمەش یەشتا ڕۆشن نەبووەتەوە کامیان زووتر یان درەنگتر هاتوونەتە کوردستانەوە. هەر چۆنێك بێ بەڵگە بەدەستەوەیە کە لە دەسەڵاتی «نرامسین»ەوە تا پەیدابوونی کەیقوبادی کورد کە سەرەتای دەسەڵاتی مادەکانە کە ئەو حەلە پارسەکانیش هەر لەسەر ماد ژمێردراون.

سێیەمین دەورە لە نێوان ساڵانی (٨٥٢ تا ٥٥٠)ی پێش زایندایە، واتا سەردەمی دەسەڵاتی «ماد» تا پەیدابوونی کەیخوسرەوی گەورە «سیروسی گەورە» کە دەوڵەتی ئێرانی دروست کردووە و مادەکانیش لەو حەلەوە لەسەر ئێران ژمێردراون.



زێوە ئاڵاتی دۆزراوەی دوو هەزار ساڵ پێش زایین

دەورەی چوارەمین لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زاینەوە دەست پێ دەکا تا سەردەمی ئیسلام کە بەدەورەی پەرت و بڵاوی میللەتی کورد ناسراوە و جارجارێك نەبێ ئەویش بەشێوەیەکی شێواو و لاواز هەر فەرمان بەردار بوونە.

بابگەڕێینەوە سەر باس و چۆنیەتی دەورانی کۆنی کورد کە لە ٣٦٠٠ ساڵ پیش زایندا دەست پێ دەکات. لە سەردەمی سەرجونی ئەکەدیدا هێندە ناوی کورد نەبینراوە و نەهاتووە تا لە تاتە بەردە نووسراوەکان و دەفتەرە گڵێنەکەیدا «نرامسین» سەر و کار و بگرەوبەردەی لەگەڵ کوردە لولوەکاندا دەست پێ دەکات و لە چەند شەڕێکدا شپرزەیان دەکات و ناچاری کشانەوە و تەفروتوونابوون دەبن، زۆر ناخایەنێ هەر هەمان شاو کە بکاتە «نرامسین» لەگەڵ گۆتییەکاندا تێ هەڵدەچێت و شەڕێکی خوێناوی دەکەوێتە نێوانیانەوە و نرامسین شەڕ و شار و تەخت و بەختی دەدۆڕێنێ و شاری بابل دەکەوێتە چنگی گوتییەکانەوە کە لە ڕەگەزی کوردن و داوودەزگایەکی بە دەسەڵات پێك دێنن بەجۆریکی وا لە سەردەمی «گوتنا» کە یەکێك لە شاکانی دەسەڵاتی گوتییەکانە دەسەڵات و وڵاتی عیلامییەکانیش دەبنە باجدەری هێز و دەسەڵاتی گوتییەکان.. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە میللەتی کورد و هێز و توانای گەلی کورد لە پێش (نرامسین)یشدا هەر بوونە، بەڵام بگرەوبەردەی گەورەیان لەگەڵ دەسەڵاتی سومەر و ئەکادا نەبووە تا ناویان لێ ببرێ، وەك لە کتاوی مێژووی ڕۆژهەڵاتدا لە لاپەڕەی ١٨٦دا دەڵێ کە هۆزی «لولو» لە سەردەمی سەرجونی یەکەمدا بۆ خۆیان دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان هەبووە و پاشایەکی بەناوبانگیان هەبووە بە ناوی «لاسیراب»، پرۆفیسۆر «سپایزەر»یش لە کتاوی (میللەتانی میزوپوتامی)دا لە لاپەڕەی ٩٩ دا هەمان باوەڕ دەردەخا.

ساڵی ٢٨٠٠ی پ.ز سەرجونی دووەم دێتە کایەوە و تەخت و بەختی باپیرانی وەردەگرێتەوە و دەسەڵاتی گوتییەکان لە «بابل» لەناو دەبا و ناچاریان دەکات بەرەو چیاکانی زاگرۆس بگەڕێنەوە و هێرشەکەی بەجۆرێك توندوتیژ دەبێ تا وڵاتی مادەکانیش ڕادەماڵێ.. بۆ ماوەی سێسەد ساڵ ماد دەبێتە باجدەر و فەرمانبەری دەسەڵاتی سۆمەر و ئەکاد. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مادەکان

لە دوو هەزار و هەشتسەد ساڵ پێش زایندا هەر لە وڵاتی کوردستانا هەبوونە و ژیاون.

لە ساڵی ٢٥٠٠ی پ. ز دەسەڵاتی کلدە لە ئەوپەڕی توانا و هێزی خۆیدا بووە، ساڵی ٢٤٥٠ پ. ز «دونگی» شای سومەر پەلاماری وڵاتی عیلام و ناوچەکانی لولو دەدا و دەیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە لە ساڵی ٢٣٥٨ پ. ز کە سەرەتای پێکهاتنی دەسەڵاتی ئاشوورییەکانە تا ساڵی ٢١٩١ پ. ز هیچ ناوێك لە کورد و دەسەڵاتی ڕەگەزی کورد نابینرێ. ساڵی ٢٣٤١ پ. ز کەیومەرتی پێشدادی دەسەڵاتی پێشدادییەکان پێك دێنێ و پایتەختی دەسەڵاتەکەی دەباتە دەماوەند، لە ساڵی ٢٦٠٠ پ. ز زوحاك لە بابلەوە سوپا و لەشکرێکی گەورە و گران پێك دێنێ و هێرش دەباتە سەر دەسەڵاتی پێشدادی و لە ناوچەی ئیستەخری پارسدا لەگەڵ جەمشید شای پێشدادیدا ڕووبەڕوو دەبن و شەڕ بەسوودی زوحاك تەواو دەبێ و دەسەڵاتی پێشدادییەکان لەناو دەڕوا.

سەرەنجام ساڵی ٢١٩٢ پ. ز فەرەیدوونی پێشدادی بە یارمەتی ڕاپەڕینە بەناوبانگەکەی کاوەی ئاسنگەر کە کوردێکی خەڵکی ناوچەی ئەسپەهان بووە شۆڕشێکی تێکڕایی پێك دەهێنێ و دەسەڵاتی زوحاك و پەیڕەوانی لەناو دەبا و دیسانەوە دەسەڵاتی پێشدادییەکان پێك دێنێتەوە و فەرەیدوونیش دەکاتە شا. ئەم ڕاپەڕینە لە کاتێکدا دەبێ کە «کودور ناخونتا»ی یەکەم شای عیلام دەوڵەتی بابلی بەتەواوی ماندوو کردبوو، ئەم گیروگرفتەش بوو بەهۆی ئازادیی کوردان و سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکییەکاندا.

لە ساڵی ٢٠١٨ پ. ز «تینە» شای ئاشوور و کلدە هێرش دەباتە سەر وڵاتی ماد، شای ماد دەستگیر دەکا و هەڵی دەواسێ و ڕوو دەنا بەرەو قەڵا و شاری بەلخ و ناتوانێت وەچەنگی بهێنێ. لە سەدەی هەژدە و نۆزدەی پێش زایندا هۆزێك لە لێواری دەریای ڕەشەوە بەرەو وڵاتی کوردستان دادەکشێ و لە ناوچەی خابووری ئەمڕۆدا دەگیرسێنەوە و دەسەڵاتێك پێك دێنن بە ناوی دەسەڵاتی «میتانی» کە بەپێی بیروڕای تەواوی مێژوونووسەکان ڕەگەز و ڕەفتاریان لەسەر کوردان ژمێردراون.

دەوروبەری ساڵی ١٧٦٠ پ. ز کوردە کاسییەکان لەگەڵ کوڕە مامەکانیاندا– هۆزی لولو و گوتی بە سەرۆکایەتی خانديژ شای کاسییەکان هێرش دەبەنە سەر وڵاتی کلدە و وەچەنگی دەهێنن و لە شاری لاکاش دەسەڵاتێکی بەهێز و توانا پێك دێنن بە ناوی دەسەڵاتی کاردنیا و بۆ ماوەی شەشسەد ساڵ بەردەوام دەبێ. لەم کاتەدا وڵاتی ماد لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی ئاشووردا دەبێ.

لە سەدەی ١٦ی پ. ز هۆزی ماتیانی یان مایتانی یان میتانی دەتوانێ ببێتە فەرمانڕەوای سەرتاسەری کوردستان و تا ئەرابخا واتا کەرکووکی ئێستا.

لە شاری کەرکوك چەندین تەختە گڵی نووسراو وەچەنگ هاتووە کە تێیدا دەڵێ: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ئەو حەلە باجدەر و فەرمانبەرداری دەسەڵاتی کلدە و ئاشوور بوونە دوو دەستەگی و هەر کەسێ بۆ خۆی لە ناویانا حوکمڕان بووە، تەنیا لە ئاین و ئاداب و نەریتیدا یەکگرتوو بوونە، بەڵام لە ڕوویێکی ترەوە هەموو کات دەست بە خەنجەر لە یەك ڕاست بوونەتەوە. (کەواتە ئێمەی کورد وا خۆخۆر و دوژمنی یەکتر و یەکگرتوو نین ئیرسێکی چەندین هەزار ساڵەیە بۆمان ماوەتەوە. ئومێدەوارم لە هەزارەی سێیەمی زایندا کە دوازدە ڕۆژی ماوە پێی تێ بخەین تەماشاکەری یەکگرتنی سەرتاسەری میللەتەکەم بم.)

ئاداد نێراری شای ئاشوورییەکان (١٣١٠–١٢٨١)پ. ز لە یەکێك لە تاتە بەردە نووسراوەکاندا دەڵێ: لەشکری کاسی، گوتی، لولو و سوباریم ڕاونا و تەفروتوونام کردن.

سەلما نەزاری یەکەم (١٢٨٠پ. ز) پاشای ئاشوورییەکان لەگەڵ گوتییەکاندا بەشەڕهاتووە و ڕاویانی ناوە وەك خۆی دەڵێ: کوشتارێکی گەلێك فراوانم لێ کردن. دوای هێرشی یەك بەدوای یەکی عیلامییەکان بۆ سەر بابل و بەربڵاویی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان وردە وردە دەوڵەتی کاردونیای کورد بەرەو لاوازی و شپرزەیی دەڕۆیشت و سەرئەنجام لە زەمانی پاشایەتیی (تیگلانی تین) پاشای بەدەسەڵاتی ئاشوورییان لە ساڵی ١٧٧١پ. ز بە تەواوی دەوڵەتی کاردونیای چەند سەد ساڵەی کورد لەناو چوو و کوردە کاسییەکان بەرەو چیاکانی لوڕستان گەڕانەوە.

لە ساڵی ۱۱۰۰پ. ز تیگلات پالازار پاشای ملهورِ و شەڕکەری ئاشوور هێرشی بردە سەر وڵاتی ماد و پارس دوای چەندین شەڕی خوێناوی ملی پێ دانواندنەوە و کردیاننە باجدەری دەسەڵاتی ئاشوور. لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا ئاسور نازیربال پاشای ئاشوورییان چەندین جار هێرش دەباتە سەر کوردەکانی زاگرۆس و بەدەستی خاڵی دەگەڕێتەوە، سەرەنجام بە فەرماندەیی کوڕەکەی سوپایەکی گەورە و گرانی پێك دێنێ دیسانەوە پەلاماری کوردەکان دەدا و چەندین شاریان تاڵان و چەپاو دەکا، لە دواییدا بەناچاری لەگەڵیاندا پەیمانی ئاشتی دەبەستێ. هەر هەمان سەلمازار لەدوادوای سەدەی نۆیەمی پێش زایندا بە سوپایەکی گەورەوە هێرش دەباتە سەر وڵاتی ماد و پارس کە ناویانی بە «پارسوا» و «ئامادا» بردووە، لە ساڵی ۸۵۹ پ. ز هێرشی بردووەتە سەر ناوچەی «زاموا» کە دەوروبەری چیای تاسڵووجە و گڵەزەردەی ئێستا دەکات و لە ساڵی ۸٤٤ پ. ز هێرش دەباتە سەر ناوچەی پشدەر و سەردەشت.

## کورد لە نێوان ۸۵۳-۵۵۰ پ. ز دا

ساڵی ٨٥٣ پ. ز کەیقوباد کە یەکێك بووە لە دەسەڵاتدارانی کورد، یۆنانییەکان بە «ئاریاس» ناویان هێناوە– دووبارە دەوڵەتی «ماد» دروست دەکاتەوە و کورد و فارس لە ژێردەستەیی ڕزگار دەکات و هنگمدان– هەمەدانی ئێستا دەکاتە پایتەخت و دەیرازێنێتەوە. یۆنانییەکان پێیان وایە کە ئەم شایە شاری نەینەوا داگیر دەکا و دەسەڵاتی ئاشوورییەکانی تەفروتوونا کردووە. کتاوی (میللەتە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان) لاپەڕەی ١٥٩–١٦٣، یان کتاوی ئاوێنەی سکەندەری لاپەڕە، ١٤٥. بەڵام چاوگەی مێژووی تر پێی وایە کە «کواکسار»، یان کەیاکسار، یان هواکساتار، یان هوخشتەر دەوڵەتی ئاشووری لەناو بردووە (پیرنیا–لاپەڕەی٥٣، مێژووی ئەمین زەکی بەگ ل ٣٦٦–٣٩٩).

لە ساڵی ٢٤٤ پ. ز تیگلات بالازاری دووەم هێرش دەباتە سەر وڵاتی ماد و شەست هەزار کەسیان لێ بە دیل دەگرێ و سارگونی سێیەم شای ئاشوورییان دوو جار پەلاماری مادستان– کوردستان دەدا و شاکەیان کە ناوی (دخو) یان (دیاکۆ) یان بە زمانی فیردەوسیی شاعیر (دغو) بووە لە شەڕدا دەستگیر و لەگەڵ چوار هەزار و هەشتسەد و بیست کەسی لە ناودارانی کورد دوور دەخاتەوە بۆ وڵاتی سووریا. بۆ جاری دووەمیش کە هێرش دەباتەوە سەر کوردستان چل و پێنج کەس لە ناودارانی کورد ناچار دەکات بڕۆن بۆ دەربارەکەی و دان بە گەورەیی و مەزنیدا بنێن و خاوەو باجی ساڵانەی پێ بدەن. لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا یەکێك لە دەسەڵاتدارانی کاردونیا هێرش دەباتە سەر کلدە و داگیری دەکا و سەرەنجام سەنحاریبی کوڕی سەرجون شەڕێکی خوێناوی لەگەڵدا دەکات و ناچاری کشانەوە دەبێ، بابلیش چەپاو و تاڵان و خەڵکەکەشی بە دیلی دەبات.

لە سەردەمی ئاسەر حەدونی کوڕی سەنحاریب دا دەوڵەتی ئاشوور لەوپەڕی دەسەڵات و توانای خۆیدا دەبێ و دەوڵەتی ماد و پارس بە ناچاری دەبنە باجدەر و ملکەچی ئاشوورییان، دوای ئاسەر حەدون شا ئاشوور بانی بال دەبێتە شا،

بــەدوای ئــەودا «ساراکــوس»ی کــوڕی جــێگــەی دەگــرێتــەوە. لــە ســەردەمــی ئــەودا سوپــایــەکــی هــۆزی «سەکــا یــا سیت» پــەلامــاری نــاوچــەکــانــی ژێر دەسەڵاتــی ئاشوورییەکان دەدات و زۆر جێگە و شوێن دەبێتە ژێر سمی ئەسپی هێرشیانەوە، لــەم کــاتــەدا فــریــبــەرز– فــراهــورت ٦٥٥ پ. ز دەبــێتــە شای مــاد و لــەو کــاتــەدا پارسەکانیش لە ژێر فەرمانی ماددا بوونە. (پیرنیا–ل٥٢).

ساڵــی ٦٢٥ پ. ز فــریــبــەرز لــە شەڕێکــی خــوێنــاویــدا لــەگــەڵ ئــاشووریــیــەکــاندا دەکــوژرێ و کــواکسار «هــوخشتر»ی کــوڕی لــە تــۆڵــەی بــاوکیدا دوای پێکــهێنــانــی سوپایەکی ڕازاوە و زۆر و دامەزراو لەگەڵ ئاشوورییەکاندا بەشەڕ دێ و ناچاریان دەکا پەنا ببەنە نێو شاری نەینەواوە، شاری نەینەوا لەلایەن لەشکری مادەوە گەمارۆ دەدرێ، لە کاتی گەمارۆدا هۆزی سەکایەکان هێرش دەبەنە سەر وڵاتی ماد و هۆخشتەر ناچاری کشانەوە دەبێ. بۆ ماوەیەکی زۆر دەپلکێتە شەڕێکی دوور و درێژەوە تا لە هەلێکدا تەواوی هۆزی سەکایەکان دەستگیر دەکات و دەیانکوژێ، وڵاتی ماد لە فەرتەنەیان ڕزگار دەبێ، بەڵام تۆڵە و خوێنخوازیی کوشتنی باوکی لە دەروونیا پێوەستە لە بلێسە سەندندا بووە، بۆیە لەگەڵ شای شاری بابل– کە فەرمانبەرداری شای ئاشوور بووە– پەیمانی دۆستایەتی دەبەستێ و ئامیتیسی کچیشی دا بە کوڕەکەی (بختنصر) یان (بوکود نەزەر)، بە سوپایەکی زۆرەوە کە لە ماد و پارس و عیلام و بابل پێك هاتبوو هێرش دەباتە سەر شاری نەینەوا و داگیری دەکات. ساراکوسی شای ئاشوور کە دەبینی وا دوژمن ڕژاونەتە ناو شار خۆی و خێزانەکەی دەسووتێنێ تا لە دەردی کۆیلاتی ڕزگاریان بێ. جا دەسەڵاتی ئاشوور لە نێوان شای ماد و بابلدا دابەش دەکرێ. (پیرنیا– ل٥٣).

مستەر هول دانەری مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن لە لاپەڕەی ٥١١ دا دەڵێ «ئاشوور بانیبال» پاشای گەورەی ئاشوور توانی خەڵکی وڵاتی «مانی» ملکەچ بکا، بەڵام نەیتوانی کوردە ئازاکان ببەزێنێ (پیرنیا– ل٤٩) لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتی ماد توانی بەئاسانی وڵاتی ئەرمینیا و کابو دو کیەش بخاتە ژێر ڕکێفییەوە بەوەشەوە ڕانەوەستا و پەلاماری دەوڵەتی «لیدی»یشی دا و شەڕ لە نێوانیاندا زۆرتر لە شەش ساڵی خایاند، لەو کاتەشدا هەتاو بە یەکجاری دەگیرێت، ئەو گیرانە دەبێتە هۆی

ئەوەی دەست لە شەڕ هەڵگرن و بە نیشانەی تووڕەبوونی خوای بزانن، شای «لیدی» کچەکەی کە ناوی «ئارتی ئاس» بووە لە ئازدیاکی کوڕی کواگسار پاشای ماد مارە دەکا. شای ماد ساڵی ٥٨٤ پ. ز دەمرێ و بوخت نەسریش ساڵی ٥٦١ پ. ز دەمرێ.

## کورد لە٥٥٠- تا سەردەمی ئیسلام

کەیخوسرەوی گەورە کە بکاتە «کۆرشی گەورە» لە ساڵی ٥٥٨ پ. ز بوو بە فەرمانڕەوای وڵاتی پارس کە بۆ خۆی بە کچەزای شای وڵاتی مادیش دەژمێردرا و بەئاسانی توانی وڵات و دەسەڵاتی عیلام بخاتە ژێر فەرمانییەوە، لەبەر بڵاوبوونەوەی زوڵم و زۆری دەربارییانی ماد و دەسەڵاتدارانی وابەستە بە دەربارەوە خەڵکە زۆرەکەی «ماد» لە دەوڵەت و شاکەیان گەلێك دڵگران و زویر و بەگومان بوون. (ئەزدیاك–ئیختویگو) شای ماد بە یەکجاری لە گەل و سوودی تێکڕای میللەتەوە دوور کەوتبوویەوە و ئەو دوورکەوتنە بوو بەهۆی لاوازبوونی هەستی ململانێ و شەڕەنگێزی. دوژمنانی دەوڵەتی ماد ئەو دووری و ساردییەی نێوان شا و میللەتیان قۆزایەوە و کەوتنە کەڵکەڵەی پەلاماردانی دەوڵەتی ماد. لەلایەکی تریشەوە چاوساقان و شازادەکانی دەوروبەری دەربار کەوتنە پێوەندیکردن لەگەڵ دوژمنانی ماد و شازادەی پارسدا کە کۆرش بێت.

کۆرش بە سوپا و سان و لەشکرێکی گەورەوە پەلاماری وڵاتی مادی دا و لە شەڕدا سەر نەکەوت و گەڕایەوە، بەڵام پێوەندیی سەرەك وەزیرانی شای ماد بە کۆرشەوە و هاندانی بۆ هێرشێکی تازەی تر وای کرد کۆرش دووبارە لەشکر پێك بهێنێ و پەلاماری ماد بدا و سەرئەنجام پایتەختی ماد «هنگمدان، ئەکباتان، هەمەدان» بگرێ و تەخت و بەختی باپیری (باوکی دایکی) لە ڕەگەزەوە هەڵکەنێ و خۆی ناو بنێ شای ماد و پارس. لەم مێژووە ناوی ئێران هاتووەتە کایەوە، هەتا وەکو کە جەژنی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی شاهەنشاهی ئاریامیهری کە لە شەستەکاندا گێڕا لە سەرەتای فەرمانڕەوایی کۆرشەوە ژمێراوە، واتا دەسەڵاتی ماد و شاکانی مادیان لەسەر خۆیان حەلیو نەکرد. ئەگەرچی تا سەد ساڵیش دوای نەمانی دەسەڵاتی «ماد» هەر مادیان لە جیاتی ئێران بەکار بردووە، هەتا وەکو شەڕەکانی نێوان ئێران و یۆنان بە شەڕەکانی ماد ناسراوە (پیرنیا–٥٨).

لە پێش داگیرکردنی پایتەختی ماد لەلایەن کۆرشەوە، بۆ خۆی کۆرش بە

ئەمیری پارس یان عیلام ناسراو بوو وەك هیرۆدۆت وتوویەتی، پیرنیاش لە لاپەڕەی ٦٠دا دەڵێ کە ئەمیری عیلام بووە. و ڕەنگە هەردوو بۆچوونەکە ڕاست بێت، چونکە پێش ئەوەی هەمەدان داگیر بکا وڵاتی عیلامی وەدەست هێنابوو.

کۆرشساڵی ٥٤٦ پ. ز وڵاتی «لیدی»شی داگیر کردووە، تا ساڵی ٥٤٥ پ. ز سەرتاسەری ئاسیای بچووکی داگیر کردووە وە لە تەواوی لەشکرکێشی و شەڕەکانیدا بەشی ڕاستی سوپاکەی لە کوردە مادەکان پێك هاتبوو، لە ساڵی ٥٣٨ پ. ز کۆرش هێرش دەباتە سەر بابل و نابونائیدی شای بابل دەستگیر دەکا، بابلیش دەخاتە ژێر فەرمانییەوە وردە وردە بەرەو فەڵەستین و فینیقیەش مل دەنا و ئەوانیش دەکاتە باجدەر و فەرمانبەرداری، لە ساڵی ٥٢٩ پ. ز کە ساڵی مرنی کۆرشە بۆ ماوەی دووسەد ساڵ وڵاتی ماد و گۆتی لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی هەخامەنشیدا دەبن واتا تا هێرشی ئەسکەندەری ماکادونی بۆ سەر ئێران. ساڵی ٤١٠ پ. ز کەیخوسرەو والی کیا دو کیا برای ئەردەشێری دووەم کە شای ئێران بووە سیازدە هەزار یۆنانی بەکرێ دەگرێ و بەرەو ئێران وەڕێ دەکەون تا تەختی شاهی لە براکەی وەربگرێ. بەرەو شاری بابل دادەکشێن و لە لای شاری ئەسکندەریا هەردوو لەشکر لووتیان دەتەقێتە یەکدا و شەڕێکی خوێناوی دەست پێ دەکا ئەگەرچی لەو شەڕەدا کەیخوسرەو سەر دەکەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ خۆی تیا دەکوژرێ و سەرکەوتن دەبێتە بەشی ئەردەشێر و پاشماوەی سوپای یۆنانی بە فەرماندەریی «گزنفون» بە ناوی وڵات و چیاکانی کوردستاندا دەگەڕێنەوە، لەلای شاری زاخۆ دا کوردان ڕێیان پێ دەگرن و کوشتارێکی زۆریان لێ دەکەن، بەوەشەوە ڕاناوەستن تا لای ترابزون بەدوایان دەکەون. ئەم گەڕانەوە بەناوبانگە بە (کشانەوەی دە هەزار چەکداری یۆنانی بە نێو وڵاتی کوردستاندا، کە لەلایەن حەسەن فەهمی جافەوە کراوەتە کوردی). گزنەفۆن لە کتاوەکەیدا کە گەڕانەوەکەیەتی دەڵێ:

«ئەم کاردۆشییانە هەرگیز فەرمانبەرداری شاکانی ئێران نەبوونە، هەتاوەکو یەکێك لە شاکانی ئێران بە سوپایەکی ١٢٠ هەزار کەسییەوە پەلاماریان دەدا و کوشتارێکی وای لێ دەکرێ بە پەلەقاژێ لە دەستیان ڕزگاری دەبێ و بەپێی

بیرورِای گزنفون (کاردوك) کە باپیرە گەورەکانی ئێمەی کورد بوونە هەرگیز لە ژێر فەرمانی ئەردەشێردا نەبوونە. بێگومان دوای لەناو ڕۆیشتنی دەوڵەتی هەخامەنیشی، ماد و پارس هەردوو کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ماکادۆنییەوە. دوای مردنی ئەسکەندەر لە شاری بابل، ئەو وڵاتە دەبێتە بەشی سلوکس کە یەکێك لە سەردارانی ئەسکەندەر بووە (٣٢٣ پ. ز) وە بۆ ماوەی سەد ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. لە سەرتای سەدەی دووەمی پێش زایندا بەشی باکوری کوردستان بەیارمەتیی مهردادی ئەشکانی دەکەوێتە ژێر فەرمانی دەوڵەتی ئەرمەنەوە و وردە وردە بەشەکانی تریشی داگیر دەکرێ.

ئیسترابۆن مێژوونووسی بەناوبانگ لەبارەی دەوڵەتی ئەرمەنی دەڵێ: کۆمەڵێ کورد زۆربەیان پیشەساز و هەندەسەزان بوونە و پاشای ئەرمەن «تیگران» هەردەم لەم رووانەوە سوودی لێ وەرگرتوون.

ساڵی ٣٦ پ. ز کوردستان کەوتە ژێر چنگی ئەنتوانی سەرداری ڕۆم و لە شەڕی «پارت/ئەشکانی– ڕۆم»دا سوپای ڕۆم فیریا و سوپای ئەشکانی سەرکەوت و گەلێك دەسکەوتی وە چنگ هێنا و فەرمانڕەوای مادی بچووك لەسەر دابەشکردنی دەسکەوت زویر دەبێ و لە ژێرەوە پێوەندی لەگەڵ مارك ئەنتوانی ڕۆمیدا دەکا و هانی شەڕێکی تری دەدا، وەك مارك ئەنتوان هێرش دەباتە سەر ئەرمەنستان کە بەشێك بووە لە فەرمانڕەوایی ئەشکانی، کاتێك فەرهادی چوارەم ئەم هەواڵەی پێ دەگا بەسوپایەکی گەورە و گرانەوە پەلاماری مادی بچووك و ئەرمەنستان دەدا و ڕۆمەکان ڕاو دەنێ و فەرمانڕەوای مادی بچووکیش بەدیل دەگرێ. یەك ساڵ بەر لە زاین فەرهادی پێنجەم پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆمدا دەبەستێ و لەو پەیمانەدا کوردستان و ئەرمەنستان دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمییەکانەوە.

ساڵی ١٦١ز پلاشی یەکەم ئەرمەنستان لە ڕۆمەکان وەردەگرێتەوە، بەڵام زۆر ناخایەنێ لەگەڵ سەرداری سوپای ڕۆمدا «کاسپوس» بەشەڕ دێ و ڕاو دەنرێ و دووبارە کوردستان و ئەرمێنیا دەکەونەوە ژێر دەستی ڕۆمەکانەوە.

ساڵی ٢٤٤ز سوپای کورد و پارس لەگەڵ سوپای ڕۆمدا بە سەرۆکایەتی شاکەیان (ڤالریان) بەشەڕ دێن و دەستگیری دەکەن.

ساڵی ۲۹۷ز نرسی حەوتەم لەگەڵ لەشکری ڕۆمدا دەکەوێتە شەڕەوە لە شەڕدا ڕاو دەنرێ و بەشێکی زۆری کوردستان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆماوە.

ساڵی ۳۳۸ز (تیرداد) فەرمانڕەوای ئەرمەنستان دەبێتە پەیڕەوی ئاینی مەسیحی و کوردە زەردەشتییەکان ئەمەیان بەلاوە گران دەبێ و لەم مێژووە بەم لاوە ئاینی مەسیحیەت لە کوردستانا شان بەشانی زەردەشتی دەکەوێتە ململانەوە.

ساڵی ٥٦٢ ز ئەنەوشێرەوانی عادیل بۆ داپلۆساندنی هۆزە تاڵانکەرەکانی حەزەر بەناو کوردستاندا گوزەر دەکا، کوردەکان باوەشی گەرمی میوانداریی بۆ دەکەنەوە.

ساڵی ٦٢٤ز سوپای کورد لەگەڵ لەشکری ئێرانا لەگەڵ هیراکلیوس «هیرەقل»ی قەیسەری ڕۆما دەکەونە شەڕەوە، بەرانبەر قەیسەر شەڕ دەدۆڕێنن و ڕاو دەنرێن. بۆ جاری دووەم قەیسەر لەشکر دێنێتە سەر ئێران و کوردستان دەکەوێتە ژێر سمی ئەسپی سوپاکەوە، زۆربەی زۆری شار و دێهاتی کوردستان دەسووتێنێ. (ئینسکلوپیدیای ئیسلامی- بەرگی دووەم، لاپەڕەی ۱۰۳٤)



ئاگردانێکی سەردەمی ساسانییەکان

ساڵی ٦٣٤– ٦٣٨– ٦٤٠ کە بکاتە ساڵی (١٦، ١٨، ٢١)ی کۆچەری دیسانەوە کوردستان دەبێتە هەوارگەی شەڕی نێوان ئێران و ئیسلام، ساڵی ٣٢٠ی کۆچەری دەوڵەتی دەیلەمییەکان «ئالی بووەیهی» لە شیراز و شاری بەغدادا پێك دێت و تا ساڵی ٤٦٦ك بەردەوام دەبێ.

ساڵی ٣٥٨ك دەوڵەتی ئیخشیدی لە شامدا دروست دەبێ و بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوام دەبێ.

ساڵی ٣٥٨ك دەوڵەتی شوانکارە لە ناوچەی فارسدا دروست دەبێ و نزیکەی دووسەد ساڵ درێژە دەخایەنێ.

ساڵی ٤٩٥ك دەسەڵاتی ئەتابەکەکانی کورد دەست پێ دەکا کە بریتی بوون لە پێنج دەوڵەت:

١– دەوڵەتی ئەرتەکیە.

٢– دەوڵەتی شاهـ ئەرمەن.

٣– دەوڵەتی زەنگی.

٤– دەوڵەتی ئەتابەکەکانی ئازربایجان

٥– دەوڵەتی ئەتابەکانی لوڕستان.

سەرەنجام دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەیووبی کە فەرمانڕەوای چەندین وڵات بوو سەرتاسەری کوردستان، سووریا، میسر، جەزائیر، ئەرمینیا، یەمەن.

ساڵی ٦٢١ك دەسەڵاتی بنەماڵەی (خورشید) لە لوڕی بچووك پێك هات و تا ساڵی ٦٩٣ك بەردەوام بوو.

جگە لەمانە میللەتی کورد ٤٦ ئیمارەتی جۆراوجۆریان هەبووە کە زۆربەیان هەوا و هەناسەی سەربەخۆیی تێدا دەبینرا.

## هۆزی کاسی

هەر کاتێك باسی لوڕستان بکرێ و مێژووی هەڵدرێتەوە باسی هۆزی (کاسی) نەکرێ ئەو باسە بە ناتەواو دادەنرێ. هۆزی کاسی لە نێوان هۆزەکانی ماد و ئیلامدا دەژیان کە بکاتە دەشتودەر و چیاکانی لوڕستانی ئێستا.

ئەم هۆزە لە ئالات و زیوەر دروستکردندا وردەکار و زەبردەست بوونە و بە ئازاترین و شەڕەنگێزترین هۆزەکانی چیای زاگرۆس ناسراون.

هۆزی کاسی هەموو کات لە چیادا ژیاون تا داگیرکردنی کوردستان و ئێران لەلایەن سوپای یۆنانەوە هۆزی کاسییان وەك ئەکەدییەکان دەڵێن (کاشی) هەر لە چیا و ناوچەکانی لوڕستاندا ژیاون. بە بیروڕای زانای ڕووس (دیاکونوڤ) کاسییەکان هۆزێکی ئاژێل بەخێوکەر بوونە و پێوەستە لە چیاکاندا ژیاون و خزمایەتییەکی پتەویان لەگەڵ هۆزە ئیلامییەکاندا هەبووە، بێگومان لە سێ هەزار ساڵ پێش زاینەوە هۆزی کاسی لە لوڕستانا بوونە و ژیاون  زۆر لەوە دەڕوا برا لوڕەکانمان نەتەوەی هەمان هۆزی کاسی بن کە ئەوانیش بۆ خۆیان خزم و خوێشاوەندی هۆز و تیرەکانی ماد و ئیلام بوونە.

لە دوو هەزار ساڵ پێش زایندا بەشێك لە هۆزی کاسی بەرەو دۆڵی سیروان «دیالە» دادەکشێنە خوارەوە و جارەوبار پەلاماری شار و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بابل دەدەن، وە لەبەر باوی ماڵیکردنی (ئەسپ) هێرش و کشانەوەکانیان گەلێك گورجوگۆڵ بووە. کۆنترین چاوگەیەك کە باسی هۆزی کاسی تێدا کرابێ لە پێش سەدەی بیست و چوارەمی پێش زاینە لە سەردەمی (پوزور ئانیشو شیناك)ە، بیر و باوەڕی هەندێك (کانداش) بە یەکەمین ئەمیر و دامەزرێنەری دەسەڵاتی کاسییەکان ناسراوە کە هاودەورانی سامسوئیلونی کوڕی حەمورابیی شای بابل بووە.

لە ساڵی نۆیەمی شایەتیی سامسوئیلونی (١٧٤١ پ. ز) شەڕێکی گەورە و خوێناوی لە نێوان سوپای کاسی و بابلدا ڕووی دا. لە پەرستگای «انلیل»ی بابلدا

نـیـزەیـەك دۆزراوەتـەوە نـاوی (کـانداش)ی لـەسەر بـووە ئـەمـە ئـەوە دەگـەیـەنـێ کـە کانداش لەو شار و پەرستگایەدا بووە. بەپێی پشکنینی «دیاکونوڤ» و لێکدانەوە و بەراوردی فەرمانڕەوایی کاسییەکان بەم جۆرە بووە (وەك لە کتاوی مێژووی مادا لاپەڕەی ١٦٥، ١٦٦دا هاتووە):

١– کانداش: ١٧٤١ تا ١٧٢٦پ. ز

٢– ئاگومی گەورە: ١٧٢٥ تا ١٧٠٤پ. ز

٣– کاشی تی لیاشی یەکەم: ١٧٠٤ تا ١٦٨٣پ. ز

٤– ئوشی: ١٦٨١ تا ١٦٧٤پ. ز

٥– ئابی ڕاتاش: لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمی پێش زایندا.

٦– ئورشی گوروماش: پایانی سەدەی حەڤدەم.

جگە لە کاسییەکان عیلامییەکانیش پێش ئەوان لە لوڕستان و خوزستاندا ژیاون. شووش، ماداکنو، خایدالو، بە گەورەترین شارەکانیان دەژمێردرێ. لەو سەردەمـەدا فـەرهـەنـگـی عـیـلامـیـیـەکـان لـە فـەرهـەنـگـی سۆمـەری و ئـەکـەدی دواکەوتووتر بووە. لە بارودۆخی مێژوویینەوە دەسەڵاتی عیلامییەکان دەکرێتە سێ بەش و سەردەمەوە:

– لە سەرەتاوە لەگەڵ سۆمەری ئەکادییەکاندا لە شەڕوشۆڕ و ململاندا بوون، سەرئەنجام زۆر لە وڵاتەکەیان داگیر دەکا.

– دەمی دووەمی عیلامییەکان ئەو کاتەیە کە لەگەڵ دەسەڵاتی بابلدا دەکەوێتە ململان و سەرئەنجام کاسییەکانی ئامۆزایان بابل داگیر دەکەن.

– دەمـی سێیـەم مـلـمـلانـێی دەسەڵاتـی ئـاشوور لـەگـەڵ عـیـلامـیـیـەکـانـدا وە لەناوچوونی دەسەڵاتی کاسییەکانی داگیرکەری بابل. دوای شەڕێکی خوێنین لە نێوان ئاشووری و کاسیدا و کشانەوەی ئاشووری بێ سەرکەوتن، دووبارە هێرشی سوپـای ئـاشووری و داگـیـرکـردنـی شاری شووش لـەلایـەن ئـاشوورییـەکـانـەوە و کشانەوەی کاسییەکان بۆ ناو چیاکانی لوڕستان.. وە نیشتەجێبوونی دەسەڵاتی کاسی لە شاری «ماداکتو» و لەبەر بەفر و بارانی زۆر و ناچاری کشانەوەی

سوپای ئاشووری، سوپای کاسی دژ بە شاکەیان ڕاپەڕین و کوودەتایان دەست پێ کرد و سەر ئەنجام لەبەر بێ ئورزەکی و بوودەڵەیی کوشتیان.

ئیحسان نووری دەڵێ: دەسەڵاتی کاسییەکان بەبۆنەی کدور ناخونتاوە لەناو دەڕوا و بەدوای ئەودا شیلهاك ئەنیشو شیناك جێی دەگرێتەوە. هەروەها دەڵێ نێوی شیلهاك وردە وردە بووە بە زوهاك کە هەمان زوحاکی ئەفسانەییە. زۆر لە زانایانی مێژوو پێیان وایە هۆزی لوڕ نەتەوەی رزگاربووانی دوو ماری سەر شانی زوحاکن، سەرئەنجام بە سەرۆکایەتی کاوەی ئاسنگەر ڕاپەڕینیان دەست پێ کردووە. دوای ئەوەی شەڕێکی خوێناوی ناوەخۆیی لەناو کاسییەکاندا ڕوو دەدات و زۆر لـە نـاسراوان و سەردارانـی تـێدا دەکـوژرێ ئـاشووریـیـەکـان ئـەو بـگـرەوبـەردە نـاوەخـۆیـە بـە هـەل دەزانـن و هـەڵدەکـوتـنـە سەر وڵاتـی کـاسی و شارەکانیان داگیر و تاڵان دەکەن و هەرچی پیشە و پەڵای گۆڕی شاکانیان هەیە لە گۆڕ وەدەر دێنن و دەینێرن بۆ شاری نەینەوا.

ئاشوور بانیبال لە یەکێك لە تاتە گڵینەکانیدا دەڵێ:

«شاری شووش و ماداکتو و شارەکانی تری وڵاتی عیلامم سەرتاسەر خاپوور کرد، ئەو وڵاتەم لە بەخاوەنبوونی ئاژیڵ و نەوای مۆسیقا بێ بەش کرد و کردمە جێگە و شوێنی مار و موور و دڕندەکان».

وڵاتی عیلام کە لوڕستان بەشێکی بووە لە پێش عیلامییەکانیشدا بەدەست گوتییەکانەوە بووە (٣٥٠٠پ. ز) ئاننا توم بە یەکەمین شایان ناسراوە.

مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ:

«هۆزی گۆتی لە چیاکانی لوڕستاندا دەژیان وردە وردە توانا و دەسەڵاتیان لە دەست دەدەن و هۆزی کاسی کە لەوان هوشیارتر و کارامەتر بوونە جێگەیان دەگرنەوە. کاسی یان کاسیت یان کاشی کە وەك لافاو لە هێرشدا بوون لە وڵات و ناوچەکانی قەفقاسیاوە کۆچیان کردووە و لە سەرەتاوە لە ناوچەی (ئالتش)ی نزیکی دەریای خەزەر (مازەندەران)دا دەگیرسێنەوە و سەرئەنجام دەکشێنە نێو چیاکانی زاگرۆسەوە، وە لەبەرئەوەی توانای داگیرکردنی دەوڵەتی عیلامیان لە

خۆدا نەدەدی چاوی تەماحیان بڕییە بابل، دوای شەڕوشۆڕ و بیگرەوبەردەیەکی دوور و درێژ کە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ درێژەی کێشاوە سەر ئەنجام «بابل» داگیر دەکەن و دەسەڵات دەگرن بە دەستەوە دەوڵەتی کاسی دادەمەزرێنن (١٧٦١–١١٨٥پ، ز) واتا نزیکەی شەششەد ساڵ حوکمڕانی دەکەن، شەش شا لەو شارەدا شەهریاری دەکەن.. بەناوبانگترینیان (ئاگۆم کاکەریم) بووە. هەتا وەکو لە دەسەڵاتی مادەکانیشدا هەر بوون و توانایان هەبووە، کاتێك سوپای هاخەمەنشییان لەناو وڵاتەکەیاندا بگوزەرابا دەبوا خاوەی پێ بدەن ئەگەر نا بێ شەڕ و خوێن ڕزگارییان نەدەبوو.

ئەسکەندەری ماکەدونی کاتێك هێرشی هێنایە سەر کوردستان و ئێران زانی کە هۆزی کاسی بێ شەڕ و زۆر دانامرکێن جا پەلاماری ناوچەکانیانی دا و دوای چل ڕۆژ شەڕ سەرئەنجام ملکەچی کردن. دوای مردنی ئەسکەندەر دووبارە ئازادیی خۆیان بە دەست هێنایەوە.

پرد و ئاسەواری زۆر و فراوان لە ناوچەی لوڕستاندا نیشانەی گرینگیی لوڕستانە بە درێژاییی مێژوو و لە بیر و تێفکرینی دەسەڵاتدارانی ڕابردووا..لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا فەرمانڕەوایەك لەلایەن شای ساسانییەوە هەڵدەبژێردرا و دەنێردرا بۆ وڵاتی لوڕستان. تا سەردەمی دوای شەڕی قادسییە لە نێوان سوپای ئیسلام و ئێراندا فەرمانڕەواییی لوڕستان بەدەست بنەماڵەی (فەیرووزان)ەوە بووە کە لەلایەن دەرباری ساسانییەوە هەڵبژێراو بووە. بەپێی بەڵگە مێژووینەکان دارایی و دەسەڵات هەموو کات فەرهەنگی پێك هێناوە و سەرئەنجام مەرجی ژیانی پڕ لە ئاسایش و ڕابواردن و زەرافەتکاری و جوانپەرستی و هەمان خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندییش سەرئەنجام پایە و بنەڕەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی لە بن کەندووە و بووەتە هۆی تیاچوون.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کاسییەکان بە کۆنترین دەسەڵات دەژمێردرێن لە وڵاتی لوڕستاندا تا لەناوچوونی دەوڵەتی هەخامەنشییەکانیش هەر بوونە و خاوەن فەرامینی خۆیان بوونە و هونەر و چۆنیەتیی دەسەڵات و ژیانی (کاسی)بە باشی و بەوردی لە دەسەڵاتی ماد و هەخامەنشیدا وەدەر دەکەوێ.

## چۆنیەتیی پێکهاتنی دەوڵەتی ماد

لەم ڕووەوە زۆر لە مێژوونووسان جیاواز تێ دەفکرن، بڕێکیان پێیان وایە کەوا کەیقوباد دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد بووە.. «کەیقوباد– ئارباس». بڕێکی تر لایان وایە کە (کواکسار، کواکشاتار، خواخشتر) دامەزرێنەرە. کۆمەڵێکی تریان لە باوەڕێکدان کە (دخو، دیاخو، دیاکۆ)یە. بڕێکی تریان ناوی (توس، تیوس، دیۆکس)یان هێناوە. جا هەرچی و هەر کامیان بێ گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی ماد لە سەدەی بیست و یەکەمی پێش زایندا هەبووە لەگەڵ دوژمنانیدا لە ململاندا بووە.

زۆربەی چاوگە مێژووینەکان (میللەتە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان– مێژووی هەورامان– جاماسنامە) و مێژووی کورد و ئاشوور و یۆنان تەواوی ئەو چاوگانە دانیان بەوەدا ناوە کە (نینە) شای ئاشوور کلدە هێرشی بردووەتە سەر دەوڵەتی ماد و شای مادی دەستگیر کردووە و هەڵی واسیوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەت و دەسەڵاتی ماد لە پێش فەرمانڕەوایی (توس) و (کواکسار) و (دەخو) و (کەیقوباد)یشا هەر هەبووە و سەربەخۆیی خۆیشی پاراستووە. گومان ناهێڵێتەوە کە دەوڵەتی ماد لە پێش سەدەی ٢١ی پێش زایندا هەبووە و هاوشەڕ و ململانکەر و مەیدانداری شەڕ بووە لەگەڵ دەسەڵاتی ئاشوور و کلدەدا، بەڵام جارێك ئەوەمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە لە چ کاتێکدا و بە فەرمانڕەوایی چ ناودارێکی ماد ئەو دەسەڵاتە پێك هاتووە، ئەگەر بەوردی و ڕیزەکارییەوە مێژووی سەردەمی (سەرجون) بپشکنین و هەڵدەینەوە بە جوانی دەردەکەوێ ماد و وڵاتی ماد و دەسەڵاتی ماد هەبووە و ناویشی زۆر دێتە بەرچاو و ئەم بوونە بۆمان دەردەخا کە ماد لە پێش دەسەڵاتی سەرجوندا واتا سەدەی ٢٨پ. ز لە مادستاندا ژیاون. ئەو ناوانە دەتوانرێ بە دووبارە پایەگوزار و دەسەڵاتداری ماد بناسرێن نەك بە یەکەمین دامەزرێنەر و بونیانگوزار.

توس یان توسە کە یۆنانییەکان بە (دیوکس) ناوی دەبەن لە سەردەمی



پاشماوەی پردی گاومیشان

دەسەڵاتی (تیگلات نین) شای ئاشوور ١٢٢٨پ. ز فەرمانڕەوای ناوچەی بەڵخ و بە ئەمیری بڕێك لە هۆزەکانی ماد ناسراوە و ناوچەکانی تری ماد باجدەر و فەرمانبەرداری دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بوونە، نەك هەر ئەوان بگرە عیلام و کوردەکانی زاگرۆس و ئاراراتیش هەر هەمووان لە ژێر فەرمانی ئاشوورییەکاندا بەشەڕ هاتووە و شەڕەکەی دۆڕاندووە و دەستگیر کراوە و دوور خراوەتەوە بۆ شام و سووریا، ناکرێ ئەو بە دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد بناسین.

دەمینێتەوە سەر (کواکسار و کەیقوباد) کە یەکێك لەم دووانە دەبێ بە دامەزرێنەری تازەی دەوڵەتی ماد بناسین ئەگەرچی کواکسار و نابو بولاسەر پێکەوە بە لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشوور دەناسرێن، ناگونجێت کە بەکتوپڕی ئەم دەوڵەتی ئاشوورە لەناو برِوا و هەر بەو تیژییە دەوڵەتی ماد دووبارە دروست بێتەوە ئەگەر لە پێشدا بۆ خۆی دەسەڵات و سوپا و سان و لەشکری زۆر و مەزنی نەبووبێ، هەڵکوتانە سەر پایتەختی دەسەڵاتێکی وەك ئاشوور ئاسان نەبووە، زۆر بەڵگەی مێژوویی هەیە کە لە پێش کواکساردا (کیومەرت)ی باوکی دەسەڵات و لەشکر و وڵاتی بە دەستەوە بووە.

لەوەدا گومان نامێنێ کە کەیقوباد یەکێکە لە دووبارە دامەزرێنەرەکانی

دەسەڵاتی ماد.

مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی (ئیکتز یاس) ناوی فەرمانڕەوایانی مادی بەم شێوە هێناوە:

١– ئاریاس– کەیقوباد ٢– ئاستی باراس ٣– هشتی بورش ٤– ماندوشی ٥– منجیك ٦– سوسارمس ٧– ئسپادا ٨– ئارتیکا ٩– ئەشکەپوش ١٠– ئاربیان ١١– ئارمیس ١٢– ئارتوس ١٣– پارسوند ١٤– ئارتینی ١٥– ئارژەنگ.

## ئاو و هەوای لوڕستان

لوڕستان هێندە پانوپۆڕ و بەربڵاوە وڵاتێکە بۆ خۆی بەتەواوی مەرجی زیندەگانی بە جوانییەکانیەوە: بەچیای بەرز و سەر بەئاسمان کێشاوییەوە، بە باران و بەفر و دۆڵ و دەوەن و چاوگە و تاڤگە و زۆمییەوە، بە دار و درەخت و میوە و گوڵ و گوڵزاری دەشت و نزاری ناوچە جۆراوجۆرەکانییەوە.. پڕە لە هاوینە هەوار، پڕە لە مایەی ژیان، پڕە لە خێر و بەرەکەت و کان. دوژمنانی میللەتی کورد زیرەکانە هەنگاویان ناوە و بەوردی لێکیان داوەتەوە و بۆی کۆشاون هەزاران داویان ناوەتەوە، هەزاران گۆبەند و تەشقەڵەیان گێڕاوە، هەزاران بەزموڕەزمیان سازاندووە تا لە کوردستانی دابپچڕن. تا لە دامێنە خوێناوییەکەی میللەتەکەمان دابڕن. سەدان ساڵ بە زەبر و زورەوە کۆشاون (لوڕ) لە کورد جویێ بکەنەوە– دوای پێکهاتنی دەسەڵاتی خوێنخوار و داپڵۆسێنەری سەفەوی و هێزی قزڵباشی چەپاوکەری یا فەرامین و هێرشی سوپا و سەلاتینی لە خوا بێ خەبەری ئەو حەلانە.

ئەوەی دەسەڵاتی سەفەوی لەبارەی کوردستان و میللەتی کوردی کردووە لە مێژووی میللەتەکەماندا لە قووڵاییی مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ نەبینراوە، جگە لە داگیرکردن و کوشتن و بڕین و شمشێر لە گەردن، وڵاتی کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانێکی بەربڵاوی هێرشی خوێناوی هەمیشەگی. کشتوکاڵ، وشك و کاڵ لە ژێر سمی قزڵباش و یەنگی چەریی عوسمانیدا پڵیشاوەتەوە. دێ وێران، مەڕوماڵات تاڵان، دووکەڵ و گڕی ئاگر لە هەرچوار لای کوردستانەوە بای زوڵم و زۆرداری دەگەیاندە کەپووی زۆردارانی بە خوێن تینوو شکاوی دوور و نزیك، لەولاشەوە ئاخوندگەلی تەڵەکەباز و دەخەڵ و دز و درۆزنیان هاوڕای تیژیی شمشێر خستبووە نێو کوردە بێ دەسەڵاتەکەوە بەتایبەت لە کوردستانی ئێرانا: موکریان و کرماشان و لوڕستان و بەختیاری (یا پەیڕەویکردن یان مردن) بەم جۆرە توانییان لوڕستان و کرماشان و زۆر لە ناوچەکانی تری کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفیانەوە و ئەوەی ویستوویانە بیسەلمێنن.

چـوارسەد ساڵ دوورخستـنـەوە لـە فـەرهـەنگ و خـوێندەواری و ڕۆشنـبـیری، چوارسەد ساڵ لە دوورخستنەوە لە باوەشی تێکڕای میللەتی کورد و بەشەکانی تـری کـوردستـان، چـوارسەد ساڵ تـەقـەلا بـۆ پـتـەوکردنی دەمـارگرژی ئـاینـی و شیعەگەری، چوارسەد ساڵ خنکاندنی هەستی نەتەوەیی و پێوەند. سەیر لەوەدایە دەسەڵاتەکانی دوای سەفەویش هەمان ڕەوشت و شێوەیان بەکار بردووە. پێوەستە کـۆشاون بـە لـوڕەکـانـی بسەلمێنـن کـە (لـوڕ.. لـوڕە) لـەبـەر هـەژاری و نـیـاز و نەخوێندەواری دژوارییەکی ئەوتۆیان وەپێش نەهاتووە. جارەوبار نەبێ تیرەیەك بێ بەرنامە و بێ بیر لێکردنەوە دەستەپاچانە دژ بە زوڵم و زۆری داگیرکەران دەستـی داوەتـە چـەك و شەڕی سەرومـاڵـی کـردووە، سەرەنجامـیش بـە فـێڵـوفڕ و نامەردانە لە ناویان بردوون.

لوڕستان بەهەشتێکی ڕازاوەیە، بەهارەکەی سحر ئامێزە، زستانەکەی سپیپۆشە، هاوینەکەی پڕە لە هاوینەهەواری خوادایی وەحشی و سروشتی. جوگرافیازانان و وڵاتی لوڕستانیان کردووەتە چەندین بەشەوە:

١– ناوچە کەژاوییەکان: پڕ لە چیای بڵند لە ٢٠٠٠م تا٥٠٠٠م بەرزی، زۆربەی ڕۆژانی ساڵ بەفریان لێ ناڕەوێتەوە، لە زستاندا بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ، هـاویـنـان بـە کوێستـان و هـاوینـەهـەوار نـاودەبرێ. بـارانـی وەرزی فراوان، چیاکان بە تارای سەوزی سروشتی داپۆشراون.

٢– دۆڵ و دەشت و دەربـەنـد لـە لـوڕستـانـدا فـراوانـە، دەشتـەکـانـی بـەتـایـبـەت ناوچەکانی خوارەوەی لە هاویندا گەرم و وشك و پڕ هاڵاون. بەرزیی چیای «ئیشتەران» بەری بای باکوری گرتووە، هەتاوەکو لە زستانیشدا هەست بە بای باکور ناکرێ. دوای توانەوەی بەفری سەر چیاکان گەرما بەتوندوتیژی خێرا دەست پێ دەکا، گوڵ و گوڵزار و دەشتودەر دادەپۆشێ، لەبەر نەبوونیی بای باکور گوڵ و گوڵزار خێرا پەژموردە دەبن و هەوای گەرمی هاوین جگە لە بـڵـنـدیـی چـیـاکـان نـەبـێ هـەمـوو جـێیـەك دەگـرێتـەوە، لـە مـانگ و نـیوێکدا نیشانەیەك لە بەهار نابینرێ.

٣– ناوچە دارستانییەکان: کەوتوونەتە چیا و دەربەند و دۆڵ و لاپاڵی ناوچەی

سیـمـرەوە، لـەبـەر زۆریـی دار و درەخت و چـڕی جـەنـگـەڵ لـە هـاویـنـدا ئـاو و هـەوایەکی دڵگیر و سازگاریان هـەیە.

٤- نـاوچـەی گـەرمـیـان: لـە زسـتـانـدا دەبـێـتـە هـەوارگـەی زۆربـەی زۆری خـێڵـە کۆچەرەکانی لوڕستان. هـەواشی گەرم و وشکە.

نـووسـەری کـتـاوی «تحفـة العـالم» کـە دوای مـردنـی کـەریـم خـانـی زەنـد، لـە سەردەمی سمایل خانی والیی لوڕستاندا ڕێی بە لوڕستان کەوتووە دەڵێ:

«وڵاتێکی ئاوەدانە. ئاو و هـەوایەکی سەفا بەخشی هـەیە، دێهات و شار و شارۆچکەی فراوانی تێدایە. شازدە ڕۆژە ڕێ پانی و بەربڵاوییەتی. لە بەهاردا سەرتاسەری بە گوڵ و گوڵزار دادەپۆشرێ.»

ئیبن حەوقەل لە کتێبی (مسالك الممالك)دا دەڵێ:

«ئاو و هـەوای گەرمە، پڕ لە میوەی جۆراوجۆر و دارخورمایە، ئاو و کانیاوی زۆر تێدایە.»

(مسعود میرزا ظل السلطان) دەڵێ:

«وڵاتێکی جوان و دڵگیرە و شکارگای فراوانی تێدایە.»

سەیر لەوەدایە چەند مێژوونووسێك باسی دارخورما دەکا کە لە خوڕەم ئابادی لوڕستاندا وەدیی کردووە. من نازانم ئەو چاوگانە لە یەك چاوگە وەریان گرتووە یـان بـۆ خـۆیـان درەخـتـی خـورمـایـان لـە لـوڕسـتـانـدا دیـوە..؟ ئـەوەی ئـاشـکـرایـە لـە سەرتاسەری لوڕستاندا بە بەشی گەرمیانەکەشییەوە بۆ نموونە دارخورمایەك وەدی ناکرێ، کەسێکی تریش وەبیری نایەتەوە کە لە لوڕستاندا داری خورما هـەبووبێ.

## ڕووبارەکانی لوڕستان

بە تێکڕا لوڕستان وڵاتێکی چیایی و ئاو و هەوا خۆشە و پڕە لە لێلاخ و قشلاخی جۆراوجۆر، جگە لە بەشی خوارەوەی کە لە دامێنی چیا سەر بە ئاسمان کشاوەکانییەوە دەست پێ دەکات تا بەرەو خوارتر بڕوات ئاو و هەوای دەگۆڕێ و گەرمیانێکی وشك و برنگ لە هەڵاو و هەناسەی هەست پێ دەکرێ.

لوڕستان بریتییە لە چەندین زنجیرەی چیای پێکەوە پێوەنددراو. کانیاوی جۆراوجۆر، بارانی فراوان، بەفر لەسەر ترۆپکی هەندێك لە چیاکان بە درێژایی ساڵ ناڕەوێتەوە. سەیر لەوەدایە چوار دەوری لوڕستان بە گەرمیان دەژمێردرێ و لە هاویندا پلەی گەرما لە چوار تەنیشتی لوڕستاندا دەگاتە چل.. جارەوبار زۆرتریش، کانیی جۆراوجۆر لە چیاکانی هەڵدەقوڵێ و دەبنە جۆگەڵە و دەبنە ڕووباری گەورە و بچووك. زۆربەی زۆری ڕووبارەکانی لوڕستان هەر لە چیاکانی خۆیدا پێك هاتوون. گرینگترین ڕووبارەکانی لوڕستان ئەمانەی خوارەوەن:

**١- ڕووباری دز:**

ئەم ڕووبارە بە سنووری نێوان لوڕ و بەختیاری دادەنرێ، با وەك هەردووکیان یەك میللەتن و تەواوی چاوگە مێژوویینەکان دانیان بەکوردبوونیاندا ناوە، بەڵام دوژمنانی میللەتی کورد سنووریان هەتاوەکو لە نێوان لوڕ و بەختیاریشدا داناوە تا هێز و توانای ململانیان بێ هێز و بێ دەسەڵاتتر بکات.

پەڵێك لەو ڕووبارە لە چیاکانی بەختیارییەوە دادەکشێ و لە نزیك (دوو ڕوود)ەوە دەڕژێتە نێو ڕووباری (دز)ەوە.

پەلی (دەم دەم) کە نزیك دێی (مازو) دەست پێ دەکا ئەویش دەڕژێتە ڕووباری دزەوە.

لە تەنگەبەرێکی خوارەوەی چیاکانی لوڕستاندا بەسەر ڕووباری دزەوە ئاوبەستێکی گەورەیان دروست کردووە بەناوی (ئاوبەستی دز) کە بە ناوی ئاوبەستی محەمەد ڕەزا شاه بەناوبانگ بوو ئێستا چ ناوێکی لێ نراوە..؟ خۆ نازانم.

**٢- ڕووباری کەشکان یان (کشکۆ):**

سەرچاوەکەی بە ناوی گۆمە سەوز ناو دەبرێ. ئەم ڕووبارە بە ناوچەکانی ئەلیشتەر و چەقڵەوەنددا دەگوزەرێ، لە ناوچەی ئەلیشتەردا ناوێکی تری لێ دەبەن بەناوی ڕووباری (کاکە ڕەزا) دەناسرێ و چەندین ڕووباری گچکە و گەورەی تێ دەڕژێ. گەورەکانیان ناسراون بە ڕووباری ئەلیشتەر تیزاو. ڕووباری خوڕەم ئاباديش لە دەربەندێکدا بەناوی (تەنگ تیر) دەڕژێتە کەشکان.. هەروەها ڕووباری غەزالیش لە نزیکی دێی ئافەریندا تاڤگەیەکی ٢٠ مەتری پێك دێنێ، دیمەنەکەی پڕە لە جوانی و زەرافەت. لە ناوچەی (خوارەزم) ڕووباری کشکۆ تێکەڵی ڕووباری سیمرە دەبێ و تەنیا سیمرەی پێ دەڵێن.

**٣- ڕووباری سیمرە:**

ئەم ڕووبارە گەورەترین ڕووباری لوڕستانە و لە هەمان کاتدا بە گەورەترین ڕووباری ڕۆژاوای ئێران لە قەڵەم دەدرێ سەرچاوەکەی لە ناوچەی (گری)یەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو شاری نەهاوەند دەڕوا. زۆربەی ئاوی ڕووباری سیمرە لە گاماسپەوە دێت. وشەی گاماساپ بە لەهجەی لوڕی (گا) هەر گایە و (ماساب) بە زمانی سانسکریتی واتا ماسی کە هەردوو وتەکە بە یەکەوە دەبنە (گاماسی).

لە خوارەوەی شاری کرماشانەوە ڕووباری (قەرەسو) کە لە چیاکانی بێستوونەوە سەرچاوەکانی پێك هاتووە، دەڕژێتە سیمرەوە. هەرچی ڕووباری بچکۆلە و کانیاوی ناوچەی ئیلام هەیە هەر هەموویان دەڕژێنە ڕووباری سیمرەوە، کاتێکیش دەگاتە دۆڵ و دەربەندی چیاکانی (مانشێت) ڕووباری (کۆلم)یشی تێ دەڕژێ و بەرەو وڵاتی خوزستان دادەکشێت و لەوێڕا بە ناوی ڕووباری (کەرخە) ناو دەبرێ.

## چیاکانی لوڕستان

**١- چیاکانی باشوور:**

**أ- چیای کەوەر Kavar:**

کە زۆرتر بە کەبیرکۆ بە ناوبانگترە درێژی ١٢٠کیلۆمەتر دەبێ، لە هەندێك جێدا پانتاییەکەی دەگاتە ٢٠ کیلۆمەتر. لە باشووری ڕۆژاوای لوڕستانەوە دەست پێ دەکات و دادەکشێ بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات، پڕە لە دۆڵ و دەربەندی دابڕاوی بەرز و بوڵەندی هەزار بەهەزار، بەرزترین لووتکەکەی ٣٠٠٠مەترە وەك دیوارێکی هەرە بەرز چووە بە ئاسماندا و وڵاتی لوڕستانی کردووەتە دوو بەشەوە: پێش کۆهـ، پاش کۆهـ. هەندێك لووتکە بە درێژاییی ساڵ بەفری لێ ناڕوێتەوە، پڕە لە کانی و چاوگە لەبەر دابڕاوی و قووڵیی دۆڵەکانی سوودێکی ئەوتۆی بۆ کشتوکاڵ لێ وەرناگیرێ. لە زۆر جێ و شوێنی چیای کەوەردا ئاسەواری کۆن کۆن وەدی دەکرێ. دارستانێکی پڕ و چڕ زۆربەی چیاکانی داپۆشیوە بە داری بەڕوو، بستە، بادەم، مازوو، قەزوان و زۆر جۆری تر.

(وێنە هەیە ل٥٥)

قەڵای چوپینە

**ب- زنجیرە چیای دالیچ Dalich:**

هەندێ لە جوگرافیانووسەکان بە چیای دەهلیز ناوی دەبەن.

**ج- چیای کیالو:**

درێژاییی ٧٨ کیلۆمەترە بە پانتاییی١٠ کیلۆمەتر لە نزیکی ڕووباری کەشکانەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ڕۆژهەڵات دادەکشێ تا دەگاتە ڕووباری «زاڵ» تا کەناری ڕووباری سیمرەش دەڕوا. دەربەندی (فەنی) لەم زنجیرە چیایە دایە.

د- چیای مله Mala:

ڕاستەوخۆ لە بێستوونەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ڕووباری کاروون، چیاکانی (ئستـرانـکـو) بـە پـێوەنـدیـی چـیـای مـلـە دەنـاسرێ، درێژاییـیـەکـەی زۆرتـر لـە ١٨٠کیلۆمەترە، بەرزترین لووتکەکانی بەناوبانگە بە لووتکەی (چل مێردمندالّ).. دەڵـێن دوای شەڕی جـەلـەولا لـە نـێوان سوپـای ئـیسلام و کـۆمـەڵـەی لـەشکری ساسانییەکاندا و تێکشکانی دووبارەی ساسانییەکان، چل مێردمندالّ دەکەونە ڕێ و دەیانەوێ خۆیان بگەیەننە لوڕستان بەسەر ئەو چیایەوە تووشی لەشکرێکی ئیسلام دەبن و هەموویان دەکوژن.. گۆڕەکانیان بەلای یەکەوەیە و تا بە ئەمڕۆ ماون. ئەو لووتکەیە یەکێکە لە بەرزترین چیاکانی لوڕستان، بڵندیی دەگاتە ٤٥٠٠م. لە گەرمیان و کوێستانی تیرەکانی لوڕستاندا ئەم چیایە بە هەوارگەی تیرەی حەسنەوەند و یوسفوەند ناسراوە. ڕووباری ئەلیشتەر و دڵقان لە دۆڵ و کانیاوی ئەم چیایە پێك دێن.

هـ- چیای پینە Pina:

بە لەهجەی لوڕی پینە واتا «پونگە». بەرزی ئەم چیایە لە بەرزی چل مێردمندالّ کەمترە.

٢- زنجیرە چیاکانی ناوەندی:

أ- سفیدکۆ، کەژە سپی:

لە خوڕەم ئابادەوە دەست پێ دەکات بەرەو باکوری ڕۆژاوا مل دەنێ. درێژاییەکەی دەوروبەری ٥٦ کیلۆمەترە، دەربەندی «گاو شمار»ی بەناوبانگ لەم زنجیرە چیایە دایە.

ب- چیای مەپل Mapel:

لە ڕۆژاوای چکنییەوە دەست پێ دەکا بەرەو باشووری ڕۆژاوا داکشاوە.

ج- چیای وەراز Varaz.

د- **چیای هەمیان** Hamyan.

### ٣- زنجیرە چیای ڕۆژهەڵاتی ناوەندی:

**أ- چیای یامتە:**

لە نزیکی شاری خوڕەم ئابادەوەیە، تروپکەکەی شکڵ و شێوەیەکی سەیر و دیدەنی هەیە و زۆر ئەفسانەیان پێوە هەڵبەستووە.

**ب- کەژی هەشتا بەهلو:**

هەشتا لاپاڵ لە باشووری شاری خوڕەم ئابادەوە دەست پێ دەکا بەرەو ڕووباری (دز) دەڕوا دامێنی خوارەوەی بە داد ئاباد ناو دەبرێ.

**ج- چیای چوونی** Choweini:

گەلێك ڕەقەڵان و سەخت و دژوارە.

**د- چیای تاف:**

بەرزترین لووتکەی بە کۆکەلا Kokela مەشهوورە.

## ڕێگە مێژووییەکانی نێو لوڕستان

لە بارودۆخی سەربازیگەری و هێرش و بەزموڕەزمەوە وڵاتی لوڕستان بەلای میللەتە کۆنەکانەوە بە وڵاتێکی ستراتیجی و گرینگ دراوە لە قەڵەم. بۆ خۆی پردێکە لە نێوان ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا هەر لەشکر و سوپا و فەرماندەرێك ناوچەی لوڕستان و ڕێگە و بانەکانی و چیا و دۆڵ و دەربەندەکانی لوڕستانی بە دەستەوە بووبێ توانای سەربازی چەندین بەرانبەر بووە و تیژ و تینی هێرشەکانی زۆرتر بووە. بۆیە زۆربەی زۆری دەسەڵاتدارانی مێژوو کۆشاون لوڕستان وەچنگ بهێنن.

چەند ڕێگەیەکی ستراتیجی بە لوڕستاندا دەگوزەرێ تا بە ئەمڕۆوە لەو سەردەمەش گرینگی خۆی لە دەست نەداوە. هێشتا پردی جۆراوجۆری گەورە و بچووکی سەردەمی ساسانییەکان تاق و گوڵتەکانی ماونەتەوە، ئەگەرچی بەدوای ئەواندا دووبارەسازی کراونەتەوە، بەڵام درێژیی زمان و بە سەرنەکردنەوەیان وەك ئاسەوارێك سەیر دەکرێن و سوودیان لێ وەرناگیرێ.

جوگرافیاناسانی ئیسلام باسی بازێك لەو ڕێگەوبانە گرینگانە دەکەن، لەمانە وەکو ئیستەخری و ئیبن حەوقەل شاری هەمەدانیان کردووەتە نیشانە و لەوێڕا بە فەرسەق بە ڕێگە و بانەکاندا دەڕۆن و دەپێوێن. ئەمانەش:

### ١- ڕێگەی باکور بەرەو باشوور:

ئیستەخری لە کتاوی مسالك و ممالك دا لە لاپەڕە **١٦٣**دا دووریی شارەکانی (بلاد الجبل) کە عەرەبەکان بە لوڕستانیان وتووە لەبارەی دووریی نێوان هەمەدان و خوزستان دەڵێ:

لە هەمەدانەوە تا ڕودئاوەر حەوت فەرسەخە، لە ڕود ئاوەرەوە تا نەهاوەند نۆ فەرسەخە، لە نەهاوەندەوە تا لاشتەر دە فەرسەخە، لە لاشتەرەوە تا شاپورخواست دوازدە فەرسەخە، لە شاپورخواستەوە تا (لوڕ) سی فەرسەخە و هیچ ئاوەدانییەکی تێدا وەدی ناکرێ. لە لوڕەوە تا ئەندیشك دوو فەرسەخە و لەوێڕا تا جوندی شاپوور

دوو فەرسەخە.

ئیبن حەوقەلیش دەڵێ:

لە هەمەدانەوە تا ڕودئاوەر حەوت فەرسەخە، لە ڕودئاوەرەوە تا نەهاوەند حەوت فەرسەخە، لە نەهاوەندەوە تا لاشتەر یا ئالیشتەر دە فەرسەخە، لە لاشتەرەوە تا شاپورخواست دوازدە فەرسەخە، لەوێرا تا لوڕ سێ فەرسەخە، لە نێوان شاپورخواست و لوڕدا هیچ جۆرە ئاوەدانییەك بەرچاو ناكەوێ، لە لوڕەوە تا شاری ئەندیشك دوو فەرسەخە و لەوێرا تا جوندی شاپور دوو فەرسەخە.

ئەمەو ئەو ڕێیانەی وا ئیستەخری و ئیبن حەوقەل باسی دەكەن بە ناوجەرگەی چیاكانی لوڕستاندا دەگوزەرێت.

لە نەهاوەندەوە ڕێگەیەكی تر دەست پێ دەكا بەرەو گاماساب لە چل مێردمنداڵەوە دەبێتە دووڕێیان، یەكێكیان بەرەو دلفان دەڕوات، ئەوی تریش دوای ئەوەی بە دەربەندی (دەرەئاش)دا تێ دەپەڕێ و دەگاتە دەشتی ئەلیشتەر، ئەم ڕێگەیە بەسەر ڕووباری كشكاندا دەگوزەرێ كە بۆ خۆی لە دەوری دەسەڵاتی ساسانیدا لە ناوچەی كاكە ڕەزادا پردێكیان بەسەر ڕووباری كشكاندا دروست كردووە كە تا بە ئەمڕۆش ماوە.

لە سەردەمی سەفەویدا هەر قۆناغێكی پێنج فەرسەخی كاروانسەرایەكیان بەسەر ڕێگەكەوە دروست كردووە كە ئەوانیش تا بە ئیستا هەر ماون: ١– كاروانسەرای گوشە ٢– جمشك ٣– قەڵا نەصیر ٤– ئاوسەر ٥– مێشەوەن ٦– ڕزە ٧– كاروانسەرای چارتا.

لە شاپورخواستەوە ڕێگەیەك جوێ دەبێتەوە بەرەو شاری بروجورد و ئەسفەهان دەڕوا و بە دۆڵ و دەربەندێكی گەلێك سەخت و دژواردا كە لەناو چیای پینە و ملەتەخت دایە، ئەم ڕێگەو دەربەندە هەمان ڕێگەیە كە (لسترنج) لە كتاوی مێژووی گوزیدەدا باسی دەكات و دەڵێ:

«لە نزیكی بروجوردەوە ڕێگەیەكە لە نەهاوەندەوە بەرەو ئەسفەهان دەڕوا و لەوێرا دەبێتە دووڕییان، ئەوەی لای ڕاست ڕوو دەكاتە شاری شاپورخواست، ئەوی

چەپیان بەرەو ڕۆژهەڵات».

ڕێگەیەکی تر کە لە باکورەوە بەرەو ڕۆژاوای لوڕستان داکشاوە (ئیستەخری) لەبارەی دەڵێ: «لە هەمەدانەوە تا دینەوەر بیست فەرسەخە، لە دینەوەرەوە تا سیمرە پێنج قۆناخە، لە دینەوەرەوە تا سیروان (ئەم سیروانە سیروانی کوردستانی عیراق نییە، بگرە شارێکە لە شارەکانی لوڕستان)، لە سیروانەوە تا سیمرە ڕۆژە ڕێیەکە».

(ئیبن حەوقەل) نووسیویەتی: لە دینەوەرەوە تا سیمرە پێنج فەرسەخە، لە سیمرەوە تا سیروان چوار فەرسەخە و لە سیروانەوە تا سیمرە یەك ڕۆژە ڕێیە.

### ٢- ڕێگەی ڕۆژاوا بەرەو ڕۆژهەڵات

ئەم ڕێگەوبانە گەلێك کۆنە و ڕێچکەی هۆزە کۆنەکانی پێش زاین بەم ڕێگەدا لە هاتوچۆدا بوونە، بەتایبەت هۆزەکانی کاسی و عیلامی پارتەکان و ساسانییەکان.. لەم دواییەشدا سوپا و دەسەڵاتی ئیسلام هەر بەم ڕێگە و بانانەدا لە هاتوچۆدا بوونە.

کە ناخونتای پاشای عیلامییەکان کاتێك لە ترسی سوپای ئاشوورییەکان کشایەوە نێو چیاکانی لوڕستان بەم ڕێگەیەدا ڕۆیشتووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا ئەم ڕێگەیە پردی زۆری بەسەرەوە دروست کراوە و بەردەڕێژی دوور و درێژیان تەخت کردووە بۆ هاتوچۆی گالیسگە و زەواری خەڵك و سوپا و سوپاگەری.

ئەم ڕێگەیە لە ناوچەی ماسبزاندا دەبێتە دووفلیقانە و ئەو ڕێیەی بەرەو باکور دەڕوا دەگاتە حەلوان. ڕێگەی ڕۆژهەڵات لە شاری شیرواندا تەواو دەبێ، لە شاری شیرواندا دیسانەوە دوو ڕێگەی تری لێ وەدەر دەڕوا یەکێکیان بەرەو شاری «مهر جان قزق» و ئەوی تریان بەرەو چیای کەوەر و دەگاتە دەشتی خوزستان بەسەر ئەم ڕێگەوە دوو پردی گەورەیان بەسەر ڕووباری سیمرە و کشکاندا سازاندووە کە یەکێکیان لە ناوچەی گامیشانە و ئەوی تریان نزیکەی دەربەندی (جایدەر)ە کە هێشتا پاشماوەکانیان ماوەتەوە.

ڕێیەکی تری لە سیمرەوە وەدەردێ بەرەو باکور مل دەنێ تا دەگاتە (تەرهان) لە سەردەمی ساسانیدا بەسەر ڕووباری سیمرەدا دوو پردیان دروست کردووە یەشتا ماون و لە کاتی دەسەڵاتی ئیسلامدا ئەو دوو پردەیان دووبارە ساز کردووەتەوە. ئەبودەلەف بە سەر ئەو دوو پردەدا تێ پەڕیوە و لەبارەیان دەڵێ:

«هەر یەکەیان درێژییەکەی دوو چەندانی پردەکەی نێو شاری خانەقینە.. ئەم ڕێگەیە دوای ئەوەی لە دەربەندی (ملەدار) کە لە چیای ملە دایە تێ دەپەڕێ دەگاتە دەشتی (ڕوشکان)ی تەرهان».


ئەبودەلەف لە ساڵی ٣٤١ی کۆچەریدا لە حەلوانەوە وەدەردێ و بەو ڕێگەدا دەڕوا کە لە سەفەرنامەکەیدا لە لاپەڕەی ٦٠و ٦١دا لەم ڕووەوە دەڵێ:

«لە تەرزەوە بەدەستی ڕاستدا دەڕۆن بۆ شاری میهرەجان قزق و ماسبزان، لەو ڕێگەدا شاری جۆراوجۆر وەدی دەکرێن وەك شاری (ئەریوجان)، لەوێڕا بەرەو (براو) چەند فەرسەخێك ڕێگەیە و دەگاتە سیروان و دەگاتە سیمرە لە نێوان سیمرە و تەرخاندا پردێکی گەورەیان لێ دروست کردووە کە دوو ئەوەندەی پردەکەی شاری خانەقینە، ئەنجا بەرەو شاری قورمسین ″کرماشان″ دەڕوات».

ڕێیەکی تر لە شیروانەوە بەرەو تەرهان دەڕوا ئەم ڕێگەیە لە جەرداویلەوە یان (بیژەنوەند) پردێکی چوار تاقیان بەسەر ڕووباری سیمرەوە دروست کردووە شێوەی کارەکە وا دەردەخا کە لە سەردەمی ساسانییەکانەوە مابێتەوە، ئەمڕۆش بە پردی «سێ پلە» ناودارە.

# ئاین

دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانییەکان سوپا و سانی ئیسلام وردە وردە سەرتاسەری ئێرانی داگیر کرد، لوڕستانیش یەکێك بوو لەو ناوچە داگیرکراوانە، سا بە زۆر یان ڕەزا ڕۆیشتنە ڕیزی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە. وەك ئاشکرایە دوای وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) یاخیبوون و ملهوڕی و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام لە زۆر گۆشە و کەناردا دەستی پێ کرد، سەرئەنجام دووبەرەکی و ململانی دەسەڵات لە نێو دەسەڵاتدارانی ئیسلامدا وردە وردە ڕەنگ و ڕووی بە خۆیەوە گرت و بەرە بەرەش ناڕێکی لە نێواندا بەربڵاوتر دەبوو.



نمای مەزاری شاهزادە محەمەد

ناوچەکانی لوڕستان لەلایەن کاروباری بەڕێوەبردنەوە سەر بە ئیمارەتی (کووفە) و هەرچی پیتاك و واریدات و ئازووقە و خەراج هەیە دەنێردرا بۆ کووفە. لەبەرئەوەیش شاری کووفە و دەوروبەرەکەی زۆرتر بە پەیڕەوانی حەزرەتی عەلی دەناسران و لوڕستانیش لە کووفەوە نزیك بوو و لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە پێوندییان بە کووفەوە[١] بوو بەعیشق و عەلاقەیەکی تایبەتییان لەگەڵ حەزرەتی

(١) تاریخ جغرافیا خوزستان ل١٣٩.

عەلی و بنەماڵەکەیدا پەیدا کردووە.

هاتنە سەر کاری ئالی بوەیھ و لایەنگیریی لە مەزهەبی تەشەیوع تا ڕادەیەك لە لوڕستاندا تەشەیوع لایەنگیرانێکی زۆرتری وەدەست هێنا، ئەگەرچی زۆربەی میرەکانی لوڕ پەیڕەوی مەزهەبی (سونی) بوون و لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی عەباسییەکاندا کاروباری ناوچەکانی لوڕستانیان بەڕێوە دەبرد و شێوە تا هێرشی وێرانکەری مەغۆل بەردەوام بوو.

دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی خوێنڕێژی جەنگیزخان خەڵکی ناوچەکانی لوڕستان و بەختیاری و خوزستان لەلایەن بنەماڵەی ئەمیر نەجمەدین تامولییەوە کە زاوای عیزولدەولە شوشتەری سەیدی گەورە ڕۆشتە ڕیزی مەزهەبی شیعەوە و ئەو پێوەندییە بوو بەهۆی بەهێزیی شیعەگەری لە ناوچەکانی لوڕستاندا و لەو ڕووەوە ڕۆژ بەڕۆژ دەمارگرژتر دەبوون، لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچەریدا چەند بیروڕایەکی تازە بابەتی ئاینی لە ناوێنا هاتە کایەوە، وەك کۆمەڵگەی (حرووفی)یەکان.

## حرووفییەکان

لە سەدەی هەشتەمی کۆچەریدا (فضل الله) ناوێك لەسەر بناغە و سێکوچکەی شیعەگەری بیروڕایەکی ئاینی تازەی پێك هێنا بە (حرووفییە) ناسرا، کەوا ئەو قورئانی پیرۆزی بەشێوەیەکی تایبەت لێکدایەوە و وتەکانی پەیامبەریش بە ڕەنگێکی تر و بە هەوەس و هەناسەی خۆی هەڵسەنگاند و شی کردەوە، هونەری گەورەی ئەو پیاوە یاری بە پیت و وشە و واژە لەیەکدانەوە بوو، ئەو پێی وابوو کە کەس وەك ئەو لە مانا و لەیەکدانەوەی ئایاتی قورئان نەگەیشتووە.

لایەنگیرانی «فضل الله» لە باوەڕێکدا بوون کە پیرەکەیان بەوردی و بە باشی توانیویە لە مانا و کاکڵەی ئایەتەکانی قورئان بگا و بە ئاسانیش بۆیان لەیەکداتەوە.

(فضل الله) لە ساڵی حەوتسەد و چلی کۆچەریدا لە دایك بووە و بە کەوا دوورین دەژیا، لە ڕووی ڕەوشت و هەڵسان و کاروبار و ڕەفتارەوە بە باشی ناوبرابووە و ناسراوە بە (فضل الله)ی حەلاڵخۆر، لە ساڵی حەوتسەد و هەشتا و هەشتدا بیروڕای ئاینی خۆی ئاشکرا و دەستی بە بڵاوکردنەوەی کرد و کەوتە تەقالا. لە ساڵی حەوتسەد و نەوەد و هەشتدا کە خەریکی دانانی کتاوێك بوو بە ناوی



گومەتی ابو الوفا

«جاویدان نامە»، بە فەرمانی میرانشای کوڕی تەیمووری لەنگ پارچە پارچە کرا.

بە دوای مردنی (فضل الله)دا بیروڕاکەی لە زۆر جێگە و ناوچەی ئێراندا بڵاو بوویەوە و خەلیفەکانی لە ترسی دەستگای دەوڵەتی ئەو حەلەدا پەنایان بردە وڵاتی عوسمانی و لە خانەقاکانی (بەکداشی)یەکاندا گیرسانەوە و زۆریشی نەخایاند توانییان بیروڕای خۆیان بە پەیڕەوانی بەکداشییان بسەلمێنن.

لە ئێراندا کوشتاری حرووفییەکان وەك کارێکی ڕۆژانەی لێ هاتبوو، لە ساڵی هەشتسەد و سێی کۆچیدا لە مزگەوتی شاری (هیرات)دا کابرایەکی فەرەنجی لەبەر، بەناوی (ئەحمەد لوڕ) نامەیەك دەگرێ بەدەستەوە و بەرەو شاهروخ شا دەڕوا و خەنجەرێك لە شا دەدا و شا بەو خەنجەرە نامرێ و ئەحمەد لوڕ هەر لەوێڕا دەکوژرێ. چاوساقان لە کوشتنی پەشیمان دەبنەوە کاتێك تەرمەکەی دەپشکنن کلیلێك لە گیرفانیدا دەدۆزنەوە و بۆیان دەردەکەوێ کە کلیلی یەکێك لە خانەکانی شاری هیراتە و سەرئەنجام لایان ئاشکرا دەبێ کە (ئەحمەد لوڕ) یەکێك بووە لە پەیڕەوانی کۆمەڵەی حرووفییەکان، دووبارە کوشتارێکی تێکڕای حرووفییەکان دەست پێ دەکا.

دوکتۆر سادق کیا بە زمانی (محەمەد توسی) ناوێکەوە لە کۆواری کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی تاراندا لە ژمارەی ٤٨ی ساڵی دووەمدا دەڵێ: ئەحمەد پەروەردەی لوڕستان و ناوچەی شیروانی بووە و بەرەو (دار الملکی) خوراسان دەڕوا تا تیشکی هەتاوی خەلافەت نەهێڵێت و فەرمانڕەوایی لەناو ببات.

تا ئێستا بەوردی نەزانراوە بۆچی بیروڕای حرووفییەکان لە لوڕستاندا بەو شێوە بڵاو بووەتەوە و پەیڕەوانێکی زۆری لە دەور گلێر بووەتەوە. بەشێوەیەکی وا کە دەمارگرژ و خۆبەختکەرێکی وەك ئەحمەد لوڕی تێدا هەڵکەوێ.

(فضل الله) بە ئەسترابادیش ناو دەبرا.. دەڵێ: وەك زانراوە دوای ئەوەی محەمەد (د.خ) بە دوا پێغەمبەر ناسراوە و بەم شێوە دەرگەی وەحی دەبەسترێت، بەڵام بۆ کەسانێکی وەك ئەو خەونی باش و بیر و ئەندێشەی چاك هەموو کات لە گۆڕدایە و ئەو دەیبینێ و دێتە بیریا لە کتاوێکیدا بە ناو (خەونامە) نووسیویەتی و لەو خەونامەدا باسی شاری بروجورد دەکا کە لە ساڵی ٧٨٦ی کۆچەریدا لە باخی

سوفیاندا ڕۆیشتووەتە حاڵەوە.

لە کتاوەکانی حرووفییەکاندا باسی دەروێش (حسام الدین) بروجوردی دەکا کە یەکێك بووە لە پەیڕەوانی (فضل الله)، بەمە بەوردی دەردەکەوێ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی کۆچەریدا لە شاری بروجورد و ناوچەکانی دلفانی سلسەی لوڕستاندا خەڵکێکی زۆر پەیڕەوییان لە کۆمەڵەی حرووفییەکان کردووە.

مەلا پەرێشان کە بە شاعیرێکی لوڕی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی کۆچەری دەژمێردرێ، ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

ئەوەلین حرفی نبووەت نوونن
ملفوظش سێ حرف، ئەوەلیش مکنونن
واو خود کینایە ژ ولایەتن
نەمن یە وتم نەصّی ئایەتن
ئەوەلین حەرفی ولایەت واون
او نیز ملفوظش و سێ حەرف واون
ئەوسەطی ئەلفا ژ اولوهییەت
مونکیر ئینکار کرد ژ بلوهییەت

مەلا پەرێشان وشەی (نبووەت)ی لێك داوەتەوە. (واوی) بە بەڵگەی ویلایەتی حەزرەتی عەلی ژماردووە و (ئەلفی) وشەی (ولایەت)ی بە خواوەندگای داناوە و دەڵێ ئەوەی ئینکاری دەکا گەوج و گێلە.

هەمان مانا و لێکدانەوە لە کتاوی (محرم نامە)ی سەید ئیسحاقدا ڕۆشنتر و گۆیاتر دەردەکەوێ. شان بەشانی حرووفییەکان لە ئێرانا بەتایبەتی لە لوڕستاندا کۆمەڵەیەکی تر بەناوی (نوقتەوییەکان) پەیدا بوو کە ئەوانیش لە ژێر چەقۆ و شمشێری دەسەڵاتدارانی ئەو حەلەدا پەرێشان کراون، هەروەك مەلا پەرێشان لە یەکێك لە شیعرەکانیدا لەو ڕووەوە دەناڵێنێ لە هەمان کاتدا گاڵتە و لاقرتێ و جەفەنگ بە بیروڕای نوقتەوییان دەکا. بەداخەوە زۆربەی شیعرەکانی مەلا پەرێشان لە ڕووی دەمارگرژیی ئومەڕای لوڕەوە لەناو چووە، لە یەکێك لەو

دیاردانەی کە لە حرووفییەکانەوە لەناو تیرەکانی لوڕدا ماوەتەوە کڵاوە قوتەکەی سەریانە و فەرەنجییە تایبەتییەکەی بەریانە.

کۆمەڵەی نوقتەوییەکان خۆیان بە میراتگری حرووفییەکان دادەنێن. لە جیاتی (حەرف–پیت) خاڵی سەر حەرفەکانیان کردووەتە دەق و ئەلگۆی لێکدانەوەی ئایاتی پیرۆزی قورئان و وتەکانی پێغەمبەری خوا (د.خ). پێشەواکەیان یەکێك لە قوتابیانی (فضل) بووە.

# عەلییو ڵلاهی

لەنێو تیرەکانی لوڕ گەلێك لە پەیڕەوانی مەزهەبی عەلییوڵلاهی وەدی دەکرێ. شێوەی دەروێشەکانیان زۆرتر ژڵێژاو و سەر و زوڵف ئاڵۆز و سمێڵدارن. جارەوبار کاری سەرسام ئاوەرییان لێ دەوەشێتەوە. لەلایەکی ترەوە بە پەیڕەوانی موشەعشەعیەکانیش ناو دەبرێن. کە سەید محەمەدی موشەعشەع بە دامەزرێنەری بیروڕای موشەعشەعیەکیان دەدرێ لە قەڵەم. بیروڕای کۆمەڵەی عەلییوڵلاهیی لوڕستان تا ڕادەیەك لەگەڵ عەلییوڵلاهی ئوستانی کرماشان و ناوچەکانی داڵەهۆ و کرند و گاوارە جیاوازە چ لە چۆنیەتیی بیروڕای ئاینەوە یان هەڵسان و زیندەگی ڕۆژانەوە.

لەبارەی جوولانەوەی موشەعشەعیەکان و بیروڕایان دانای گەورەی خوا لێخۆشبوو (کەسرەوی) لە کتاوی مێژووی پێنجسەد ساڵەی خوزستاندا بە درێژا باسی کردووە و لێی دواوە.

سەید محەمەد کوڕی سەید فەلاح ناوێکی خەڵکی ناوچەی (واسط)ی ئەوسا کە کووتی ئیستا دەکات. هەر لە شاری (واسط) دەست بە خوێندن دەکا و لەوێڕا باوکی دەینێرێتە شاری (حیللە) و دەیخەنە لای زانایەکی ئاینی ناسراوی ئەو کاتە بەناوی شێخ ئەحمەد. لەو حەلەدا جوولانەوەی شیعەگەری لە بریسکە و بریسکەیەکی بەربلاودا بوو. کۆڕی دەرس وتنەوەی شێخ ئەحمەد گوڕ و گەرمییەکی بەناوبانگی هەبوو لە هەموو لایەکەوە قوتابییان بۆ دەنارد. سەیر لەوەدایە دوو کەس لە قوتابییانی شێخ ئەحمەد چوونە ئەو باوەڕەوە کە پەیامهێنەرێکی ئاینین و دەبێ خەڵکی پەیڕەوییان لێ بکا و بە فەرامینیان بجووڵێتەوە. ئەم دووانەش سەید محەمەد نوربەخش و سەید محەمەد موشەعشەع بوون، هەر یەکە بە مانا و بیروڕایەکی تایبەت بە خۆوە دەجوولانەوە.

محەمەد نووربەخش بار و بنەی لێ بەست و بەرەو ناوچەکانی تورکمانستان لێی دا و ڕۆیشت. لەوێڕا هیچی بەهیچ نەکرد و بانگەوازەکەی لە بێشکەدا خنکا.

بەڵام سەید محەمەدی موشەعشیع لە داوا و بیر و ڕایدا لە تەقەلادا بوو، ئەو جووڵانەوە و وتووێژانە بوو بەهۆی ئاڵۆزی و ئاشوفتەگی ماموستاکەی و وەدەری نا.. داوا و بیروڕاکانی گەیشتە حزووری ئەمیری شاری (واسط)، پەلەکێشیان کرد و بردیانە حزووری، کە گەیشتە بارەگای ئەمیر قورئانێکی لە باخەڵی دەرهێنا و سوێندی پێ خوارد کە هەرچییان وتووە دەست هەڵبەستە و لە ڕاستەوە دوورە و کاری بەم قسانەوە نەبووە و نیشە. بەو چەشنە لە مردن خۆی ڕزگار کرد و بۆی دەرچوو.

لە ساڵی هەشتسەد و چلی کۆچەریدا لەنێو خێڵە عەرەبە کۆچەرەکاندا گیرسایەوە و دووبارە کەوتەوە تەقەلا و بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئاینەکەی. کۆڕی زیکری بۆ پێك دەهێنان، فێری وێرد و زیکرێکی تایبەتی کردن کە حاڵیان لێ دەهات و کەفیان دەچەراند بە شمشێر سکی خۆیان ڕا دەدا و هەستیان بە ئێش و ژان نەدەکرد. ئەو کارانە بوو بەهۆی ناوباوێکی گەورە و پتەوی ئاینی. ڕۆژانە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی لێ گلێر دەبوویەوە، پەیڕەوانی بەچاوی پەیامبەر و (مەهدەویەت) تێیان دەنواڕی. وردە وردە پەڕ و باڵی دەرهانی و کەوتە ڕێکخستنی هێز و تفاق و سوپا و سان. ئیتر ئەوەی هەیان بوو فرۆشتیان دایان بە چەك و پێویستەکانی شەڕ و بەربەرەکانی. بۆ یەکەمین جار فەرمانی هێرشی دەرکرد و پەلاماری (حەویزە)یان دا، کوشت و کوشتارێکی فراوانیان کرد و حەویزەیان وەدەست هێنا. شەڕی نێوان سەردەمدارانی دەسەڵاتی تەیمووررییەکان و سەید لە زۆر گۆشە و کەناردا ڕۆژانە ڕووی دەدا، فەرمانی دا تا هێرش ببەنە سەر شاری (واسط). ئەوە بوو لە سەرەتاوە شارەکەی وەدەست هێنا، بەڵام سەرئەنجام نەیتوانی لە شەڕەکەدا بەردەوام بێ و کشایەوە. لەبەر ئەو کشانەوەیە بڕێك لە پەیڕەوانی خۆی سەر بڕی و لەناوی بردن. مەولا عەلیی کوڕە گەورەی سەید بوو، تا بڵێی ئازا و شەڕکەر و نەترس بوو، ئازایەتی و ملهوڕی مەلا عەلی هەموو جێگەی گرتبوویەوە.

لەو سەردەمەدا شاهروخ میرزای کوڕی تەیمووری لەنگ سەرتاسەری ئێرانی لە ژێر فەرمانـدا بـوو بـۆ خـۆیشی تـا ڕادەیـەك شیـعـەگـەریـی نـەوازش دەکـرد و

دەیلاواندەوە. ئەو نەرمی و نیانی و لاواندنەوە بوو بەهۆی بەربلاویی دەسەڵاتی موشەعشیعەکان و چەندین جار هێرشیان بردە سەر (واسط) و شاری بەسرە، بەلام لە هێرشەکانیاندا سەرنەدەکەوتن.

بەشێکی زۆری لەشکرەکەی سەید بریتی بوو لە سوارەی تیرەکانی لوڕستان زۆربەی زۆری خەڵکی لوڕستان شیفتەی کار و کردەوە و گفتارەکانی سەید بووبوون، بۆ بەربلاویی بیروڕای سەید بەئاسانی خۆیان بەخت دەکرد و کوێر کوێرانە فەرامینی مەولا عەلیی کوڕی سەیدیان جێبەجێ دەکرد، تا وای لێ هات (سەید) خرایە کەنارەوە و تەواوی کاروبار و بیگرەوبەردە هەر هەمووی کەوتە ژێر فەرمانی مەولا عەلییەوە.

بیروڕای سەید لەسەر بناغە و بنەڕەتی بۆچوونەکانی (باطنی)یەکان دامەزرابوو. ئەو تەنیا بە مەهدەوییەت ڕازی بووبوو، بەلام مەولا عەلی کە هێز و توانای لە دەستی باوکی فڕاند و نیشتە سەر زینی دەسەڵاتەوە، هەنگاویکی گەلێك بلاوتری نا و خۆی بە خوا دانا[1] شاری واستی گرت و کوشتارێکی خوێناوی تێدا ئەنجام دا و بەهێز و لەشکرەوە هێرشی بردە سەر شاری نەجەف و بارەگای حەزرەتی عەلیی وێران کرد و سووتاندی. ئەو دەیگوت عەلی خواوەند بووە، خوایش نامرێ و هەتا هەتایە. پاشان بەرەو شاری بەغدا کشا، دەستی بە کوشت و بڕینی کاروان و زەوار و هاتوچۆکەران کرد. تا بە هەڕەشەی جیهانشای قەرەقۆینلو شاری بەغدای چۆڵ کرد و گەڕایەوە حەویزە. سەرەنجام بە فەرمانی پیربوداقی کوڕی جیهانشا[2] لە کاتێکدا لە ڕووبـاردا مەلـەی دەکرد بە تیر پێکایان و کوشتیان. دوای مردنی مەولا عەلی باوکی دووبارە جڵەوی کاروباری گرتەوە دەست، دووبارە درۆ و دووڕوویی دەست پێ کردەوە، ئەو پێوەستە دەیگوت:

خواوەند هەر زەمانێك بەئیرادەی خۆی لە لەشێکدا خۆی نمایان دەکا و ئیمامی یەکەمی شیعەکان یەکێك لەوانەیە کە پەروەردگار لەناو تەن لەش و کار و گوفتاریدا بوو. کوڕەکەی پێی وابوو کە پەروەردگار هاتووەتە نێو لەشییەوە. سەیر

(١) مێژووی پێنجسەد ساڵەی خوزستان. ل٢١.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١ .

لـەوەدایـە دوای کـوشتـنـی مـەولا عـەلی، بـاوکـی دوعـای دەکرد و لـە پـەروەردگـار دەپاڕایەوە کە لە تاوانەکانی ببەخشێ و ڕوحی سەرفەراز بێ. سەید تا ساڵی هـەشتسەد و حـەفـتـای کـۆچـەری کـە ساڵـی لـە دنـیـا دەرچـوونـیـەتـی پـێوەستـە لـە جووڵانەوە و باس و وتووێژدا بوو لەگەڵ زانایانی ئاینی ئەو دەمەدا.

لە دوادوای دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا ئەمیر شا قاسم ناوێك کە لە بنەچەکدا لە بنەماڵەی موشەعشیعان دەژمێردرا و لە وڵاتی عوسمانییەوە هاتبوو و لە ئوستانی کـرمـاشانـدا نـیشتـەجـێ بـوو، گـەڕانـەوەی ئـەو پـیـاوە بـوو بـەهـۆی دووبـارە بـڵاوبـوونـەوەی بـیـروڕای عـەلـیـیـوڵـلاهـی بـەشێوەیـەکـی تـۆزەکـێك جـیـاواز لـە عەلییوڵلاهیانی ناوچەکانی لوڕستان.

مورشیدی ئەم کۆمەڵە دەبێ لە بنەماڵەی سەیدەکان بێ، گرینگ پیری یان گەنجی نییە، یان زانیاری یان نەزانی. بەشێوەیەکی جادووئامێز سەرسوپردەگی لە مورشیدەکە دەکرێ و فەرامینی جێبەجێ دەکرێ. بۆ ڕێز لێگرتن لە مورشید هەرچی نێرینەی ئاژێڵ لە ساڵدا پەیدا دەبێ دەبێتە موڵکی مورشید و بە دیاری بۆی دەبرێ. شەراب و خواردنەوەیان لا یاساخ نییە، لە جەژن و شاییدا دەیخۆنەوە. تێکرا ڕەفتار و ئاداب و نەریتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ نموونە (پێوەندیی برا و خوشکی).

پیاوێك خەون دەبینێ کەوا پێوەندیی برا و خوشکی لەگەڵ فلان ئافرەت یان کچێکدا بەستووە، ئەو خەونە بە سبەینێدا ئەنجام دەدرێ و ئەو پێوەند و پەیمانە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام کەم ڕووی داوە کە ئەو پێوەند و پەیمانە لەگەڵ پیرەژنێکدا یان ئافرەتێکی ناشرین و بێزاویدا ببەسترێ.

لە ناوچەکانی لوڕستاندا بەتایبەت ناوچەی (دلفان) چەند تیرەیەك هەن کە سەرتاسەریان پەیڕەوی ئاینی عەلییوڵلاهین وەك: هۆزی ماڵ مومە، میربیك، چاواری، نوور عەلی، سنجابی، لە ناوچەی تەرهاندا هۆزەکانی ڕەئیسوەند، یاری بەگ، وەلی بەگ، نوور عەلی و بلوورانی. بەڵام ئەمڕۆ لە لوڕستاندا پەیڕەوانی حرووفی و نوقتەوییان وەدی ناکرێن. ئەوەی مابێتەوە لایەنگرانی عەلییوڵلاهین. سەیر لەوەدایە لە دۆڵ و دەربەند و سەر لووتکەکانی چیاکانی لوڕستاندا گومەت و

مەزارگەی فراوان وەدی دەکرێ زۆربەیان هی دەسەڵاتدارانی سەردەمی کۆن بووە و بەگوێرەی زەمان بوونەتە مەزارگا و ئیمام زادە و ئەو مەزارانە بەلایانەوە جێگەی رێز و حورمەتە.. خێڵەکان لە گەرمیان و کوێستاندا هەندێك لە شتومەکیان بەلای مەزارەکانەوە جێ دەهێڵن و دوای چەندین مانگ دێنەوە سەری نە دز و نە جەردە و رێگر زاتی دەستدرێژییان بۆی نییە. تێکڕا لورەکان زۆرتر رێز و حورمەت و تەقدیسیان بۆ حەزرەتی عەلی و ئیمام عەباس هەیە تا ئیمامەکانی تر.

## ئەهلی حەق

ئەم باوەڕە لە کوردستانی گەورەدا بەربڵاوە و پەیڕەوانێکی زۆری هەیە بەنێوی جۆراوجۆر نێو دەبرێن وەك: ئەهلی حەق، ئەهلی سڕ، یارسان، نەسیری، ئەهلی تایفە، تایفەسان و عەلییوڵلاهی. تێکڕا بیروڕایەکی توندوتیژیان هەیە لەبارەی حەزرەتی عەلی، وا تێ دەفکرێن کە پەروەردگار جاروبار بەشێوەی کەسێك خۆی وەدەر دەخاو (عەلی) یەکێك بووە لەو کەسانە.

ئەگەرچی ئەهلی حەق خۆیان بەشیعە و موسڵمان دادەنێن بەڵام لە ڕاستیدا بیروڕا و بۆچوونەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لای داوە و کەناری گرتووە و بریتییە لە کۆمەڵێك بیر و ئاینی زەردەشتی، مەسیحی، مانەوی و توندوتیژیی برکە و کۆمەڵە تیژڕەوەکانی شیعە.

مینۆرسکی دەڵێ: ئاینی ئەهلی حەق لەسەر بنەڕەت و بیروڕای شیعەگەری دامەزراوە و تێکەڵی بیروڕای (تەناسوخ) و سۆفیگەری کراوە. بەڵام ئەوەی ڕوونە زۆربەی بیروڕاکان لەسەر سێکوچکەیەکی سەرەکی بنیات نراوە کە پابەندی (ڕەفتاری چاك و کرداری چاك و گوفتاری چاك)ە، بەڕۆشنی لە کتاوەکەیاندا بە ناوی (سەرئەنجام) کە بە کوردی هەورامی (گۆران) نووسراوە کە لەم ڕووەوە بە وردی دواوە کە دەڵێ:

یاری چوار چیوەن باوەڕی وەجا

پـــاکی وە ڕاستی نیستی وە ڕەدا

یاری چوار شتە ئەگەر ئەنجامی دەیت.. گەورەکانی ئەهلی حەق لەبارەی پارێزکردن لە درۆودەلەسە زۆریان وتووە لە فەرهەنگی ئەهلی حەقدا مەبەست لە (یاری) ئەو کەسانەیە کە پابەند و پەیڕەوی مەزهەبی ئەهلی حەقن، مەبەست لە (پاکی) دووری و خۆپاراستنە لە هەوا و هەناسە و حەز و ئارەزووی ناجۆر و ناپەسند و پابەندبوونی حەق و حەقیقەت. بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ بیروڕا و بۆچوونی شیعەدا تێکەڵاویان کردووە، زاتی حەزرەتی عەلییە.

بیروڕای تریان كه مەكتەبی (تناسخ)ە و لە فەلسەفە و بۆچوونی حوكەما و فەلاسفەی هیندوستانەوە وەریان گرتووە. ئەهلی حەق لەبارەی خولقەت وەك ئاین و مەزهەبێكی تر بۆچوونی تایبەت بەخۆیان هەیە و بیروڕاكانیان قابیلی لێكدانەوە و هەڵسەنگاندنە.

كتاوی (سەرئەنجام)ی ئەهلی حەق وەك سروودەكانی ئاڤێستا بەشیعر نووسراوە. سەیر لەوەدایە بە لایانەوە سمێڵ تاشین كارێكی نارەوا و ناپەسەند دێتە چاو پێیان وایە (حەزرەتی عەلی)یش سمێڵی بەرداوەتەوە.

وا دەردەكەوێ ئەم جۆرە ئاینانە لە دوای ئیسلامەوە هاتوونە كایەوە، بەو چەشنە ویستوویانە ململانێكی ئاشكرا و دزی دژ بەئیسلام و هێزی سوپای ئیسلام بكەن كە بە داگیركەری وڵاتەكەیان زانیوە. لە هەمان كاتیشدا زۆر لە بیروڕای ئەهلی حەق هەمان بیروڕایە كە باووباپیرانمان پابەندی بوونە و پەیڕەوییان لێ كردووە، بەتایبەت لەلایەن بارودۆخی كۆمەڵایەتی و هەندێك لە مەتنەكانی ئاڤێستا.

باوەڕ بە سەرداریی ڕۆشنایی و سەرداریی تاریكی هەمان بیر و بۆچوونی كۆنی میللەتی كوردە، شەڕی نێوان خێر و شەڕە، چاكە و خراپەیە، شەو و ڕۆژە، حەق و ناحەقە. لایەنگیریی لە بنەماڵەی حەزرەتی عەلی و دوژمنایەتیی بنەماڵەی معاویە و ئەمەوییان لە زۆر گوفتار و كرداریاندا دیارییە.

## بنکەکانی ئەهلی حەق

سەرەتـای بـیـروڕای عـەلـیـیـولـڵلاهـی و جـێگـەی دەسەڵات و بـوونـیـان تـا سەدەی چـوارەمـی زایـنـی هـەر لـە لـوڕسـتـانـدا بـووە، لـە دوایـیـدا بـنـکـەی سەرەکـی و جـووڵانـەوەیـان گـوێزراوەتـەوە کرمـاشان. ئـەوڕۆکـە تـەواوی هـۆزەکـانـی گـۆران و قەڵخانی و زۆربەی زۆری تیرەکانی سنجاوی و کەڵهوڕ و زەنگنە و عوسمانەوەند و جەلالەوەند و زۆربەی شارەکانی قەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو و کرند و سەحنە و هلیلان پەیڕەوی ئەهلی حەقن.

لە لوڕستانیشدا ناوچەکانی دلفان و پشتکۆهـ، لە لکستانیشدا سەگەوەندەکان پـەیـڕەوانـی ئـەهـلـی حـەق دەژمـێردرێن. لـە شارەکـانـی تـەبـریـز، مـەراغـە، قـەزویـن، تەهران و کەلاردەشت خەڵکێکی زۆری پابەندی بیروڕای ئەهلی حەقن، ئەڵبەتە هەر هەموویان خۆیان بەکورد دەزانن. لە کوردستانی عێراقیشدا لە ناوچەی هەڵەبجە و خانەقین و تووز خورماتوو و تازە خورماتوو گەلێك لە تیرە و تایفەی ئەهلی حەق جێگە و شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە کوردستانی تورکیاشدا پەیڕەوانێکی فراوان لە شار و دێهاتیدا وەدی دەکرێن.

بەبۆچوونی ئەهلی حەق، لایان وایە بۆ ئەوەی بگەیتە حەق (خوا) مرۆڤ دەبێ چەند قۆناغێك ببڕێ، یەکەمین قۆناغ «شەریعەتە» واتا ئەنجامدانی مەرجەکانی ئاین، دووەمین قۆناغ (طەریقەتە) واتا داوونەریتی عیرفانی، سەرەنجام قۆناغی (حـەقـیـقـەت) واتـە گـەیشتن بـە پـەروەردگـار. ئـەوان پـێیـان وایـە دیـنـەکـەیـان ڕاستەقینەیەکە و هەوێنی پێکهاتنی تەواوی گیانلەبەرانە، دینەکەیان پڕە لە نهێنی. ئەو نهێنییانەی وا خوا وتوویەتە پەیامبەرانی کە لە حەزرەتی ئادەمەوە دەستی پێ کردووە تا گەیشتووەتە پەیامبەری ئیسلام کە ئاخرین پەیامبەری خوایە. بەڵام پەیامبەری ئیسلام (نهێنیی ئیمامەت)ی وتووەتە حەزرەتی عەلی، و ئـەو نـهێنییـە بـە دوازدە ئـیـمـامـی شیعـە وتراوە تـا گـەیشتـووەتـە (مـەهـدی). دوای گومبوونی مەهدی، ئەو (سڕ)ە وتراوەتە جێگرەکانی یەك بەدوای یەکدا.

## تەناسوخ

ئەهلی حەق باوەڕیان بە فەلسەفەی تەناسوخ هەیە، واتا دوای مردن دووبارە ژیان لە لەشێکی تردا[1] واتە ڕاستەوخۆ دوای مردن ڕوحی مردوو دەڕواتە نێو لەشێکی ترەوە، ئەگەر کابرای مردوو لە پەیڕەوانی خێر و چاکەی لەگەڵ خەڵکیدا کردووبێ وا روحی دەگاتە پلە و پایەیەکی بەرز و بڵند.

ئەهلی حەق بە تەناسوخ دەڵێن (دۆنادۆن) بە باوەڕی ئەوان لە ڕوح و ڕەوانی مرۆڤدا تۆزەکێك تیشك و برووسکەی خوای تێدایە. دەرکەوتنی خواوەندگار لە لەش و بەدەنی پیاوچاکاندا وەدەردەکەوێ و لە گەڕاندایە. دەڵێن ئەگەر ئەو لەشە شایستە و پایەبەرز بێ پەروەردگاری تێدا (تەجەللی) دەبێ و ڕەنگە بەو ئەندازەی کە حەق و حەقیقەت لە حەزرەتی (عەلی)دا تەجەللی کردووە لەو لەشە شایستەدا تەجەللی بکات. لەو لەشەدا ژیان وەك کراس لەبەرکردنە و ئەهلی حەق پێی دەڵێن: (دۆن)، پێیان وایە (ڕەوان) دەبێ ڕێگە و ڕێبازێکی دوور و درێژ تەی بکا تا بگاتە هەوارگەیەکی بەرز و شایستە.. ئەگەر ڕوحێك گەیشتووبێتە پلەی بەرز بۆی هەیە داوا بکا تا دووبارە بگەڕێتەوە سەر زەوی. پێیان وایە کە پەروەردگار لە لەشی عەلیدا بووە و دوای ئەویش چووەتە لەش و بەدەنی پیاوچاکانی عەلییوڵلاهییەوە.

ئەوەی ڕوونە مەزهەبی ئەهلی حەق زۆر شتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەت بیر و بۆچوونیان لەبارەی (خیلقەت) شێوەیەکی فەلسەفی و ئەفسانە ئامێزی بە خۆی گرتووە. زۆر داستانی سەرتاسەر ئەفسانەیان تێکەڵ بە (واقیعیات) کردووە. ئەوان پێیان وایە کە جیهان لە دوو قۆناغدا دروست بووە: جیهانی مەعنەوی و جیهانی مادی. بەجۆرێك باس لەو دوو قۆناغە دەکەن کە سەرتاسەری ئەفسانەیە، ئەو ڕووداوە ئەفسانەییانە لە کتاوێکی شیعری بە لەهجەی هەورامی داستان سەرای کراوە و بە لایانەوە (ئاو، مرواری، سەدەف) لە بیروڕایاندا پلە و پایەیەکی ڕێزداریان هەیە.

---

(١) فەرهەنگی معین.

پەیڕەوانی ئەهلی حەق پێیان وایە کە یەکەمین تەجەللی خوا، تەجەللی بە حەزرەتی عەلیدا بووە، دووەمین تەجەللی لە سوڵتان ئیسحاق (سوهاك)دا دەبینین و لە ڕووی پلە و پایە و ڕێزەوە عەلی و سوڵتان سوهاك وەك یەك وان. لە ڕاستیدا تا سەردەمی سوڵتان سوهاك پەیڕەوانی عەلییوڵلاهی شپرزە و بەربڵاو و بێ سەرپەرشت بوون، سوهاك توانی لە ژێر دروشم و پەرچەمی بیروڕای عەلییوڵلاهیدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو گلێریان بکاتەوە و مەرج و بەند و بیروڕایەکی تازە و نوێیان پێ بسەلمێنێ و مەرجەکانی پیر و مورشید و مورید و چۆنیەتیی ئاینەکەیان بەوردی بۆ شی بکاتەوە و مەرجی نەزر و نیاز و یاساکانی لەسەر بناغە و تەمەڵێکی تایبەتمەند و دامەزراو بە هەمووان ڕاگەیەنێ کەوا تا بە ئەمڕۆ پەیڕەوانی ئەهلی حەق بەوردی ئەنجامی دەدەن.

## جوگرافیای سیاسی

مێژوونووسان و جوگرافیاناسانی سەردەمی دەسەڵاتی عەرەب لە ئێراندا، ئەوەی لە کەژ و کێوی زاگرۆسدا ژیاوە بەکوردیان زانیوە و ناویان بردووە. هەروەك تەبەری لە ڕووداوەکانی ساڵانی ٢٣و ٢٩ی کۆچیدا تەواوی ئەو هۆز و عەشایرانەی بەکورد ناو بردووە. زانایانی سەدەکانی چوارەم و پێنجەمیش بۆ یەکەمین جار وشەی لوڕ و وڵاتی لوڕیان بەکار بردووە.

مەسعوودی لە بەراورد و باس و هەڵسەنگاندنی چوار بەشی کورددا[١] وشەی لوڕ لە (تنبیە الاشراف)دا هێناوە، داهێنەری کتاوی (تاج العروس)[٢] لوڕی بە بەشێکی سەرەکیی نەتەوەی کورد ناو بردووە. لە کتاو و پەڕاوی و فەرامینەکانی تردا وەك مستەوفی، موعینی، نەزەری، شەرەفخانی بدلیسی وشەی لوڕیان وەبەرچاو دەکەوێ. لە ساڵانی پێش سەدەی حەوتەمی کۆچەریدا هەر کاتێك ناچاربانایە ناوی ئەو ناوچانەیان بهێنابا چ لە ڕووی مێژووەوە یان جوگرافیاوە وشەی عێراقی عەجەم و وڵاتی چیایان بەکار دەبرد. کتاوی (منتخب التواریخ)[٣] ئەوەی زانیاری تێدایە زۆر لە شەرەفنامەکەی شەرەفخانی بدلیسی دەچێ[٤].

لەبارەی وشەی لوڕ لێدوانی جۆراوجۆری لەسەرە و بڕێك لە مێژوونووسان لەبارەی وشەکە دەڵێن: لە ناوچەی مایرووود دێیەك هەیە بە ناوی گریت، لەوێڕا دەربەندێکی لێوە نزیکە بە ناوی «لوك» لەنێو ئەو دەربەندەدا دابڕانێکی تێدایە پێی دەڵێن لوڕ، دیارە سەرەتای لوڕ لەوێڕا دەستی پێ کردووە و زۆر بوونە و بڵاوبوونەتەوە و هەر بەو ناوەش ناسراون.

هەروەك چۆن خەڵکی ناوچەی فارس بە ناوی فارسی کوڕی فەهلوجی خەڵکی

(١) التنبیە والاشراف ل٨٩ .

(٢) کردو پیوستگی نژاد او ل١١٣.

(٣) منتخب التواریخ ل٣٥ .

(٤) تاریخ جوغرافیای لوڕستان ل٧٦ .

خوراسان ناوبراوە، یان ڕووسی کوڕی کماری یان تورکی کوڕی یافت. لوڕیش بەو ناوە شۆرەتی دەرکردووە.

هەندێك پێیان وایە وشەی لوڕ لە (لورا)وە هاتووە کە شارێکە لە خوارەوەی لوڕستانی ئێستا. لۆرد گورزن دەڵێ: «لوڕ کێیە و لە کوێنەوە هاتوون؟.. ئەم مەتەڵە هێشتا هەڵنەهێنراوە. ئەم نادیارییەش نەگونجاو و نەشیاو دێتە بەرچاو، بەزەحمەت میللەتێك یان کۆمەڵێك بێ مێژوو و بێ ئەدەبیات و هونەر ئەم هەموو زەمانەی بە سەردا تێ پەڕێ و هەرواش بمێنێتەوە.»

بە سەرسامییەوە دان بەوەدا دەنێ کە ناتوانێ سەرچاوەی ڕەگەزی لوڕەکان بدۆزێتەوە، وەك وابێ دەرزیی لە دەریادا ون کردبێ و مەتەڵێکی پڕ گرێ و ئاڵۆزکاوییان لە بەردەستدا دانابێ. بەڵام ئەو مەتەڵە هەڵنەهێنراوەی لای لۆرد گورزنە بەم تێکەڵاوی و شێواوییە نییە. ئەگەر کەڕە جافێك لای ئێمەی بدیایە و ڕەفتار و کردار و چۆنیەتیی ژیانی لەگەڵ زەلامێکی یەکێك لە تیرەکانی لوڕدا پێکەوە هەڵسەنگاندایە و بیانیخستایە دووتای تەرازووەوە بێگومان کتومت هەر لە یەك دەچن، یان لەکەکانی گەرمیانی کوردستانی عێراق کە سەدان ساڵە نیشتەجێی گەرمیانن، یان زەندەکانی زەند ئابات کە بە ناوچەیەکی بەربڵاوی گەرمیان دەژمێردرێ.

میللەتی بێ خاوەن و بێ زمان و بێ قەڵەم و دوور لە ڕۆشنبیری و ژێر دەستەی دەسەڵاتی دەرودراوسێ خەرمانێکی بەرەڵڵا و بێ خێو و خاوەند و دوژمن و دۆست و دەخەڵ وەك یەك چەپاو دەکا و تەواجودی نەتەوەیی ڕووتوقووتی دەکاتەوە، ئەگەر نا ڕەگەزی هۆزی لوڕ بۆچی بکرێتە مەتەڵ و جێگەی سەرسامی..؟

ڕاویلسن دەڵێ: «ئایا لوڕ تورکن یان ئێرانی..؟ بەڵام زۆر لەوە دەچێ کە کورد بن و زمانەکەشیان لە فارسییەوە نزیکە و لەگەڵ زمانی کوردیدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.»

مستەر ڕیچ کە ساڵی ١٨٢٠ز کوردستان گەڕاوە گەشتی لە لوڕستاندا کردووە هیچ جیاوازییەك لە نێوان کورد و لوڕدا وەدی ناکا.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتاوی کورد و کوردستاندا دەڵێ: «لە ساڵی ١٩١٦ز گوزەرم کەوتە ناوچەکانی لوڕستان خەڵکی ئەو ناوچانە هەر هەموویان بە کوردی لەگەڵم دەدوان. جیاوازییەکی ئەوتۆم لە نێوان زمانی کوردی و ئەواندا وەدی نەکرد».

مەسعوودی سەرتاسەری هۆز و تیرەکانی لوڕی بە کورد داناوە و ڕەگەزی کوردیشی گەیاندووەتە پاشا ئەفسانەیییەکانی سەردەمی پێشدادییەکان وەك مەنوچەهر شا و ئیرەج شاه[١].

ئیبن قوتەیبە نووسیویەتی[٢]: لوڕ لە نەتەوەی ڕزگاربووانی مارەکانی سەر شانی زوحاکن کە لە کەژ و کێودا ژیاون و سەرئەنجام زۆر بوونە و بوونەتە هۆز و تیرە. لە یەکێك لە ئەفسانەکاندا کە شەیتان سەر شانی زوحاك ماچ دەکا و دوو مار لەسەر شانی دەڕوێت و دووبارە بەشێوەی پزیشك دێتەوە لای شا و پێشنیازی پێ دەکا کە ڕۆژانە مێشکی دوو گەنج بکەنە خۆراکی مارەکان ئەگەر نا مارەکان مـێشکـی شا دەخـۆن. تـا مـاوەیـەك بـەو چـەشنـە بـەردەوام دەبـن، سەرئـەنجـام (ئەربایيلی وەزیرە داناکەی زوحاك دەنوارێت وا بڕوات کوشتارەکە یەکجار زۆر دەبێ، هەر ڕۆژە یەکێك لە گەنجەکان بەرەڵلا دەکات و مێشکی کاورێك تێکەڵ بە مێشکی گەنجە کوژراوەکە دەکات و ئەوەی کە لە سەربڕین ڕزگاری بووە پەنا دەباتە چیاکان، لە دواییدا بە سەرۆکایەتی کاوەی ئاسنگەر هێرش دەبەنە سەر کۆشکی زوحاك و سەری پان دەکەنەوە و بۆ ئاگەداربوون لە کوژرانی زوحاك و ڕۆژی ئازادی ئاگری گەورە گەورە بە سەر ترۆپی چیاکانەوە دەکەنەوە و ئەو ڕۆژە بە نەورۆز ناسراوە.).

لە کتاوی (تاج العروس)دا لوڕ و کوردیان بە نەتەوەی (نوح) داناوە: (کرد ابن کنعان ابن کوش ابن نوح وهم قبائل کثیره لا تحصی ولکنهم یرجعون إلی اربعه قبائل: السوران والکوران والکلهر واللور. ثم انهم یتشعبون إلی شعوب وبطون وقبائل کثیره.) جێی شوکری باقیە کە دانیان بەوە داناوە کە لوڕ بەشێکە لە

(١) التنبیه والاشراف ل٨٩ .

(٢) کورد و پێوستیگی نژادی او ل١١٥ .

میللەتی کورد و پێوەندییان نەکردووە لەگەڵ میللەتێکی تردا یان لە ڕەگەز و توخماتی ئەجننە و شەیاتین نین، وەك موعینی لە کتێبی (منتخب التواريخ)دا دەڵێ: هەندێك لە مێژوونووسان لایان وایە کورد لە نەتەوە و توخماتی شەیتان و دێو و درنجن، گوایە حەزرەتی سلێمان چاوساقێکی دەنێرێتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات تا ئافرەت و کەنیزی جوانی بۆ بکرێ، پێی دەڵێ لە ناوچەی چیاکاندا بیرم چوو خەت بکێشم و ویردەکە بخوێنم. حەزرەتی سلێمان دێوە شەواڵ پلیتەکان دەدۆزێتەوە گۆڕە و شاریان دەدا و فەرمان دەردەکا کە کچ و کەنیزەکان بگێڕنەوە هەمان ناوچە کە تێیدا دەستدرێژییان بۆ کراوە (کە کوردستانی ئەمڕۆی ئێمە بێ) لەوێڕا کچانی لە دێو ئاوس منداڵیان دەبێ و لە سایەی سەری وردەکاریی هەندێك لە مێژوونووسانی دەمارگرژی بیر کورتەوە ئێمەی کورد دووڕەگ خوڵقاوین: لە دێو و لە مرۆڤ.

جگە لەمە ئێمەی کورد پێوەند بە زۆر لە میللەتانەوە دراوین و بە زۆر کراینەتە پاشوەندیان. سەیر لەوەدایە دوای هەزاران ساڵ ئەو میللەتانە نە دەنگیان ماوە نە ڕەنگیان کوردیش هەر وەك خۆی ماوەتەوە.

ڕەشید یاسمی دەڵێ[(١)]: «بەپێی بیروڕای زۆر لە مێژوونووسان ڕیشەی کورد و لوڕ یەکێکە و لە یەك جیاواز نین، لە نەتەوەی قارەمانێك بوونە بە ناوی (مرد با مارد) کە یەکێك بووە لە لایەنگیرانی کۆرشی هەخامەنشی».

ئەوەی ئاشکرایە میللەتی کورد لە کۆنەوە زۆربەی زۆریان کۆچەری و ڕەوەند بوونە و خاوەنی ئاژێڵ و بەدوای لەوەڕی ڕان و ئاژێڵیانا پێوەستە لە گەرمیان و کوێستاندا بوون. لە کتاوی (فەرهەنگی ڕەشید)دا لەبارەی لوڕ دەڵێ: کۆچەر و ڕەوەندن.. لە (بورهان قاطع)دا دەڵێ: کورد کۆچەر و ڕەوەندە.. سەعید نەفیسی دەڵێ[(٢)]: «لە سەردەمی دەسەڵات و ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیدا لە ناوچەکانی فارس (کە دەکاتە شیرازی ئێستا) بەزۆری ناوی کورد هاتووە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا کوردەکان لە ناوەند و ناوەڕاستی ئێراندا دەژیان (ناوچەی

---

(١) کورد و پیوستیگی نژادی او ل١١٣ .

(٢) تاریخ إجتماعی وسیاسی إیران در دوره معاصر، مجلد أول ل١٠ .

ئـەسفـەهـان و ئـابـادە) و تـیـرە و هـۆزێك کـە ئـێستـا وەدی دەکـرێن وەك تـیـرەی مـامـەسەنی، بویر ئەحمـەدی، کۆکیلۆیـە، شوانکارە و هـاتوچۆی ئـەو کوردە کۆچـەرانـە لـە نـێوان نـاوچـەی کـرمـان و گـۆلـی نـەیـریز و بـووشەهـردا بـەردەوام بـووە و بـە هەوارگەی گەرمیان و کوێستانی خۆیان زانیوە.. لەوەدا گومانی تێدا نییە کە ساسانییەکان لە ڕەگەزدا کوردن و دایکی دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی (ئەردەشێر بابەکان) کچی یەکێك لە ئومەڕای کورد بووە، بەڵگە زۆر بـەدەستـەوەیـە کـە لـە زمـانـە کۆنـە ئـێرانـییـەکـاندا وشەی کـورد بـە مـانـا کۆچـەر و ئـاژێڵدار هـاتووە. کورد و ئـاژێڵداری دوو وشەی بە یەکەوە جۆشاون و لە سەردەمی ساسانییەکان و ماوەیەك لە دەسەڵاتی ئیسلام لە ئێراندا بە کوردیان دەوت (ڕم) تا بە ئەمڕۆش لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بە ئاژەڵ دەوترێت (ڕمە) و ئەم وشەیە عەرەبەکانیش بەکاریان بردووە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڵە کە (ڕم)یان کردووەتە (زم) (ڕموم)یشیان بە (زموم) نووسیوە.»

سەیر لەوەدایە لە ئێراندا ئەوانەی دەوارنشین بن و کۆچەر بە مەرجێك زمانیان تورکی یان عەرەبی نەبێ بە کورد دراونە لە قەڵەم.

# ئابووریی لوڕستان

داگیرکەرانی وڵاتی لوڕستان نموونەیەکی داگیرکەری و چەوساندنەوە بوونە و هەرگیز بیریان لە میللەتە ڕەشوڕووتەکەی لوڕستان نەکردووەتەوە بەتایبەت لە سەرەتای دروستبوونی دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە تا بە ئەمڕۆ هەر دەورە و دەسەڵاتێك هاتبێتە سەر کار و نیازی بە بەربڵاوکردنی هەرێم و دەسەڵات بووبایە لە پێش هەمووواندا دەکەوتە هەڵخەڵەتاندن و فریودانی میر و ئاغا و دلاوەرانی لوڕستان بۆ لەشکرسازی و سوپا و سان.

وڵاتی بەربڵاوی لوڕستان پڕە لە کانی جۆراوجۆر، زەویوزاری یەکپارچە پیت و بەرەکەتە، ڕووباری فراوانی گەورە و بچووك، چیای پڕ لە دار و درەخت، کانیاو و گۆم، چوار وەرزی ساڵ دەست دەدا بۆ کشتوکاڵ، هەر گۆشەیەکی دەتوانێ هەزاران ئاژەڵی تێدا بەخێو بکرێ، کەچی هەژاری و نەداری و بێ دەرەتانی لە سەرتاسەری لوڕستاندا تا چەند ساڵ لەمەوبەر یاسای دەرەبەگایەتی و فەرمانبەرە دز و دەخەڵەکانی دەوڵەت بە ئەوپەڕی ڕەفتاری داپڵۆسێنەرانەوە لەگەڵ خەڵك و جووتیار و وەرزێردا دواون و مامەڵەیان کردووە. نە کارخانە و نە ڕێگەوبان و نە سەنعەت و پیشەسازی لە سەرتاسەری لوڕستاندا بەشێوەیەکی ئەمڕۆیی وەدی ناکرێ، بە گوێرەی زۆری خەڵکەکەشی نەخۆشخانە و قوتابخانە و داپێویستەکانی ژیانی تێدا نییە لە کاتێکدا وڵاتەکە پڕە لە کانی جۆراوجۆری وەك: نەوت، قیر، ئاسن، خوێ، گەچ، ئاهەك، گۆگرد و بەردی زوخاڵ.

سەختی و دژواریی ناوچەکانی لوڕستان بۆ خۆی بەڵگەیەکی تری دواکەوتنەکەیە. وەزعی جوگرافیایەکەی بەوردی لە ڕەفتار و کرداری خەڵکەکەیدا نمایانە و بە ئاسانی نە ڕۆیشتنەتە ژێر فەرمانی داگیرکەرانەوە و سەیر لەوەدایە ئەو ململانەیان بە یاخیگەری و چەتەیی بۆ دراوە لە قەڵەم. ئێستاش با باسێکی کورتی ناوچەکان بکەین:

**ملاوی:**

ئەم ناوچەیە کەوتووەتە نێوان لوڕی گەرمیان و پاپی و کەشکانەوە، سەرەوەی یەك پارچە چیای بەرز و سەخت و دژوارە وەك چیای: کیالان، کەبووتەران، دهلیچ، غەزال و هەشتا پەهلو.

چەندین ڕووبار لەم ناوچەدا دەخولْقیٚ وەك ڕووباری غەزال و دەرئافرینە و فەنی و ڕووباری زاڵ. خەڵکی ئەم ناوچەیە لەبەر قووڵی و دابڕاویی ڕووبارەکان ناتوانن سوودێکی وا لە ئاویاریی کشتوکاڵەکەیان وەرگرن، داپێویستی میکانیزە و کارەباییش لەم ناوچانەدا تا ئەم سەردەمی دواییە نەبووە تا بەشێوەیەکی زانیاری سوود لەو ڕووبارە وەرگرن هەندێك لە چاوگە و کانیاوەکانیان لەبەر سوێری نەشیاوی کشتوکاڵە.



ژن و پیاوێکی لوڕ بە جلوبەرگی تایبەتەوە

ئەم ناوچە بەگەرمیان ناسراوە. دێیە گەورەکانی ئەمانەن:

باڵا گریوە: یەکێکە لە گەورە دێیەکانی لوڕستان بە دەوروبەریدا زۆرتر لە چل و هەشت دێی گەورە و بچووك پەخش و بڵاوە وەك دێی: ملاوی، پل دختر، معمولان، چۆڵ و هۆڵ و ئافرینە.. لەم ناوچەیەدا تاڤگەیەکی جوان و ڕازاوەی دەستی سروشت لە چیاوە شۆڕ دەبێتەوە بە ناوی تاڤگەی (ئافەرینە). ئەم ناوچەیە بە

هەوارگەی تیرەی بەهاروەند و قەلاوەند و زێنی وەند و میر دەژمێردرێ. میرەکان دەچنەوە سەر ئەتابەگەکانی لوڕستان و بۆ خۆیان دەبنە هەشت پەلەوە: میر ڕوستەم خانی، میر محەمەد خانی، میر محەمەد تاهر، میر گوڵئەندامی، میر حوسەین عەلی، میر ڕەزائی، میر عالی وە میر کەریم.

**زاغە:**

یەکێکە لە ناوچەکانی لوڕستان، کەوتووەتە نێوان خوڕەم ئاباد و چەقڵوەندی و پاپی حومەوە. ناوچەیەکی چیایی و ساردە. کەژ و کێوی فراوانی تێدایە، بەرزترین چیاکانی ئەمانەن:

سیاهـ کەمەر، کنگر زەرد، سرنجە، سێ کلاوان، ئەزگەنە. ئەم ناوچەیە کراوەتە چوار بەشەوە:

**أ- سەگەوەند:**

چیای شاماران، مەیان، ڕوکان، کەمەر سیاهـ، بلومان، کنگر زەرد بە بەرزترین چیای ئەم ناوچەیە دەژمێردرێ، بەسەریەکەوە تێکڕا ناوچەی زاغە بە ناوچەیەکی سارد و لێلاخ دەژمێردرێ.

ئەم ناوچەیە زۆربەی دانیشتوانی لە تیرەی سەگەوەندن کە یەکێکە لە تیرەکانی عەشایەری لوڕ. لە پەرتووکە مێژووینەکاندا تا سەردەمی سەفەوی هیچ ناوێك لەم تیرە وەدی نەکراوە. ڕەزم ئارای کوژراو لە کتاوی جوگرافیای عەسکەری لوڕستاندا لاپەڕە ١٦٦ دەڵێ:

«لەبەرئەوەی باپیری گەورەی ئەم تیرە سەگەوان بووە کوڕ و کوڕەزا و نەتەوەکانی بەو ناوەوە نراون، ئەمەش بیروڕایەکی ناجۆر و ناشایستە دێتە بەر چاو. لەناو تیرە و عەشایەری کورددا (بە لوڕەوە) نەبینراوە پیشەی خێزانێك یان تیرەیەك سەگەوانی بێ. سەگ لەناو تیرە و عەشایەری کورددا جێگەی خۆی هەیە و زۆر شەڕوشۆڕی خوێناوی لەناو عەشایەردا ڕووی داوە لەسەر سەگێك و چەندین کەسی لەسەر کوژراوە، بەلام سەگەوانی وەك پیشە و کار نەبینراوە و باو نەبووە».

دێیە گەورەکانی ئەم ناوچەیە ئەمانەن: کەریم ئاباد، بادە، دێ سپی، ئیمان ئاباد، ئەزنا، داڵەوەند، زاغەی باڵا، چقڵوەند ڕود، ڕازان، ئاب، کوت، قائد ڕەحمەت، باغ پەشم، گورگ کوش.

(دوراند) لە گەشتەکەیدا کە گوزەری کەوتووەتە نێو لوڕستان و چاوی بە مهر عەلی خان سەرۆکی تیرەی سەگەوەند کەوتووە دەڵێ: «کاتێك مهر عەلی خانمان دی ئەو و مێردەکەم کە سوارەی مهر عەلی خان دەورەیان دابوو، لەبارەی دەوروبەر دەدوان مهر عەلی خان گەلێك جوان خاس و تەڕپۆش بوو، دەیوت: تیرەی پیرانوەندەکان لە نزیکمانەوەن خەیاڵیان خراوە و دەیانەوێ تاڵانمان بکەن، پیرانوەندەکان نزیکەی هەشت هەزار خێزانن دوو ئەندازەی مهر عەلی خان بە هێزترن».

**ب- دلفان:**

ئەم ناوە بە لەهجەی لوڕی واتا (خاوە)، کەوتووەتە نێوان ڕووباری گاماسب و کێوە سوور و کەژە سپی و بگریەوە، بەربلاوی دەگاتە هەزار و حەوتسەد کیلۆ مەتری چوار سووچە.

(وێنە هەیە ل٩٩)

بەردێکی نووسراو لە ساڵی ٥١٣ك هەڵکەنراوە

دەڵێن دلفان ناوی کابرایەکی کوردی خەڵکی نەهاوەند بووە لە شەڕێکدا دەستگیر دەکرێ و لە بەندا ڕا دەکا و لە لوڕستاندا لای ئەمیر غەزنەفەری تەرهانی دەگیرسێتەوە کە خاوەن و موڵکداری (خاوە) بووە. وردە وردە ئەو دێهاتە لە خان دەکڕێ و دابەشی دەکاتە سەر کوڕەکانیدا کە ناویان ئیتوەند، مومەوەند، پیرەوەند و کاکەوەند بوون. کە باپیرە گەورەی تیرەکانی ئەو ناوچەیە دەژمێردرێن، وا باوە کە ئەلیشتەر ناوی برای دلفان بووە ئەویش چەند کوڕێکی بە ناوی حەسەن، کولی، یوسف لێ جێ دەمێنێ و لە ڕاستیدا خەڵکی ناوچەی ئەلیشتەر و دلفان لە بنەچەکدا ئامۆزای یەکن.

ناوی دلفان لە هیچ چاوگەیەکی مێژووییدا وەدی نەکراوە، بەڵام (خاوە) لە

کتاوی عالەم ئارای عەباسیدا ناوی زۆر هاتووە. (ڕەزم ئارا) ناوی خاوە بە خاوەر زەمین دەزانێ، پێی وایە یەکێك لە فەرماندەکانی سەردەمی ساسانی لەم ناوچیەدا ژیاوە.

بەرزترین چیای دلفان ئەمانەن: حەسەن ئاباد، حیشمەت ئاباد، سنجابی، کفراج، شەرەف ئاباد، کەرەم لا، توائف، غەریب غولام، علیها، تاج دینەوەند، ئەولاقباد، باریکەوەند، نوورئاباد، دێ سفید، دولیسکان، سادات، قمش، ئەحمەدوەند، فازل ئاباد، سەرابگر.

**ج- ویسیان**:

کەوتووەتە ناوەڕاستی لوڕستانەوە، کەوتووەتە نێوان ناوچەکانی خوڕەم ئاباد و مەلاوی و ڕووباری خوڕەم ئابادەوە. بە نوچەیەکی لێلاخ و کوێستان ناسراوە، پڕە لە کانیاو و جۆگە و ڕووباری گەورە و بچووك. ئەم ناوچەیە بە هەوارگەی تیرەی جودەکی، بازگیر، میر بەهاروەند، بابائی، وەیس کەرەم، پاپی ناسراوە. بەسەریەکەوە شەست و یەك دێی گەورە و بچووکی تێدایە، بەرزترین و گەورەترین چیای ئەم ناوچەیە ئەمانەن: مدیە، ملە، شەبانان، شاهنشاهـ، تاف، نوژیان، هەشتا پەهلو.. زۆربەشیان بە داری جۆراوجۆر داپۆشراون و پڕن لە جانەوەری جۆراوجۆر. ئەگەرچی ئەم ناوچەیە پڕە لە چیا و کەژ و دۆڵ و دەشتی جۆراوجۆری سەر سەوزیشی زۆر تێدایە وەك دۆڵی سەراو وەیسیان، سەراو یاس، سەراو شاهنشاهـ، چەشمە سالّی، سەراو تاق، سەراو سرخە.

گەورە دێیەکانی ئەم ناوچەیەش ئەمانەن: وەیسیان، شۆراب، چنارە، گرگاهـ، ماسور، بدر ئاباد، دەباتر، دەرە نەسەب، هییان، تل، چەم مورت.

لە پەرتووکە کۆنەکاندا باسی تیرەی جودەکی بەهاروەند نەکراوە، بەڵام لە سەردەمی قاجارەکاندا ناویان لە هەندێك نووسراوەکاندا وەدی دەکرێ. (دەرگان) لە ساڵی ١٨٩١ زایندا گوزەری دەکەوێتە نێو تیرەی بەهاروەند و لەبارەیان دەڵێ: ئەم تیرەیە هەموو کات لە گەرمیان و کوێستاندان لە هاویندا لە دامێنی چیای هەشتا پەهلو دادەبەزن، زستانیش لە دۆڵ و دەشتی سیمردا خێڵەکانیان نیشتەجێ

دەبن. ئەم تیرەیە لە چەتەیی و ڕێگری و تالآن و بڕۆدا بەناوبانگن، ئەگەر بیانزانیبا کە دەتوانن و بۆیان دەچێتە سەر بە باشی ڕووتیان دەکردینەوە، بەلآم لە ژمارە و پڕچەکیمان تۆقیان و زاتی ئەوەیان نەبوو.» لە کتاوی (ناسخ التواریخ) دا لەبارەی تیرەی جودەکی دواوە.

**د– چقلۆەندی:**

ناوچەی چقلۆەندی بە ساردترین ناوچەی لوڕستان ناسراوە، بەربلآوی لە هەزار و سەد کیلۆمەتری چوار سووچە زۆرترە کەوتووەتە نێوان کەژی شانشین و چیای گرێوگۆل زەرد و حوشتر مل و لە ڕۆژاواوە چیای ڕیملەو پلومان.

گەورەترین و بەناوبانگترین چیاکانی ئەم ناوچەیە ئەمانەن: چیای گری، پونە، ڕملە، سیا کەمەر، مەحمەل کوهـ، حوشتر مل.

## ڕووبارەکانی چقلۆەندی:

١– ڕووباری هەور: لە ناوچەی قائد ئەحمەدەوە سەرچاوەکەی دەست پێ دەکا و وردە وردە گەورەتر دەبێ و دوو بەرئاویان بە سەرەوە کردووە لە خوارەوە نێوی دەگۆڕێ بەناو کاکە ڕەزا.

٢– ڕووباری بزهل: سەرچاوەکەی لە سەراب مورادەوە دەست پێ دەکا و جۆگە و ڕووباری بچکۆلەی تری تێ دەڕژێ وەك پوونە، گری، لە خوارەوە دەڕژێتە نێو ڕووباری سیلاخۆر.

٣– ڕووباری خوشکە: لە ملە تەختەوە سەرچاوەکەی دەست پێ دەکا و چەندین ڕووباری بچکۆلەی تێ دەڕژێ وەك ڕووباری حوشتر مل. سەر ئەنجام تێکەڵی ڕووباری (وڵم) دەبێ.

٤– ڕووباری دینار ئاباد: لە چیای پوونەوە دەست پێ دەکا و دەڕژێتە ڕووباری سیلاخۆر.

ئەم ناوچەیە کراوەتە پێنج بەشەوە:

١– سەر هەرۆ: کە بە هەوارگەی هۆزی قائد ڕەحمەتەکان ناسراوە.

٢– هەرۆی ناوەڕاست: هەوارگەی هۆزی دالوەندەکانە.

٣– هەرۆی باشوور: هەوارگەی هۆزی پیرانوەندەکانە.

٤– وەرکو: جێگە و شوێنی هۆزی سەعبان و شاهـ پیرانوەندەکانە.

٥– یار ئەحمەد: قوبادییەکانی تێدایە.

– چیا بەرزەکانی چقڵوەندی ئەمانەن: چیای ڕیملە، شیشە، سرنجە، قەلعەلان، پوونە، باقلە، شاهنشین، گردکانە.

ئاوایییە گەورەکانی چقڵەوەندی ئەمانەن:

ملە قوربان، چواربرجی، مختوانی، کلە چووب، کاسیان، سەراو سەوز، سەراو ئەمیر، بایالی، ماڵ ئەسەد، دەرە کبوود، دەتپە، خان ئەمیر، ئاوسەردە، تووهیشکە، ملە تەخت.

تیرەی پیرانوەند کە یەکێکە لە تیرەکانی عەشایەری لوڕ بە ئازاترین شەڕکەر و جەربەزە و نەترساو ناسراون. وا دراون لە قەڵەم کە ژمارەیان گەلێك زۆرە بەڵام هێرش و ئازایییەکەیان لە شەڕ و پەلاماردا هەردەم بەلای دوژمنانیانەوە بە هی زۆریان دانراوە، لە کاتێکدا هەرگیز بەو ژمارانە نەگەیشتوون کە بیریان لێ کراوەتەوە.

(مەسعوود میرزا زل) پێش نەوەد ساڵ لەمەو پێش ژمارەیانی بە دە هەزار خێزان داناوە، لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە ناگونجێ لەگەڵ ژمارەی ڕاستەقینەیاندا زۆر لە مێژوونووسان باسی ئەم تیرەیان کردووە وەك مستەوفی لە کتێبی (تأریخ گزیدە) و (منتخب التواریخ) لە لاپەڕە ٦٣دا لەلایەن موعینییەوە و لۆرد گورزن و دوکتۆر فۆرییە لە سەفەرنامەکەیدا لاپەڕە ٢٧٤.

ویلسن لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی:

«سەرۆکی تیرەی پیرانوەند داوای لێ کردم کە داوا لە دەوڵەتی مەرکەزی ئێران بکەم تا خزمە گیراوەکانی بەرەڵلا بکات، ئومێدەوارم کاتێك دەوڵەتی ئێران

دەسەڵات پەیدا کات بچووکترین ڕەحم بە تیرەی پیرانوەند نەکات.»

لە لاپەڕەی ٢٣٥ی کتاوی باشووری ڕۆژاوای ئێراندا ولسن نووسیویەتی:

«حوسێن خان لەلایەن خانەکانی پیرانوەندەوە پەیامێکی پڕ لە نەوازشی بۆ هێنام، ئەڵبەتە دوای ئەوەی ویستیان دەستگیرم بکەن و نەیانتوانی.»

## مێژووی شاری خوڕەم ئاباد:

لە ناوەڕاستی سەرتاسەری لوڕستاندا شارێکی خنجیلانە و ڕێکوپێك لە چوارلاوە کەژ و کێوی بەرز لە ئامێزی گرتووە و ناز بە کەژی شەهانشا و تاف و مەخمەڵ کێو و یافتە دەفرۆشێ. شاری خوڕەم ئاباد هەر وەك ئافرەتێکی نازەنین و سەلار لە دۆڵێکی سەوز و خوڕەمدا ئۆقرەی گرتووە، لەبەر پێچ و پەنای دۆڵەکە بە یەکجاری سەرتاسەری شار وەدی ناکرێ. لە کتاو و پەرتووك و تۆمار و تەختە بەردە نووسراوەکانی پێش ئیسلامدا ناوی خوڕەم ئاباد بەدی ناکرێ، هەتاوەکو مێژوونووسانی یۆنانیش لەبارەی خوڕەم ئاباد هیچیان نەنووسیوە و تۆمار نەکردووە. ئەگەرچی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسان و چاوساقی کەلەپوور پێیان وایە کە تەپۆلکە و گردەکانی دەوروبەری شاری خوڕەم ئاباد لەمێژە دەسەڵاتدارانی مێژووی کۆنی تێدا نیشتەجێ بووە، زۆربەی زۆریان لە باوەڕێکدان شاری «خایدالو» کە لە هەندێك بەردەنووسی سەردەمی ئاشووریدا ناوبراوە هەمان گرد و تەپۆلکەکانی دەوروبەری شاری خوڕەم ئابادە. ماسپیرو لە کتاوی مێژووی میللەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتدا نووسیویەتی: «هەواڵی گەلێك ترسێنەر دەگاتە «کدور نانخوتا» و دەزانێ لە شاری (ماداکتو)دا هیچ بەربەرەکانییەکی پێ ناکرێ بە خۆی و سوپاکەیەوە پەنا دەباتە «خایدالو» کە لە هەرچوار لاوە چیای بەرز و بڵند دەوری داوە و دوژمن بە ناچاری لە دۆڵ و دەربەندێکی سەخت و دژوار دەبێ تێپەڕ ببێ تا بگاتە هەوارگەکەی.»

کەلەپوورناسان بەوردی توانیویانە گۆشە و کەناری شاری خوڕەم ئاباد لێك بدەنەوە و پەنجە بخەنە سەر زۆر شتی ڕاستەقینەی مێژوویی. گومانی تێدا نییە کە خوڕەم ئاباد پایتەختی دەسەڵاتی عیلامییەکان بووە و دوای لەناوچوونی ئەو

دەسەڵاتە ئەو شار و جێگەشە گرینگیی خۆی لەدەست داوە.

فیردەوسی تووسی پێی وایە کە شاری خوڕەم ئاباد لە سەردەمی ساسانییەکاندا شاپووری ذو الاکتاف دروستی کردووە[١]:

أز بهر أسیران یکی شهر کرد
جیهانرا أز ان بوم و بر بهر کرد
کرا خرّم آباد بد نام شهر
از ان بوم خرّم کرا بود بهر

مێژووی بنیاتی ئەو شارە لەگەڵ نەخۆشخانەی جوندی شاپووردا بەرابەر دەکاتەوە.

(مشیرالدولە)ی پیرنا و دمرگانی فەرهەنسایی ئەوانیش دەڵێن[٢]: «شاری خوڕەم ئاباد هەمان شاری (خایدالو)ی سەردەمی دەسەڵاتی عیلامییەکانە. بەگوێرەی قسەی فیردەوسی لە کاتی ساسانییەکاندا دووبارە ئەم شارەیان بنیات ناوەتەوە. بەدوای ئەواندا ئەتابەکەکانی لوڕستان بەسەر پاشماوەی ئەو شارە کۆنەوە شاری خوڕەم ئابادیان دروست کردووەتەوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلام سوپاگەریی ئەو حەلەدا ئەو شار و ناوچەیە ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لە سەرکەوتن و هێرش و پەلامار و ئازووقە گەیاندندا بە لەشکری دوور و نزیك. ئەگەرچی زەمانێکی زۆر ناوچەیەکی لەبیرچوو بوو، بەڵام دوای دەسەڵاتی ئەتابەکەکان کەوتەوە سەر زمان و بەرچاو، چەندین بەڵگە بە دەستەوەیە کە لە ساڵی پێنجسەد و هەشتای کۆچەریدا لە لایەن شوجاعەدین خورشیدەوە دووبارە دروست کراوە[٣].

ئەگەرچی زۆر جار کەوتووەتە بەر شەپۆلی هێرشی داگیرکەرانی شاکانی سەفەوی و عوسمانی و تەیمووری لەنگ قەڵای سەخت و دژواری خوڕەم ئابادیان وەدەست هێنا و وێرانیان کردووە.

---

(١) شاهنامە ل١٠٨.

(٢) ایران باستان بەرگی یەکەم ل١٣٠ .

(٣) جغرافیای نیظامی خوزستان ل١٧٨ .

حەمدلای مستەوفی لە کتاوی (نزهە القلوب)دا دەڵێ:

«شاری خورەم ئاباد شارێکی ئاوەدان و پڕ درەختی خورما بووە، بەڵام ئێستا وێرانەیە». سەیر لەوەدایە بۆ نموونە یەك داری خورما لەو شار و ناوچەدا وەدی ناکرێ و لە مێژیشەوە کەس داری خورمای لەو شارەدا نەدیوە.

دمرگان وێرانکردنی ئەو شارەی لەلایەن تەیمووری لەنگەوە ساڵی ١٣٨٣ز داناوە، حەزین نووسەرێکی تری ئێرانی کە لە دەستی هێرشی ئەفغانییەکان بەرەو لوڕستان هاتووە و گوزەری کەوتووەتە شاری خورەم ئاباد دەڵێ: «هاتنە شاری خورەم ئاباد کە بارەگای والیی فەیلی لوڕستانە، وڵاتیکی ئاوەدان و خۆش ئاو و هەوا و ڕازاوە، لە مێژەوە بە پایتەختی ئومەرای فەیلی ناسراوە». دیارە هەر لەو کاتەدا حەزین خورەم ئابادی دیوە شەڕ لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا ڕوو دەدا و شاری خورەم ئاباد بەچۆڵی دەبینێ، دیارە شارێکی گەورە بووە، چونکە هەر لەو حەلەدا ناوی دزفوول و شاری بروجرد گەلێك بە بچووکتر ناو دەبرێ.

ئیبن خرداذبە لە لاپەڕەی کتاوی مالك الممالك دا دەڵێ: «إن أراد أصبهان إلى الكرج ضمن الكرج الى خرماباد سبعە فراسخ».

لسترانج لە کتاوی وڵاتانی خولەفای ڕۆژهەڵاتدا دەڵێ: «گەورەترین شارەکانی دەسەڵاتی لوڕی بچووك خورەم ئاباد و بروجورد و شاپور خواستە». ئاشکرایە لە سەردەمی هێرشی تەیمووری لەنگدا شاری خورەم ئاباد شارێکی گەورە و ئاوەدان بووە. بەڵام جوغرافیانووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی عەرەب بەهیچ جۆرێك ناویان نەبردووە».

دیارە لە سەردەمی ژیانی نووسەری (نزهە القلوب)دا خورەم ئاباد شارێکی جوان و خنجیلانە بووە، پڕی بووە لە داری خورما[١]. لە کتاوی (تحفە العالم)دا نووسراوە: «من چەند ڕۆژێکە لە شاری خورەم ئاباد هاتوومەتەوە. بە شارێکی خۆشی ئاو و هەوا و جوانکیلەیە و هەموو کات بە پایتەختی ئومەرای فەیلی ناسراوە.»

(١) نزهە القلوب ل٧٩و ل٥٥٧.

له سەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکاندا (لۆرد گورزن) هاتووەتە شاری خوڕەم ئاباد، هەروەها پێش هەزار و چەند ساڵی لەمەوبەر (مسّعر ابن مهلهل الخزرجی) گوزەری کەوتووەتە شاری خوڕەم ئاباد بەڵام ناوی نەبردووە، بەپێی بازێك لە چاوگەکان لە سەردەمی فەتح عەلی شای قاجار و محەمەد عەلی میرزای کوڕیدا قەڵای گوڵستان دروست کراوە کە یەکێکە لە قەڵاکانی لوڕستان. لە سەردەمی پاشایەتیی ناسرەدین شای قاجاردا ڕووباری ناسری(١) دروست کراوە. شاه عەباسی گەورە و کەریم خانی زەند و نادر شای ئەفشار و فەتح عەلی شای قاجار هەر هەموو ئەوانە چوونەتە شاری خوڕەم ئاباد. لەناو شاری خوڕەم ئابادا چەندین چاوگەی ئاوی شیرین و زەلاڵ هەڵدەقوڵێ وەکو «گرداب سنگی» گردابی گەورەی شار، کیاو، سەراب، شائاباد ئاوی، گوڵستانە، ئاوی گەورە و مملوی بچووك. کانیاوی گوڵستانە لە ژێر تەپەکەی قەڵای (فلك الافلاك) دێتە دەرەوە، یەکێك لە ئاسەوارە بەناوبانگەکانی خوڕەم ئاباد ئەم قەڵایەیە کە لە سەردەمی ئەتابەکەکاندا دروست کراوە. ڕووباری خوڕەم ئاباد لەنێو دۆڵ و بن چیاکاندا کە پێچ و لوول دەخوا جوانی و ڕازاوەیی شارەکە چەندین بەرانبەر دەکا، پردێکی گەورە کە لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێن سەفەویدا دروست کراوە دوو لای شار پێوەست بە یەکەوە دەدا.

لۆرد گورزون دەڵێ: «پردەکەی خوڕەم ئاباد بیست چاتمەی هەیە ئەگەر بەگورجی پێیا ڕانەگەن لە هەرووژاندایە.»

منارەیەکی بەرزی ٢٧ مەتری بە دووریی دوو کیلۆمەتری لە شارەوە دوورە کە لە سەردەمی ئەتابەکەکاندا بۆ چاودێری و دیدەبانی دروست کراوە.

أبو دلف مسعر ابن مهلهل نووسیویەتی: (ماسبذان وە مهرجان قذف) چەندین شاری گەورەی تێدایە. لەو کاتەدا زۆربەی زۆری نیشتەجێیەکانی لوڕستان تیرە و هۆزی کوردی لای کرماشان و دەوروبەر بوونە.

---

(١) روضە الصفای ناصری بەرگی دەیەم.

## ئەلشتەر (سلسلە):

کەوتووەتە سەرەوەی لوڕستانەوە، باکوری چیای (گری)یە و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی چقڵەوەندی و ڕۆژاوای دلفانە و باشووریشی سپی کێو و ناوچەی چگنییە. بە ناوچەیەکی کوێستانی لە قەڵەم دەدرێ، لە زستاندا بەفر و بارانێکی زۆری تێدا دەبارێ و لە هاوینیشدا ئاو و هەوای دڵپەزێرە. بەربلاو دەگاتە ۳۰۰کم۲ بە پڕ خێر و بەرەکەتترین ناوچەکانی لوڕستان ناسراوە. چیا بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە چیای گری، کێوە سوور و ڕیملە، کێوە سپی و سیا کەمەر و ئەلیشتەر و هەنامە. لەو ناوچەیەدا جۆگە و ڕووباری گەورە و بچووك فراوانە وەك ڕووباری کاکە ڕەزا، دوئاو، هەنام، کەهمات. زۆرتر لە ۱٥۸ دێی تێدایە کە کراوەتە چوار بەشەوە: حسنوەند، کوڵیوەند، یوسفوەند، هەنام و بستام. ئاواییە گەورەکانی: قەڵای موزەفەری، ڕەزا ئاباد، کوڵیوەند، فەیروز ئاباد، ئاو باریك، یوسفوەند، ئەکبەر ئاباد، کاوکوش، هەنام و بستام، کاکە ڕەزا، خوسرەو ئاباد، سەراب هەنام.

لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە کەوتووەتە سەر دووریانەوە بۆیە لە چاوگە مێژوویینەکاندا زۆر ناوبراوە، جگە لەوەی لە ئاسەوارەکانیدا زۆر بەڵگە بەدەست هاتووە نیشانەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کاسیتەکانە کە لەو ناوچەدا ژیاون. شاری (نیسا) کە گوایە ئەسکەندەری ماکەدۆنی لەبەر ناوبانگی ئەسپ و ماینی ئەو ناوچەیە ڕۆیشتووەتە دیدەنی[1]. یاقووت دەڵێ: «ئەلیشتەر کەوتووەتە نێوان شاری هەمەدان و نەهاوەندەوە»[2] بەڵام لەوە دەڕوا بە هەڵەدا چووبێت و ڕەنگە مەبەستی (علیشکر)ی ناوچەی هەمەدان بێ نەك لوڕستان.

ئەستەخری لە کتاوی مسالك الممالك دا دەڵێ[3]: لە نەهاوەندەوە تا لاشتەر دە فەرسەخە و لە لاشتەرەوە تا شاپور خواست سیازدە فەرسەخە».

(١) راهها و پایتختهای قدیمی. دکتر کریمی.

(٢) معجم البلدان ل٣٦٩.

(٣) المسالك والممالك ل١٩٧.

مستەوفی لەم ڕووەوە نووسیویەتی[(١)]:

«لە لیشترا ئاگردانی (ئروخس) نەدەکوژایەوە»

نووسەری حدودی عالەم دەڵێ[(٢)]:

«شاری لیشتەر ئاو و هەوای خۆشە و بادەمی باشی تێدایە.»

عالەم ئارای عەباسی[(٣)] کە لەبارەی لوڕی بچووک دەدوێ دەڵێ: «ئەلیشتەر شارێکی مەزنە لە لوڕستاندا.»

بەڵام لە کتاوی مرآە البلدان دەڵێ: «ئەلشتەر شارێکی وێرانە و پەرپووتە، کەوتووەتە ناوچەیەکی سەر سەوز و پڕ لە ئاو و کانیاو». مەسعوود میرزای خوێنڕێژی کوڕی ناسرەدین شای قاجار دەڵێ:

«ئەلیشتەر شارێکی وێران و بەربادە ئەم ناوچەیە هەموو کات بە دەستی فەرمانڕەوایانی کوردەوە بووە»[(٤)].

خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆرتر لە تیرەی حەسنەوەند و یوسفوەند و کوڵیوەند و کەرەم عەلی و فەلەکەدینن و بە زیرەك و کارزان ناسراون و یەشتا مەیلیان بە لای بیروڕای «حرووفییە»وەیە.

کانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە گەچ، خوێ، ئاهەك، بەردە زوخاڵ، ئاسن و مس.

بەناوبانگترین پیاوی ئەو ناوچەیە کە لە زۆر چاوگەی مێژووودا ناوبراوە خانی حەسنەوەندە، ئەم خانە یەکێك بووە لە چەك هەڵگر و شمشێروەشێنەکانی کەریم خانی زەند، هەروەها مهر عەلی خان خاوەن دەسەڵات و سوارەیەکی زۆر بووە، بە فێڵ و سوێندی درۆی کاربەدەستانی ڕەزا شاهی تەفرەیان داوە و دەستگیریان کردووە[(٥)].

---

(١) نزهە القلوب ل٧٨ .

(٢) حدود العالم ل٨٣ .

(٣) عالم آرای عباسی ل٢٢ .

(٤) جوگرافیای نظامی لوڕستان ل٩٦ .

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢ .

یەشتا زۆر لە داوونەریتی پێش ئیسلام لە ناوچەی ئەلیشتەری لوڕستاندا وەدی دەکرێ. تیرەی کاکوڵوەند، معفر، خەمسە، بستام، وەیسی، دەکاموەند، ترکاشوەند، جان جان، موئمین، گاوکوش، ئەسڵان شا، فەروخ شا، کەرەم شا، یمار شا، ساکی، سوری، سیاپۆش، ئاهنگەر، کورد لەو ناوچەدا نیشتەجێن.

## مەلاوی:

کەوتووەتە نێو ناوچەکانی خورەم ئاباد و وەیسیان و لورە گەرمیانییەکان و پاپی و کەشکان. بەشی سەرەوەی پڕە لە چیای بەرز بەرز تا ڕادەیەك بە کوێستان دادەنرێ بە پێچەوانەی دەشتەکانی بەشی خوارەوەی: چیای کیالان، کەبوتەران، دەلیچ، غەزال، هەشتا پەهلو بەشی سەرەوەی ناوچەکەی گرتووەتە خۆ. ئەم چیایانە وەك زنجیرەیەکی پان و درێژ لە زۆر بەشی لوڕستاندا وەدی دەکرێن. لەم ناوچەیەدا ڕووباری گەورە و بچووکی زۆری تێدایە وەك ڕووباری: غەزال و فەنی و زال. برێك لەم ڕووبارانە لە هاویندا کەم دەکەن و لەبەرئەوەی بە خاك و زەوییەکی جۆراوجۆری پڕ لە کان و گەچ و خوێ و نەوتاویدا دەگوزەرێن تام و چێژێکی تاڵ و تفتیان تێدایە.

دانیشتووانی مەلاوی زۆرتر لە تیرەی: میر، بەهاروەند، جودەکی پێك هاتوون جگە لە شارەدێی «باڵاگریوە» تێکڕا ٤٨ دێ لەو ناوچەیەدایە بازێك لەو دێهاتانە بوونەتە شارەدێ وەك: مەلاوی، پول دوختەر، مەعمولان، ئافەرینە، چۆڵوهۆڵ.

لە ناوچەی ئافەرینەدا تاڤگەیەکی گەلێك جوان لە دابڕاویی چیاکەدا دەکەوێتە خوارەوە، ڕووباری غەزالیش بۆ هەردەم جوانی و دیمەنی بەلای بینەرانیەوە لە بیر ناچێت ئەم ناوچەیە بە دووریان ژمێردراوە؛ کاروانی خوار و ژوور ئەگەر باج و خاوەی تێپەڕبوونی بە سەلامەتییان نەدابا بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و لە ژێر تفەنگی ئەواندا تێ دەپەڕین یان تووشی دەردەسەر و بیگرەوبەردە و ڕووتکردنەوە دەبوون. خەڵکەکەش بە ئازایی و چاونەترساوی و بێ باکی شۆرەتیان هەیە. زۆرتر لە پێش تێپەڕبووندا قورئانیان بۆ زەوارەکان ئیمزا دەکرد بە نیشانەی ئەمان و سەلامەتی.

خانمی دوراند لە ساڵی ١٨٩٩ زاینیدا گوزەری دەکەوێتە لوڕستان و پێش ئەوەی بەو ناوچەیەدا تێپەڕ بێ فەرمانداری ناوچەی خوزستان یەك دوو دەمڕاسی لوڕ بانگ دەکا و دەیکاتە چاوساق و پێش قەرەوڵی دوراندی سەیاح، دەڵێ: دەتوانم بەوردی باسی ئەو دوو کەسەتان بۆ بکەم؛ یەکێك لەو دووانە ناوی میرحاجی خان بوو کڵاوێکی لە خوری فەرەنجی لەسەر دابوو دەورەکەی بە ساتان چنرابوو، ریشی رەشی لێ بەردابوویەوە جگە لە سپێنەی چاو و دانەکانی تەواوی روخساری رەش و تاڵ دەهاتە چاو، کەواکەی لە پارچەی گەبەردین و رانکێکی رەشی لە پا دابوو، سواری ماینێکی لەڕ و چابك بووبوو بە چالاکی لەنێو تل و دەوەن و بەرد و بەرزی و نزمیدا سەردەکەوت، ئامۆزاکەی بەپێیان لە پێشەوە دەرۆیشت هەر یەکە تفەنگێکی (مارتینی)یان لە شاندا بوو کە دوو سێ قەتار فیشەکیان چەپ و راست لە خۆ دابوو.

**تەرهان:**

ئەم ناوچەیە بە گرینگترین ناوچەکانی لوڕستان دەدرێ لە قەڵەم، کەوتووەتە رۆژاوای باکور و کەوتووەتە نێوان چەندین رووبارەوە لە باکورەوە رووباری سیمرە و لە خوارەوە رووباری کەشکان و لە رۆژهەڵاتەوە دیسان رووباری کەشکان و ناوچەی چکنییەوە. دۆڵ و دەربەندی سەرسەوز و پڕ لە ئاو و کانیاو بەربڵاوی دەگاتە ١٢٠کم٢ .

چەندین زنجیرە چیای تێدایە وەك چیای گوراز، سورخ دەم لوڕی، هیزم ئاباد، چۆڵوهۆڵ، دەم شیران، سێ دندانە، خەرسدر، وەسماق.

لە ناوچەی گاومیشاندا پردێکی گەورەی کۆن وەدی دەکرێ، رووباری گەورە و بچووك لەم ناوچەیەدا فراوانە و زۆربەی کشتوکاڵ ئاویاری دەکات، بەداخەوە رووبارە گەورەکان لەبەر قووڵی و دابڕاوی ئاورەوەکانی هێندە سوودی لێ وەرناگیرێ، بەڵام رووبار و جۆگە جۆراوجۆرەکانی وەك مادیان، سیاب، قلعە ئاستان.

یاقووتی حەمەوی لەبارەی ئەو پردە کۆنە لە (معجم البلدان) دا دواوە. تەرهان

کراوەتە سێ بەشەوە:

١- کۆهدەشت ٢- ڕومیشکان ٣-تەرهان

لەو کتاوانەی وا لە سەدەکانی هەشتەم تا سیازدەمی کۆچەریدا نووسراون ناوی (کورشت و کۆهدەشت)یان زۆر تێدایە. دانەری کتاوی (گزیدە) دەڵێ کورست لە لوڕستاندایە، مەسعودی لە کتاوی (التنبیە والاشراف)دا ناوی (کۆهدەشت) دەبا و دەڵێ شارێکی وێرانە و کاول بووە. لەوەی گومان نییە کە تەرهان یەکێکە لەو ناوچە مێژووینەی لوڕستانە و بە بێشکە و هەوارگەی هۆزە کاسیتەکان دەناسرێ و زۆر بەڵگەی مێژوویی و زیوەر ئالات و قاپ و قاچاغی جۆراوجۆریان لە تەپۆلکەکانی ئەو ناوچەیە دەرهێناوە.

زۆربەی مێژوونووسان لەوەی دڵنیان کە ناوچەی تەرهان لە پێش ئیسلامدا ناوچەیەکی ئاوەدان و پڕ جووڵانەوە و بە پیت و بەرەکەت بووە، وە بە گوێرەی نووسینەکانی (مستەوفی و بدلیسی) دیارە دوای دەسەڵاتی ئیسلامیش هەر ئاوەدانی پێوە دیار بووە.

مستەوفی لەم ڕووەوە دەڵێ: (سمها) ناوچەیەکە مەڵبەندی (شجاع الدین خورشید) ناسراوە کە دانەری دەسەڵاتی لوڕی بچووك و وا دەردەکەوێ سەرەتای ئەتابەکەکانی لوڕ لەو ناوچەوە دەستی پێ کردووە.

بە ناوبانگترین چیای (تەرهان) سورخ دەم و لکی و چەنکرین. زۆرتر لە حەفتا دێ و ئاوایی تێدایە بە ناوبانگترینیان سەراب میری و ئەبولعیرفان کە بە ناوی ئیمامزادە (أبوالوفا)وە ناونراوە.

ڕومیشکان کە لە دامێنی چیای (معلە)دایە و زۆرتر سوود لە کانیاو وەردەگرن بۆ کشتوکاڵیان.

لەو ناوچەدا ئاسەواری زۆر وەدی دەکرێ، زۆر لە ئاسەوارناسان وەك گیرشمن و دەمرگان و سیر ئورل ئوستیین گوزە و کووپەڵە و گۆبەرە کۆن و پەیکەری گەورە و بچووکیان لە ژێر خۆڵا وەدەر هێناوە.

دەشتی (ڕومیانی) سەر سەوز و ئاو و هەوا خۆشە و زۆربەی خەڵکەکەی

دەوارنشینن، لە ئاوی بیر و چاڵاو سوود وەردەگرن. بەڵام ناوچەی یازوەندی تا ئەندازەیەك گەرمە و ئاو لە چاڵاو دەخۆنەوە، زستانانە لە خانوودا دەژین هاوینانیش لە دەوار و ڕەشماڵدا بە دوای لەوەڕی ئاژیڵا لە کۆچ و باردان.

تەرهان هەرچەندە کەوتووەتە نێو زنجیرەیەك کەژ و کێوەوە، بەڵام لە هاوینا لە ناوچەکانی تری لوڕستان گەرمترە. چیای بلوران، سەر ئاستان لە نزیکی تەرهاندایە پڕن لە گژوگیای فراوان، بە سەریەکەوە لەو ناوچەیەدا چل دێی تێدایە گەورەترینیان پشتە گراب، سەر تەرهان، گر خوشاب و کونانین. خەڵکەکەی ئەو ناوچەیە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن.

خەڵکی ئەو ناوچەیە بە لەهجەی لوڕی و لەکی دەدوێن، تیرەی (گراوەندەکان) کە چەندین پەل و کۆمەڵن، بە لەهجەی لەکی دەدوێن و لەبارەی ئابوورییەوە تا ڕادەیەك دەوڵەمەندترن.

ئادینە وەندەکان و تیرەی کۆنانی و ئازاد بەختەکان و کوڕانی قوبادییەکان هەر هەموویان بە لەهجەی لەکی دەدوێن. بەڵام ئەو تیرانەی وا بە لەهجەی لوڕی قسە دەکەن ئەمانەی خوارەوەن:

سوری، ئومارا، غەزنەفەری، کوشکی، قرعلییوەند، خۆشناموەند، زیودار، ڕیکا، حزونی عەبدولی، گرمەیی، شیراوەند لەو تیرانەدا ئومەرایەکان بە پاشماوەی ئومەرای لوڕ دەژمێردرێن.

یەکێك لەو ئومەرایانە کە لە زۆر چاوگەی مێژوویی ئەم دوادوایەی ئیراندا باس دەکرێ (نەزەر عەلی خان)ە کە ئینگلیزەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت دڵنەوازیان کردووە و لێی ترساون.

لەم ناوچەدا هەر دۆڵ و دەربەندێکی مەزاری ئیمامزادەیەکی تێدایە ڕەنگە زۆربەی ئەو مەزارانە هی دەسەڵاتدارانی سەردەمی کۆن بوونە و بەگوێرەی درێژیی زەمان بوونەتە زیارەتگا و پەنا و مەزاری خەڵکی نەخوێندەوار و بێ دەرەتان و داماو:

١– ئیمامزادە محەمەد

٢- أبوالوفا

٣- بلوران

٤- ئیمامزاده پیر میکائیل

٥- زەردە سوار

٦- داود ڕەشید

٧- پەنج عەلی

٨- شاهـ ئەحمەد

٩- بابا هوی

١٠- سالار وەلی

١١- سهل نادان

١٢- حزونی

**سیمره - داراشار:**

لە سەرەوەی ڕۆژهەڵاتی سیمرەیە و لە ڕۆژاواوە ناوچەی بەدرەی عیلامە و لە خوارەوە چیای سەر بە ئاسمان کشاوی (کبیر کوهـ)ە.

ئەم ناوچەیە بەدوو بەشی جیاواز ناسراوە؛ بەشی سەرەوە و خوارەوە کە لە بارەی ئاو و هەواوە لێك جیاوازن. بەشی سەرەوەی گەرمیانە و باشوور و ڕۆژهەڵاتی تا ڕادەیەك لە هاویندا فێنکە و ئاو و هەوایەکی دڵپەزێری هەیە، چەندین چیای بەرز و بڵندی تێدایە وەك چیای: سیمرە، وەرە زەرد، بابا سەیفەدین.

مینۆرسکی دەڵێ: چیای مانشیت چەندین ڕووباری تێدایە وەك:

١- ڕووبارەکانی ڕۆژاوای سیمرە کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن.

٢- ڕووباری (ئەیوان) کە لە سەرچاوەکەیەوە بەرەو باکور دەڕوا و زۆر ناخایەنێ پێچ دەکاتەوە بەرەو سارای بەندینجین واتا شاری مەندەلی.

٣- لە ڕۆژاوایەوە ڕووبارێك دادەکشێت بەرەو وڵاتی عێراق بەناوی تورسەف.

٤- ڕووباری گەنجیان کە بەرەو زەرباتیەی عێراق دەڕوات.

پـانـتـایـیـی نـاوچـەی سیـمـرە: درێژییـەکـەی ٩٠ کـیـلـۆمـەتـرە، پـانـیـیـەکـەشی ٢٤ کیلۆمەترە.


تێکڕا ٣٧ دێی تێدایە لەگەڵ چەندین گەورە دێ، وەکو:

دەرەشەهر، شێخ مەکان، چەم کەلان، ماژین، هاشم ئاباد، شاه کەرەمی خالسە.

مـێژوونـووسانـی عـەرەب لـەبـارەی داگـیـرکـردنـی ئـەم نـاوچـەیـە بـیـروڕای جۆراوجۆریان هەیە، ناوچەکەش یەکێکە لە گرینگترین ناوچەکانی لوڕستان و بەختیاری.

لـە (مـعـجـم الـبـلـدان)دا ل٤٤٣ لـەبـارەی وشەی سیـمـرە دەڵـێ: ئـەم نـاوچـەیـە کەوتووەتە نێوان خوزستان و (بلاد الجبل)ەوە.

ناوی سیمرە بە (صیمرە)ش دەگوترێ، ڕووبارێکی گەورەش هەر بەناوی سیمرە لە لوڕستاندایە.



شەبستانی مزگەوتی خورەم ئاباد

مـاسـپـیـرۆ لـە کـتـاوی (مـێژووی مـیـلـلـەتـە ڕۆژهـەڵاتـیـیـەکـان)دا لـەبـارەی شاری ماداکتو نووسیویەتی: «هەواڵی هێرش و هێزی دوژمن کە گەیشتە کدور ناخونتا شای عیلام، بۆ مەبادا وای بەچاك زانی شاری ماداکتو چۆڵ بکا و بەرەو خایدالو وەرێ بکەوێ و لەوێڕا لە چیا سەختەکاندا سوپاکەی دادەمەزرێنێ و بەربەرەکانیی

دوژمن بکات».

ئەگەرچی تا بە ئەمڕۆ بەوردی مێژووی عیلام نەزانراوە و نەنووسراوە بەڵام لەوەدا گومان نییە کە ساڵی ٢٢٨٦پ. ز وڵاتی کلدەی وەچنگ هێناوە و داگیری کـردووە. جـا ئـەو ئـاسەوارەی کـە لـە داراشار دایـە هـەمـان شاری مـاداکـتـوی بەناوبانگە کە لە پێش ٤٢ سەدەدا بۆ خۆی شارێکی ڕازاوە و بەناوبانگ بووە. دەسەڵاتـی عـیـلام لـە تـەواوی دەورە کـۆنـەکـانـی مـێژوودا یـەکـێك بـووە لـەو دەسەڵاتانەی پێوەستە لە شەڕوشۆڕ و ململان و ئاشتی و بیگرەوبەردەدا بووە لەگەڵ دەسەڵاتە بە هێزەکانی ئەو دەمەدا وەك سومەر، کلدە، ئاشوور.

وەك وتمان بـیـروڕا زۆرە لـەبـارەی چـۆنـیـەتـیـی پـەلامـاری سوپـای ئیسلام بۆ ناوچەی سیمرە. دانەری «مؤلف البلدان» لە بەرگی چوارەمدا دەڵێ:

«سوپای ئیسلام بە فەرماندەی ئەبومووسا دوای تێشکانی سوپای ساسانی لە ناوچەی نەهاوەندا بەرەو دینەوەر و ماسبذدان چوون، سیمرەشیان بەبێ شەڕ و بەرانبەرکێ وەدەست هێنا. بەڵام زانای گەورەی کورد ڕەشید یاسەمی[١] لە کتاوی کورد و پێوەندە ڕەگەزایەتییەکانیدا دەڵێ: «فەرماندەی سوپای ئیسلام (قەیسی بنی ئەبوسەلمە) دوای شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ خەڵکی ماسبزان و سیمرەدا ئەو دوو ناوچەیەی داگیر کرد».

یاقووت لە (معجم البلدان) دا ل٢٤٣ نووسیویەتی: «شاری سیمرە کەوتووەتە نێوان خوزستان و مهرجان قذقەوە، لەو شارەدا دارخورما و دارگوێز و زەیتوون دەبینرێ. لە نێوان ئەو ناوچەیە و ناوچەی (تەرهان)دا پردێکی گەلێك گەورە و سەرسام ئاوەر وەدی دەکرێ کە گەورەیی و درێژی و پانییەکەی دوو بەرابەری پـردەکـەی شاری خـانـەقـیـنـە» ئـەمـە ئـەوە دەگـەیـەنـێ کـە پـردەکـەی سەر ڕووبـاری ئـەلـوەنـدی نـاو شاری خـانـەقین لـەو کـاتـەدا هـەبـووە و زەمـانـێکیشی بـەسەردا ڕۆیشتووە.

ئـەستـەخری نووسیویەتی[٢]: «سیـمـرە و شیـروان دوو شارۆکـەی بـچـووکـن،

(١) رشید یاسمی: کورد و پێوستیگی نژادی او ل١٧٦.

(٢) مسالك الممالك ل٢٠٠ .

خانووەکانیان لە بەرد و گەچ دروست کراون، لەو شارەدا هەموو جۆرە میوەیەك دەبینرێ وەك لیمۆ، گوێز، زۆربەی میوەی گەرمیان و کوێستان. ئەبوتەمام ئیبراهیم ئیبن ئەحمەد ئیبن هەمەدانی خەڵکی شاری بروجوردە لە بنەچەکدا بۆ خۆی خەڵکی سیمرەیە ئێستاش سەرۆکی شاری بروجوردە».

یەعقووبی دەڵێ(١): «شاری سیمرە بەگەورەترین و گرینگترین شاری ناوچەی مهرجان قدق حیساو دەکرێ و پڕ لە ڕووبار و چاوگەی جۆراوجۆرە، خەڵکی ئەو شارە کورد و عەجەم و فارسن و بە فارسی دەدوێن».

مەسعوود ئیبن موهەلهەل(٢) دەڵێ: «لە نەرزەوە بەرەو ڕاست ڕوو بە ماسبدان مهرجان قدق دەڕۆن شاری زۆر دێتە ڕێ وەك شاری ئەریوجان کە شارێکی جوان و ڕازاوەیە و لە دامێنی چیای سەر سەوز و پڕ لە دار و درەختە و چەندان کانی گەورە و کانیی جۆراوجۆری تێدا وەدی دەکرێ، مەهدی خەلیفەی عەباسی لەو شارەدا مردووە و نێژراوە».

قەڵایەکی کۆن و دژوار لە سیمرە دایە ناسراوە بەقەڵای سەردەمی ساسانییەوە بەهاوینەهەواری هومزان دەناسرێت، ئەگەرچی لە هێرشی سوپای ئیسلامدا وێران کراوە و بومەلەرزەش ئەو بەشەکەشی بەیەکجاری وێران کردووە یەشتا هەروەك شار ماوەتەوە.

مەسعوودی لەم ڕووەوە نووسیویەتی(٣): «لە ساڵی ٣٣٤ی کۆچیدا بلەرزە شاری سیمرەی وێران کردووە».

دانەری (أحسن التقاسيم ل٣٣٨) دەڵێ: «وڵاتێکی ئاباد و پڕ خێر و بەرەکەتە، لە ساڵی ٢٥٨دا بلەرزەیەکی ڕووخێنەر ئەو شارەی وێران کردووە».

ئیبن ئەلئەسیر و حەمزەی ئەسفەهانی هەردووکیان پێیان وایە کە بلەرزەکە ساڵی ٢٥٨ك ڕووی داوە.

---

(١) تاريخ جغرافياى خوزستان. بخش صيمره.

(٢) سفرنامه ابو دلف ل٦٠ .

(٣) التنبيه والاشراف ل٣٤٣ .

دانەری (الکامل في التأریخ) لەبارەی ئەو زەلزەلەیەن بلەرزە دەڵێ: دەنگێکی یەکجار گەورە بیسترا، بەدوایدا دەنگێکی گەورەتر.. وە شار بەیەکجاری وێران بوو، زۆرتر لە ٢٠ هەزار کەس کوژران.

لەوە دەچێ دوای ئەو بلەرزە وێرانکەرە ئەو شارە بەوێرانی ماوەتەوە.. تا سەدەی پێنجەم و شەشەم کە بەسەر کەلاوەکانییەوە شارێکی گچکەیان دووبارە دروست کردووەتەوە وە هەر لەو نزیکەدا کەل و دەربەندێکی گرینگ و دیدەنی دەبینرێت ناسراوە بە دەربەندی (عیلام چوبینە).

لە سەردەمی ئاقا محەمەد خانی قاجار سیمرە و پشتکوه لەژێر فەرمانی والیی لورستاندا بەڕێوە دەبرا، تا سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی بنەماڵەی حوسێن خان سیلوەرزی و نەوەکانی لەو ناوچەدا خاوەن دەسەڵات بوونە و سەرئەنجام لەلایەن سوپای ڕەزا شاوە داگیر کرا.

دانیشتوانی سیمرە لە خێڵی میرەکانن کە بە نەوەی شاهوێردی خان دەژمێردرێن. ئەو شاهوێردی خانە کە لەلایەن شا عەباسەوە خۆی و بنەماڵەکەی جگە لە دوو کوڕی هەر هەمووان سەر بڕاون.

## لوڕی گەرمیان

ئەم ناوچەیە بەخوارترین ناوچەکانی لوڕستان دەژمێردرێ کەوتووەتە نێوان ڕووباری سزار و سیمرە و چیاکانی «چاهـ والی» ئاو و هەوای گەرم و تۆزاوییە. چیاکانی: گردکانە، بهشت کۆهـ، چاوانی، باریك ئاب، کۆهـ کل، کۆهـ دز، تەنگ وان، کۆهـ لەك.. زۆربەشیان ڕووتەڵ و بێ دار و درەختن.

ڕووبارەکانی ئەمانەن: ڕووباری سزار دز، دەمدەم مازو، قلاٚشیخ، بلارود.

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە زۆربەیان لە تیرەکانی: قلاٚوەند، میر عالی خان، میرزاوەند، چەندان یعقوبوەند و خەدەمەن.

چەندان گەورە دێ لەم ناوچەیەدا هەیە وەك:

١- چلت ٢- سرخەکان ٣- قیلاب پائین ٤- ئەشکەنان ٥- پاریاب ٦- مطلب ٧- مەنگرە ٨- دورەق ٩- شێخ ١٠- چنار ١١- میرزاوەند ١٢- مەحموود عەلی ١٣- چل ١٤-جوروەند.

لەم ناوچەدا برێك مەزار و ئیمامزادەی تێدایە بەناوی شاهزادە ئەحمەد، تالب عەلی، حاجی باریك، ئیمامزادە مەحموود عەلی، ئیمامزادە شێخ. هەر یەکە لەمانەش بۆ خۆیان پەیڕەوانێکی لە دەور کۆبووەتەوە کە لە دەریای نەخوێندەواری و بیروڕای پڕوپووچدا خنکاون.

### چگنی:

ئەم ناوچەیە کەوتووەتە نێوان چیای (سپی کوهـ)و چیاکانی چل ڕاز، تەنگ تونبلە، بەرزترین چیاکانی چیای سپی کۆهـ، یافتە، سیا کۆهـ، پڕ ئافتاب، پیل وەراز.

بەرزترینیان سپی کۆهـ کە درێژییەکەی ٨٠ کیلۆمەترە و لە پایاندا ناوی دەگۆڕێت بە (هەرو) کە ئەویش بۆ خۆی بەچیایەکی سەخت و دژوار و ڕووتەڵ ناسراوە.

سێ ڕووباری گەورە بەم ناوچەدا تێ دەپەڕن، ڕووباری خورەم ئاباد، ڕووباری تەشکەن و ڕووباری کشکان.

ئەم ناوچەیە بەهەوارگەی تیرەی تولابی، چکنی، وە ساداتی (حیاة الغیب) ناسراوە. چیاکانی ناوچەی چکنی پڕ لە دار و میوەی جۆراوجۆرە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەزیرەك و وردەکاری ناوباویان دەرکردووە، چەندان گەورە دێ لەم ناوچە دایە بەناوی: سەراب دەورە، دەورە، دولبەر، دلبەر، رك رك، ناوەکوش، سەراب ناوکوش، بابا عەباس، چنگائی، جلدان، سماق، کالیاب، حەوت چەشمە.

## پاپی:

پاپی کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی لوڕستانەوە لە نێوان ناوچەی لوڕی گەرمیانی و ناوچەی وەیسیاندایە، لەبەرئەوەی مەزاری شازادە ئەحمەد کە یەکێکە لە ئیمامزادەکان و خەڵکی ئەم ناوچەیە بە مورید و خزمەتکاری ئیمام و مەزارەکان لە کۆنەوە ناسراون.

ناوچەیەکی کەژاوییە چیاکانی دار و درەختی زۆر تێدایە بەتایبەت لە چیاکانی تاف، کۆهـ کەلا، کرناس، نوژیان، تیل و مرودا. جانەوەری جۆراوجۆری تێدایە هەتاوەکو پڵنگیش لە چیاکاندا وەدی دەکرێ.

لە زستاندا بەفری زۆری لێ دەبارێ، ڕووباری گەورە و بچووك لەم ناوچەدا زۆرە وەك ڕووباری: ١- کشوەر ٢- دز ٣- کرناس ٤- دەمدەم ٥- سزار کە بە سنووری نێوان لوڕ و بەختیاری دەژمێردرێ ٦- گریتی بچووك ٧- کاکە شەرەف ٨- چنارگل. جگە لە ڕووباری کاکە شەرەف و چنار تەواوی ئەو ڕووبارانە دەڕژێنە ڕووباری سزارەوە.

ئەم ناوچەیەش بەسەر دە پارچەدا دابەش بووە:

١- چناکل ٢- کاکە شەرەف ٣- ترس لیریائی ٤- سرکانە ٥- شعباد ٦- کشوەر ٧- لوین ٨- بن ڕیز

ئاسەوارێکی بەناوبانگی تێدایە بەناوی (قەڵای تەنگ) کە لە شەڕی نێوان

عزەدین گەرشاسف و حوسامەدین خەلیل دا پەناگای حوسامەدین بووە[١].

لە سەرەتای دەم و دەورانی ئەتابەکەکانی لوڕدا ئەم ناوچەیەیان بە گرینگ هاتووەتە چاو و هەتاکو لە کتاوە مێژووییەکانیشدا باسی ناوچەی (پاپی) زۆر هاتووە وەك کتاوی گزیدە، شەرەفنامەی بدلیسی و (منتخب التواریخ).

ناوچەی (گریت) یەکێکە لە ناوچە مێژووییەکانی لوڕستان کاتێك سوپای هۆلاکۆ بەرەو شاری بەغدا سەراژێر بوویەوە بەشێکی زۆری ئەم سوپایە لەم ناوچەیەوە تێپەڕ بوون. لەم ناوچەیەدا چەندان گەورە دێ دەبینرێ وەك: گریت، وارك، هەنام، کازە، سپید دەشت، لیریائی، نای ئەنگیز، چل ڕێز، کشوەر، برد کراوەرك، للڕی، سرکانە، نۆش ئاباد.

## لوڕستان دوای ئیسلام

لە مێژەوە لوڕستان بە دوو بەش ناوبراوە هەتاوەکو جوگرافیازانانی عەرەبیش کردوویانە بە دوو بەشەوە: سەر و خوار. سەرەوەی بە (ماسبذان)[٢] و خوارەوەی بە (مهرگان) ناوبراوە وە بە درێژایی چەندان سەد ساڵ ئەم دوو ناوچەیە لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی عەرەبدا بووە.

ساڵی شازدەی کۆچەری، دوای شەڕی جەلەولا ناوچەی حەلوانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئیسلامەوە، بەدوای ئەویشدا ناوچەی ماسبذان. لەو دەمەدا هورمزان ناوێك لەلایەن دەرباری ساسانییەوە فەرمانڕەوای لوڕستان بووە و دوای تێکشکانی لە شەڕدا دەستگیر دەکرێ و بە قۆڵ بەستراوی دەنێردرێتە مەدینە.

مینورسکی نووسیویەتی[٣]: «لە ناوچەی مهرگان قذق دا هورمزان پەنا دەباتە بەر کەژێکی سەخت و دژوار کە لە ناوچەی سیمرەدا بووە».

نووسەری (مرآة البلدان)[٤]

(١) منتخب التواریخ – معینی، ل٦٨ .

(٢) کتاوە جۆراوجۆرەکانی مەسعودی، طبری، یاقوت، یعقوبی.

(٣) گەشتەکەی سعر ابن مهلهل.

(٤) مرآة البلدان، بەرگی (٤).

دەڵێت: «دوای گەڕانەوەی (أبوموسي الأشعري) لە شەڕی نەهاوەند بە خۆی و سوپاکەیەوە هێرش دەباتە سەر دینەوەر و بە ئاسانی ئەو ناوچەیەش بە دەست دێنێ، ئەوجا ڕوو دەکاتە ماسبذان وە بەبێ شەڕ و خوێنڕێژی مەرجەکانی بە دانیشتوانی ناوچە دەسەلمێنێ».

ڕەشید یاسمی لە کتاوی (کورد و پیوستگی نژادی أو)دا لاپەڕە ١٧٦ دەڵێ: (قیس أبن أبوسلمی) فەرماندەی سوپای ئیسلام بووە کاتێك هێرش دەبەنە سەر ماسبذان و مهرگان قدق و شەڕێکی خوێنین لە نێوان خەڵکی ناوچە و لەشکری ئیسلامدا ڕوو دەدا.

کاتێك ئوستان و ناوچەکانی ئیران دابەش کرایە سەر سیستەمی ئیداری ئیسلامییەوە هەرێمی لوڕستان خرایە سەر (کووفە) و هەرچی دارایی و خەراج و کاروباری لوڕستان هەیە هەر هەموو لە ڕێی فەرمانداری کووفەوە دەنێردرا بۆ مەدینە (دار الخلافە) و ئەو سیستەمە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ درێژەی کێشا. تەنیا گۆڕانێك لەو سێ سەدەیەدا کرابێ وڵاتی لوڕستانیان کردووەتە دوو بەشەوە: بەشی بەختیاری یان نێو ناوی (لوڕی گەورە) و خودی لوڕستانیان بە لوڕی بچووك نێو بردووە. لە شەرەفنامەی ئەمیر بدلیسیدا (ل ٢٤) نووسراوە: «لوڕستان بە دەست دوو براوە بووە بە ناوی (بدر و منصور). بەدر لوڕی گەورەی بەڕێوە بردووە، مەنسووریش لوڕستان کە بە لوڕی بچووك ناوبراوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچیدا (حسنویە)ی کورد دەست دەکێشێ بەسەر سەرەوەی لوڕستاندا و بەشێکی تری خوارەوەی، تا ساڵی ٥٠٦ کۆچی فەرمانڕەوای بنەماڵەی (حسنویە) درێژە دەکێشێ.

دوای مردنی (حسنویە) نەوەکانی دەسەڵاتەکەیان دابەش و بڵاوە پێ کرد.

(عضد الدولة) وڵاتەکەیانی داگیر کرد و دیسانەوە دایەوە دەستی (أبوبدر بن حسنویە).. بەدر لە سەردەمی (فخر الدولە)دا دەسەڵاتێکی بەربڵاوی هەبووە، کتاوی (مجمل التواریخ) ل٣٩٨ دەڵێ: «فخر الدولە کچی بەدر مارە دەکا لە کوڕەکەی و بەو شێوە پەیمان تازە دەکەنەوە. لەو کاتەدا دەسەڵاتی بەدر دەگاتە هەمەدان».

لە هەرا و بیگرەوبەردەی نێوان (مجد الدولە) و (سیدە خاتون) پەنا دەباتە بەدر.. بەدریش سوپا و سانێکی زۆری بۆ ئامادە دەکا و لەگەڵ (مجد الدولە) دا بە شەڕ دێ و (مجد الدولە) ڕاو دەنرێ.

لەم کاتەدا کوڕەکەی بەدر لە فەرمانی باوکی یاخی دەبێ و کاتێك باوکی لە شەڕی (مجد الدولە) دەگەڕێتەوە قۆڵی دەبەستێ و دەیخاتە بەندیخانەوە، دوای ماوەیەك داوا لە هیلالی کوڕی دەکا کە لە بەندیخانە ئازادی بکات و لە لوڕستان دووری خاتەوە و بەبێ ترس فەرمانڕەوایی خۆی بکات.

هیلال پێشنیازەکەی باوکی ئەنجام دەدا.. زۆر ناخایەنێت زۆربەی زۆری تیرە و عەشایەرەکان دیسانەوە لە دەوری بەدر گلێر دەبنەوە و لەلایەن (شمس الدولە)ی دەیلەمیشەوە یارمەتی دەدرێ و بە لەشکرێکی گەورە و گرانەوە پەلاماری هیلالی کوڕی دەدا و لە شەڕدا هیلال دەکوژرێ، دیسان دەسەڵات وەدەست دێنێتەوە. زۆر تێ ناپەڕێ کوڕەکەی هیلال لە باپیری یاخی دەبێ و یاخیبوونەکەی درێژە ناکێشێ و دەستگیر دەکرێ. بەدر دوای ٣٦ ساڵ فەرمانڕەوایی لە ساڵی ٤٠٤ کۆچیدا دەمرێت و بە دوای ئەودا تاهیری کوڕی هیلال دێتە سەر کار و تەنیا یەك ساڵ فەرمانی ڕاندووە و مردووە. بەدوایدا بەدری کوڕی هاتووەتە سەر کار و لە سەردەمی ئەودا دەسەڵاتی حەسنەوەیهەکان لە لایەن دەسەڵاتی (ئال بوەیهەوە) لەناو دەچێت. بەڵام یەکێك لە کوڕەکانی بەدر بەناوی (بەرسەق) گۆشەیەکی بۆ دەمێنێتەوە و فەرمانی تێدا دەڕانێت و بە (بەنی عەیار) ناو دەبرێ و لە سەردەمی دەسەڵاتی (حسنویە)کاندا خەراجیان لە ڕێگەی ئەوانەی دەنارده دەرباری (ئالی بوەیه) و دوای (ئال بوەیه) بوونە باجدەری سەلجووقییەکان ئەمەش ناوی فەرمانڕەواکانیانە:

١– ئەبوفەتح محەمەد کوڕی عەیار ٢٠ ساڵ فەرمانی ڕاندووە.

٢– ئەبولشەوك کوڕی محەمەدی عەیار ١٦ ساڵ فەرمانی ڕاندووە.

٣– مهلهل کوڕی محەمەد عەیار ٧ ساڵ فەرمانی ڕاندووە.

٤– سرخاب کوڕی محەمەدی عەیار ٢ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

٥- سرخاب کوڕی بەدر ٥٦ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.

سەرەنجام بە هۆی دەسەڵاتی ئەتابەکەکانی لوڕەوە دەسەڵاتەکەی لەناو چووە.

هەرچی بنەماڵەی بەرسەقی کوڕی بەدری حەسنوەیە لە ناوچەکانی ئەلیشتەر و نەهاوەند و هەمەداندا دەسەڵاتی هەبووە. پێوەستە لە ژێر فەرمانی سەلجوقییەکاندا جووڵاوەتەوە سەرەنجام لەلایەن (شجاع الدین خورشید)ەوە دەسەڵاتەکەیان کۆتایی پێ دێنرێت.

## ئاسەوارەکانی سەردەمی ئیسلام

**١- قەڵای (فلك الافلاك):**

لەناو شاری خوڕەم ئابادایە، بەسەر گردێکەوەیە کانیاوێك ئاو لە ژێرییەوە دێتە دەرێ، بە وردی یەشتا نەزانراوە کێ ئەو قەڵایەی دروست کردووە، بەڵام لە کۆندا بە قەڵای شاپور خواست ناسراو شار و قەڵایەکە بەناوبانگ بووە. یاقووت دەڵێ: (شاپور خواست شار و قەڵایەکە لەنێو چیاکانی لوڕستاندا).

نووسەری (مجمل التواریخ) نووسیویەتی: «هی سەردەمی بەدری کوڕی حەسنەوەیهییە» بەڵام ئەوەی ڕاستەقینەیە ئەو قەڵایە گەلێك لە سەردەمی بەدر کۆنترە و شاری شاپور خواست و قەڵا بەناوبانگەکەی هەمان (فلك الافلاك)ە.

**٢- تاتە بەردێکی نووسراو:**

بەسەر ڕێی خوڕەم ئاباد و خوزستانەوەیە، هی سەدەی شەشەمی کۆچەرییە.

**٣- منارە:**

لە نزیکەی شاری شاپور خواستەوە منارەیەکی لە کەرپووچ دروستکراوە وەدی دەکرێ زۆرتر وەك دیدەبانی سوودی لێ وەرگیراوە بۆ نیشانەی کاروان و زەوار لە شەو و ڕۆژدا. بەرزییەکەی ٢٠و٢٦ مەترە، تەنگەکەی ٥٠و٥ مەترە.

**٤- فلك الدین:**

مەزارێکە لە نزیکەی شاری خوڕەم ئابادەوە، لەوە دەچێ هی یەکێك لە ئەتابەکەکانی لوڕ بێ بە ناوی (فلك الدین حسن بن بدرالدین مسعود).

**٥- مەزاری خدر:**

کەوتووەتە نێو گۆڕستانی شاری خوڕەم ئابادەوە. پێم وایە ئەم مەزارەش هی

جەمالەدین خدرە کە یەکێك بووە لە ئەتابەکەکانی لوڕ.

٦- **شاری خوڕەم ئاباد**: ئەوە بوو پێشتر باسمان کرد.

٧- **مزگەوتی خوڕەم ئاباد**:

بە فەرمانی شازادە (شا پەروەری کچی ئاغور بەگ) ساڵی ٩٢٠ك دروست کراوە و لە سەردەمی شاهـ سوڵتان حوسێنی سەفەویدا دووبارە ساز کراوەتەوە.

٨- **زاهد شیر**:

مەزارێکە نزیکی شاری خوڕەم ئاباد بەسەر ڕێگەی شاری بوروجوردەوە وەك (هەرەم) وایە.

٩- **شاهزادە عەبدوڵا**:

لە دامێنی چیاکە دایە بە سەر ڕێگەی کۆهدەشتەوە کە لە شاری خوڕەم ئابادەوە وەدەردێت، خەڵکەکە پێیان وایە کە یەکێکە لە کوڕانی حەزرەتی موسای کازم.

١٠- **بەردەنووسانی سەردەمی سەفەوی** :

لە مزگەوتی خوڕەم ئابادا سێ تەختە بەردی نووسراو وەدی دەکرێ کە یەکێك لەوانە لەبارەی ئازادیی مرۆڤە بە پانی و درێژی ٤٨×٨٠ سم.

١١- **تاتە بەردی عبرانی**:

تا سەردەمێك لەمەوبەر یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری خوڕەم ئاباد بە گەڕەکی جوولەکەکان ناو دەبرا، جگە لە ٦،٥ خێزانی جوو هەر هەموویان کۆچیان کردووە، لەو گەڕەکەدا کڵێسایەکی تێدایە، تەختە بەردێکی ڕەشی نووسراو بەسەر یەکێك لە دیوارەکانییەوە چەسپاوە بە ئەندازەی ٢٤×٢٢سم. دوازدە دێری بە زمانی جوولەکانە لەسەر نووسراوە.

**١٢- تاتە بەردی نووسراوی سەردەمی سەفەوی (١١٠٧)ك:**

لەو تەختە بەردە نووسراوەدا چەندین شتی یاساغ کردووە وەك: قومارکردن، خواردنەوە، ورچ فرۆشتن، کۆتربازی، ڕاوە گورگ، شەڕەگا و شەڕە بەران.

**١٣- مەزاری بابا تاهیر:**

ئەم مەزارە کەوتووەتە خوارەوەی خوڕەم ئابادەوە لە ڕۆژاوای قەڵای (فلك الافلاك)ەوەیە (وێنەی ژمارە ٤٧) خەڵکی لوڕستان پێیان وایە کە ئەمە مەزاری شاعیری کوردی نەمر بابە تاهیری عوریانە.

**١٤- دوو برا:**

گوومەتێکی لە کەرپووچ دروستکراوە لە نزیك شاری خوڕەم ئابادەوەیە دەڵێن مەزاری یەکێك لە نەوەکانی (موسی کاظم)ە.

**١٥- پردی خوڕەم ئاباد:**

لە نێو شاری خوڕەم ئاباد دایە، لە کەرپووچ و گەچ دروست کراوە.

**١٦- مەزاری زەیدی کوڕی عەلی:**

ئەم مەزارەش لە نێو شاری خوڕەم ئاباد دایە، دەرگەیەکی گەلێك نایاب و پڕ لە وردەکاری لە مەزارەکە دایە دیارە ساڵی ١٣٠٧ك بە فەرمانی (بدر بن حسنویە) دروست کراوە.

**١٧- مەزاری محەمەد جەلالە:**

کەوتووەتە دەربەندی بابا عەباسەوە.

**١٨- مەزاری میر سەید عەلی.**

**١٩- حەوزەکەی مووسا:**

لە چیای (مدبە) دایە.

**٢٠- پردی کشکان:**

لەسەر ڕووباری کشکانەوەیە بە درێژیی ٣٠٠م و ١١پایەیە، لە نزیکی ئەم پردەوە ئاسەواری پردێکی دی دەبینرێ، بێگومان هی سەردەمی ساسانییە.

**٢١- پیر شمس الدین:**

کەوتووەتە باکوری شاری ئەشکەنەوە لە دامێنی چیای «سپی کێو» دایە گوایە لە نەتەوەی (موسی الکاظم)ە.

**٢٢- باوە دانیال:**

کەوتووەتە دەربەندێکەوە نزیکی چگنی کە بە دەربەندی مووسا ناسراوە.

**٢٣- گردی باوەخانی و تەختە چرا:**

لە نزیکی دەربەندی مووساوەیە.

**٢٤- مەزاری (حیاة الغیب):**

لە دێی (قالبی) دایە بەسەر تەپۆلکەیەکەوەیە لە کەرپووچ دروست کراوە. جارێك بە فەرمانی مەحموود میرزای قاجاری دووبارە سازی کراوە.. ئەم (حیاة الغیب)ە ناوی (أبو القاسم محمد أبن أحمد أبن رضی الدین)ە کە لە نەتەوەی ئیمام موسایە.

**٢٥- گومبەتی ئەلیاس:**

**٢٦- تەختە بەردی سراو جنگانی:**

کانییەکی گەورەیە یەك دوو ئاشگێڕ ئاوی تێدایە ساڵی **١١٣١**ك کاتێك (عەلی مەردان خانی کوڕی حوسێن خان) لە زیارەت دەگەڕێتەوە، لە کانیاوی (سەراو نیلوفەڕی) کرماشانەوە نیلوفەڕ دێنێ و لەو کانیاوەدا داینا و بەو بۆنەوە ئەو تەختە بەردەش دەنووسێ.

**٢٧- گومەتی عالی گیژو:**

لە ناوچەی ڕومیشکانە ڕەنگە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا دروست کرابێ.

**٢٨- سهل الدین:**

کەوتووەتە دامێنی چیای (ملە)وە لە نزیکی ئەم گومەتەوە چەندین درەختی کۆنە ساڵ وەدی دەکرێ خەڵکی ناوچەکە جارەوبار سوێندیان پێ دەخۆن.

**٢٩- باوە حوی:**

مەزارێکە لە ڕۆژهەڵاتی ڕومیشکان دایە.

**٣٠- قەڵای چنگری:**

ئەم قەڵایە لە شاری کۆهدەشتەوە دە کیلۆمەتر دەبێ.

**٣١- پەنجە عەلی:**

کە نزیکی ئاوایی چوا قەڵایە، بەردێکی گەورەیە وێنەی لەسەر هەڵکەنراوە.

**٣٢- گوومەتی شاه محەمەد:**

ساڵی ١٣٢٢ك لە سەردەمی مزەفەرەدین شای قاجاردا گوومەتەکەی کراوە.

**٣٣-گوومەتی أبوالوفا:**

کەوتووەتە دامێنی چیای (بەرە کاظم). ئەم (أبوالوفا)یە یەکێکە لە پیرەکانی ئەهلی حەق، یەکێکە لەو حەوت خەلیفانەی سوڵتان ئیسحاق کە ڕابەر و پێشەوای ئاینی ئەهلی حەق بووە. حەوت خەلیفەکەی سوڵتان ئیسحاق ئەمانەی خوارەوەن:

١- سید محەمەد ٢- سید أبوالوفا ٣- حاجی بابو عیسی ٤- میرسرە ٥- سەید مستەفا ٦- شێخ شهاب الدین ٧- شێخ حبیب شە.

نەتەوەی ئەم حەوت کەسە بەلای پەیڕەوانی ئەهلی حەقەوە بە بنەماڵەی

حەقیقەت دەناسرێن.

**٢٤- بلورین:**

ناوی ناوچەیەکە لە ناوچەکانی لوڕستان و مەزارێك بە سەر لووتکەی یەکێك لە چیاکانی ئەم ناوچەوەیە بەهەمان ناو.

**٣٥- داودە ڕەش:**

یازدە کیلۆمەتر لە کۆهدەشتەوە دوور دەبێ، گوومەتێکی چوار گۆشەیە، هەر گۆشەیەکی حەوت مەترە. ئەم مەزارەش یەکێکە لە مەزارەکانی ئەهلی حەق برێك پێیان وایە کە مەزاری یەکێکە لە بنەماڵەی شوجاعەدین خورشید دامەزرێنەری دەسەڵاتی (لوڕی بچووك)ە.

**٣٦- مەزارگای جابر:**

ناوچەیەکە بە (بەردە) ناو دەبرێت، وا باوە کە ئەو گۆڕە هی (جابر بن عبدالله الانصاری) بێ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە جابری ناوبراو لە شاری مەدینە مردووە، هەندێکی تر پێیان وایە ئەو مەزارە هی کیمیازانی بە ناوبانگ (جابر بن حیان) بێ، ئەمەش لە ڕاستەقینەوە دوورە.

**٣٧- پردی گامیشان:**

ئەو جێگەیە کە ڕووباری گامیشان و ڕووباری سیمرە تێکەڵ دەبن، ئەگەرچی نیشانەی پردی کۆنتری سەردەمی پێش ئیسلام هەر لەو نزیکە دایە بەڵام پردی گامیشان هی سەردەمی دوای ساسانییە، لەوە دەچێ یەکێك بێت لە کارەکانی (بدر بن حسنویە).

**٣٨- مەزارگای مەهدی صالح:**

گوومەتێکی هەرمێییە کە بە تەواوی لە هەرووژاندایە.

**٣٩- مەزاری مەهدی:**

سێیەمین خەلیفەی عەباسییە کە لەساڵی ١٦٩ك دا مردووە. یەعقووبی دەڵێ: (ومات المهدي بقرية يقال لها البرز من أرض ماسبذان). ئەلفەخری دەڵێ: (ومات المهدی بماسبذان). تەواوی مێژوونووسان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو گوومەتە بۆ خۆی مەزاری خەلیفەی سێیەمی عەباسییە.

بڕوانە: (منصور الدوانيقی، مجمل التواريخ، حبيب السير، تاريخ گزيده) و زۆری تر.

## فەرمانڕەوایی ئەتابەکەکانی لوڕی بچووك

## ٥٧٠ - ١٠٠٦ك

**شوجاعەدین خورشید:**

لێهاتوویی و کارزانیی شوجاعەدین خورشید بەوردی سەرنجی حوسامەدین شوهلی ڕاکێشاوە. ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە خۆی نزیك دەکردەوە و ڕاوێژی لەگەڵ دەکرد، ئەم ڕاوێژ و نزیکبوونەوە بوو بەهۆی شاکامی و ڕق و کینەی (سرخاب عیار) کە ئەویش لەژێر فەرمانی حوسامەدین دابوو بەرە بەرە ناکۆکی و ململان کەوتە نێوانی شوجاع و سرخاب و چەندان جار سرخاب ویستوویەتی شوجاعەدین لە ناو ببات و نەیتوانیوە.

سەرئەنجام ژێر دەستانی سرخاب لە تاو زوڵم و زۆر و کوشت و بڕینیدا پەنا دێننە بەر حوسامەدین شوهلی کە دەردیان دەوا دەکات، ئەویش شوجاعەدین هەڵدەبژێرێ و تا چۆنیەتیی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان سرخاب و ژێر دەستەکانی کۆتایی پێ بهێنێ. لە ڕووی کارزانی و زیرەکییەوە شوجاعەدین توانی زۆربەی زۆری خەڵکەکەی ژێر دەستەی سرخاب ئاڵۆزتر و ناڕازیتر بکا و لە گەڵیاندا سوێند و پەیمان ببەستێ و بیانکاتە لایەنگیری خۆی.

لەم هەلومەرجەدا حوسامەدین دەمرێ و شەڕوشۆڕیش لە نێوان شوجاعەدین و سرخاب دا دەست پێ دەکا و سەرەنجام سرخاب بۆی دەردەکەوێ هەموو کارێکی لە دەست دەرچوا، وا بە چاك دەزانێ لەگەڵ شوجاعەدین دا ڕێك بکەوێ و بە فەرمانڕەوایی ناوچەی تەرهان ڕازی بێت، بەدوای ئەم ڕەزایەتەدا شوجاعەدین کاروباری بۆ یەکلایی بووەوە و کەوتە چەسپاندنی توانا و دەسەڵاتی خۆی و بەربڵاویی ئیمارەتەکەی کە بەشێوەیەکی نیوە ئازاد و سەربەخۆ بەڕێوەی دەبرد.

شوجاعەدین نە پەروەردەی دەرباری عەباسی بوو و نە جیرەخوار و هەڵبژاردەی فەرماندەرانی سوپای عەباسی، بگرە لوڕێکی بێ ناونیشان لە تیرەی (چنگروی)

لوڕ و لە هیچەوە بەهێز و بازووی خۆی بە بیر و تەگبیر و لێهاتوویی خۆی گەیشتبووە پلە و پایەی فەرمانڕەوایی بێگومان ئاوا کەسێکی لێهاتوو ئازا و دلێر دەبێتە چقڵی چاوی دەرباری عەباسی و بە دوای هەل و فورسەتدا دەگەڕێن بۆ لە ناوبردنی، تا بڕێك لە تیرەکانی تری (لوڕ) شکات و پەنا دەبەنە بەر دەرباری عەباسی و خەلیفەش ئەوە بە هەل دەزانێ و فەرمانی لابردنی دەدا.

شوجاعەدین وا بە چاك دەزانێ لە سەرەتاوە سەرشاخی دەرباری عەباسی نەبێ و لە گیروگرفتیانەوە دوور کەوێتەوە، یەکێك لە براکانی بە نوێنەری دەنێرێتە بەغدا بۆ دڵدانەوەی خەلیفە، بەلام خەلیفە فەرمانی بەندکردنی دەدا و دەیخاتە بەندیخانەوە مەرجێك دادەنا کە دەبێ قەڵای مانگرە بسپێرێتە سوپای عەباسی. بەلام نوورەدین برا بەندکراوەکەی شوجاعەدین لە بەندیخانەوە پەیام دەنێرێتە سەر (شجاع) کە گوێ نەداتە بەڵێن و هەڕەشەی خەلیفە و ئەو قەلایەی پێ نەسپێرێ.

لەم کاتەدا نوورەدین لە بەندیخانەی خەلیفەدا دەمرێ و سوپای خەلیفەش دەگاتە لوڕستان و قەلای مانگرە گەمارۆ دەدەن.. ئابڵووقەدانی قەلا درێژە دەکێشێ و سوپای خەلیفە ڕاوەستاوییەکەیان بەبێ سوود دەزانن، (شجاع الدین)یش بەوردی ئاگەداری بێ تامووڵی و ئاشوفتەییان دەبێ و نامەیەك بۆ دەرباری خەلیفە دەنووسێ.. خەلیفەش بە مەرجێك لێی خۆش دەبێ کە قەلای سیاه و شاری (طرازەك) بسپێرێتە یەکێك لە چاو ساقانی خەلیفە، بەو شێوە ناکۆکیی نێوان شوجاعەدین و خەلیفەی عەباسی کۆتایی پێ دێت و شوجاعەدین بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی ڕەبەق بە تواناوە فەرمانڕەوای لوڕستان بووە.

بەدرەدینی کوڕی (شجاع الدین) گەلێك ئازا و لێهاتوو بوو لەلایەن باوکییەوە بە وەلیعەهد هەڵبژێردرابوو، ئەو هەڵبژاردنە بوو بەهۆی شاکامیی سەیفەدین ڕوستەمی برازای، وردە وردە دڵی باوکی لێ ڕەش و کینەدار کرد کە گوایە دەیەوێت لەناوی ببا، فەرمانی کوشتنی کوڕەکەی دەدا بە دەستی سەیفەدینەوە و داوێکی بۆ نایەوە، بەدرەدینی بەبێ تاوان کوشت، سەرەنجام شوجاعەدین بێ تاوانیی

کوڕەکەی بۆ دەردەکەوێ، بەڵام کار لە کارێ ترازا بوو ئەویش تەمەنی لە سەد ساڵ زیاتر بوو، لە داخ و دەردا ساڵی ٦٢١ ك کۆچی دوایی کرد[١] بەپێی قسەی کتاوی عالم ئارای عەباسی شوجاعەدین دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئەتابەکەکانی لوڕستان پیاوێکی کارامە و لێهاتوو و زیرەك بوو. نووسەری کتاوی گزیدە[٢] دەڵێ: خەڵکی لوڕستان بە ئەندازەیەك شوجاعەدینیان خۆش دەویست دوای مەرگی گۆڕەکەی بوو بە مەزار و زیارەتگای خەڵك.

**سەیفەدین ڕۆستەم:**

لە ساڵی ٦٢١ دوای مەرگی مامی بوو بە فەرمانڕەوای لوڕستان، بەشێوەیەکی پەسند و ڕێکوپێك وڵاتی بەڕێوە بردووە، ئاسایش و ئارامی بەخشیوەتە خەڵك و وڵات. لە سەردەمی ئەودا بڕێك چەتە و ڕێگر لە نێوان ڕێگەی لوڕستان و بەغدادا کاروانیان ڕووت دەکردەوە، خەلیفە نامەی بۆ دەنووسێ تا دەستگیریان بکات. ئەویش دەکەوێتە تەقەلاوە و زۆر ناخایەنێ هەر هەموویان قۆڵبەست دەکا و دەیانخاتە بەندیخانەوە. کەسوکاری گیراوەکان لە جوێیی هەر یەکە لەو گیراوانە ٦٠ ئێستر پێشنیاز دەکەن بەرانبەر بە ئازادییان. بەڵام پێشنیازەکەی قبووڵ نەکرد وتبووی «شتی وا ناکەم.. تا لە داهاتوودا بڵێن خۆ وەڵلا ڕۆستەم دزفرۆشی دەکرد».

برایەکی هەبوو بە ناوی شەرەفەدین دەستی لەگەڵ دوژمنانی ڕۆستەم تێکەڵ کردبوو بۆ لەناوبردنی. ڕۆستەم لە حەمامدا دەبێ هێرشی دەبەنە سەر و بە پەلەقاژی خۆی ڕزگار دەکا و دوژمنانیش بە دوایەوە، یەکێك لە خزمەتکارەکانی پێوەندیی لەگەڵ دوژمنانیدا دەبەستێ و دەیانهێنێتە سەر ڕۆستەم و دەستگیری دەکەن دەیدەنە دەستی ئەمیر عەلی کوڕی بەدرەدین کە بە پیلانی ڕۆستەم کوژرابوو، ئەویش لە جێگەدا دەیکوژێ.

بە کوژرانی ئەتابەك ڕۆستەم وڵاتی لوڕستان فەرمانڕەوایەکی دادوەر و لێزانی لە دەست دا.

---

(١) منتخب التواریخ – معینی، ل٥٥ .

(٢) تاریخ گزیده، ل٥٤٨ .

**شەرەفەدین:**

دوای کوشتنی سەیفەدین رۆستەم ئەبوبەکری برازای شوجاعەدین بوو بە ئەتابەکی لورستان. زۆری نەکێشا دەرمانخوارد کرا و مرد. دەڵێن گوایە ژنەکەی بەدرەدین کە دوای کوشتنی مێردەکەی لەلایەن سەیفەدین روستەمەوە عاشقی رۆستەم دەبێ و لە تۆڵەی کوشتنی رۆستەم هەڵدەستی شەرەفەدین دەرمانخوارد دەکا.

**عزەدین گرشانی:**

برای شەرەفەدینە هەر لە سەردەمی ئەودا کەوتە کوشت و تەفروتوناکردنی دەسەڵاتدارانی نێو بنەماڵەوە. ئەمیر عەلیی کوڕی بەدرەدینی کوشت و ژنەکەشی مارە کرد.

لە سەردەمی عزەدین دا حسام الدین خەلیل کەوتە تەقەلای وەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتەوە، سوپا و سانێکی لە دەور کۆبوونەوە. عزەدین کە نواڕی وا حوسامەدین هاتووەتە مەیدانی شەڕەوە لەشکرێکی زۆری گلێر کردەوە و بۆی چووە مەیدانەوە، میر و دەم چەرموانی لوڕ لە ناخدا خۆیان بەسەر سوپەردەی کوڕ و نەتەوەی شوجاعەدین دەزانی، کە دوو سوپا لە یەك نزیك بوونەوە زۆربەی لەشکری عزدین چوونە ناو سوپا و لەشکری (حسام الدین)ەوە. ئیتر عزدین ناچار بوو بۆی دەرچێ و پەنای بردە قەڵای گریت. قەڵا لەلایەن حوسامەدینەوە گەمارۆ درا. مەلەکە خاتوونی ژنی عزەدین لە قەڵا هاتە دەرەوە و داوای لێبووردن و بەخشینی مێردەکەی لە حوسامەدین کرد. جا حوسامەدین لە تاوانەکانی خۆش بوو و لەگەڵ خۆیدا گێڕایەوە بۆ شاری خوڕەم ئاباد.

**حوسامەدین خەلیل:**

لە سەرەتای کارەوە (عزالدین)ی کردە جێگری خۆی، کە بە تەواوی خۆی چەسپاند توانی دەست و دڵی چاوساقان و لێهاتووانی لوڕ وەدەست بهێنێ. فەرمانی کوشتنی عزەدینی دا و بە بەرچاوییەوە سەریان بڕی. عزەدین سێ کوڕی لێ بەجێ

ما بە ناوی: شوجاعەدین خورشید، سەینەدین ڕوستەم و نوورەدین محەمەد. هەرسێ کوڕ لە دوای کوشتنی باوکیان خۆیان شاردەوە و خۆیان گەیاندە کوردستان(١) لای سلێمان شای خاڵۆیان. داوای یارمەتییان لێ کرد. ئەویش لەشکرێکی بۆ ڕازاندەوە و بەرەو لوڕستان وەڕێ کەوتن، دوای شەڕێکی خوێنین لەشکری کورد شکا و تەفروتونا کرا. بەڵام ئەم شەڕە بە سەرەتا دانرا و چەندان شەڕی تر لە نێوان حوسامەدین و سلێمان شادا ڕووی دا.. لە تەواوی ئەو شەڕانەدا سوپای لوڕ سەردەکەوت. سلێمان شاه گەیشتە ئەو باوەڕە کە تەنیا نابێتە هاولفی حسام الدین. جا بۆیە دەست بە دامێنی خەلیفە بوو. خەلیفەی عەباسی بۆ خۆی لە دەمێکەوە کینەی ئەتابەکەکانی لوڕی لە دڵدا بوو ئەمەی بە هەل زانی و دەستی یارمەتی بۆ سلێمان شاه درێژ کرد و سوپایەکی گەورە و ڕازاوی نارده هانایەوە.

شەڕکەری کورد و عەرەب لەلایەکەوە و شەڕکەری تیرەکانی لوڕیش لەولاوە بەرانبەر یەك وەستان و وردە وردە شەڕ دەستی پێ کرد و ڕۆژ بەڕۆژ گەرمتر دەبوو، نیشانەی سەرکەوتنی حوسامەدین کەم و زۆر وەدەرکەوتووبوو، بەڵام لە ناکاو لەناو شەڕ و هێرشدا ئەسپەکەی دەگلێ و دەکەوێتە ژێر سمی ئەسپی هێرشبەران و دەکوژرێ. بە کوشتنی حوسامەدین سوپای لوڕ دەشکێت. سلێمان شاه گەلێك شیفتەی ئازایی و کارزانیی حوسامەدین دوژمنی بوو، پێوەستە دەیوت: ئەگەر بە زیندوویی دەستگیرم کردبا بێگومان نەمدەکوشت. جا لەم ڕووەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

بیچارە خلیل بدر حیران گشتە
نجم هوس بهار در جان کشتە
دیو هوسش ملك سلیمان میجست
شد در کف دیوان سلیمان خستە

واتە: خەلیلی بێ چارە و تەگبیر کەوتە هەوەس و کەڵکەڵەی موڵك و دەسەڵاتی سلێمانەوە، بەڵام سەرئەنجام لەنێو دەست و پەنجەی دلاوەرانی سلێماندا پلیشایەوە.

(١) ئوستانی کوردستان لە مێژەوە لە ئێرانا هەر بە کوردستان ناوبراوە.

### بەدرەدین مەسعوود کوڕی حوسامەدین خەلیل ٦٤٠- ٦٥٨ ك

دوای کوشتنی حوسامەدین خەلیل، بەدرەدین کە نواڕی وڵاتی لوڕستان لەژێر نالّی ئەسپی کورد و عەرەبدا دەناڵێنێ، لە لوڕستان وەدەرکەوت و خۆی گەیاندە سوپای مەغۆلی داگیرکەر کە سەروخوار بوونەوە لەگەڵ لەشکری مەغۆل بەرەو بەغدا وەڕێ کەوت. لەولاشەوە سلێمان شاه بۆ پاراستنی شاری بەغدا و دەرباری خەلیفە بەخۆی و هێزەکەیەوە ڕۆیشتە نێو سوپای خەلیفەوە. بۆ پاراستنی شاری بەغدا لە شەڕدا کوژرا.

بەدرەدین بەرەو کوردستان ملی نا و ژن و منداڵ و خێزانی سلێمان شای یەخسیر کرد و بە دیلی هەناردیانی بۆ لوڕستان. بەڵام معینی لە کتێبی (منتخب التواریخ) دا (ل ٥٨) دەڵێ: کاتێك لەشکری لوڕ پەلاماری کوردستانی دا سلێمان شاه زیندوو بووە و لە شەڕدا کوژراوە.

دوای کوشتنی خەلیفە و گرتنی شاری بەغدا لەلایەن هۆلاکۆوە لە جیاتی خۆش خزمەتیی بەدرەدین فەرمانی فەرمانڕەوایی سەرتاسەری لوڕستانی پێ دا.

بەدرەدین ئازا و زیرەك و لێهاتوو بوو، گەلێك هەوالی زانیاری و ئەدەب و شیعری لە کەللەدا بووە، ماوەی ٦١ساڵ لە لوڕستاندا ئەتابەکی کردووە، لە ساڵی ٦٥٨ ك مردووە. دوای مردنی کوڕەکانی سلێمان شاه لە تۆڵەی باوکیانا چەندین جار پەلاماری لوڕستانیان داوە و کوشت و کوشتاریان کردووە. سەرئەنجام ئەتابەکەکانی لوڕستان دەست بە دامێنی دەرباری مەغۆل دەبن و ئەباقا خانی مەغۆل یارمەتییان دەدات.

#### تاجەدین شاه (٦٥٨- ٦٧٧ ك):

دوای مردنی بەدرەدین مەسعوود، لە نێوان جەلالەدین بدر و ناسرەدین عمری کوڕەکانی و تاجەدین کە کوڕی حوسامەدین خەلیل بوو بیگرەوبەردە و مەرافە دەستی پێ کرد. هەردوو لا پەنایان بردە دەرباری مەغۆل، خانی مەغۆل فەرمانی ئەتابەکی دا بەدەستی تاجەدینەوە.

دوای ماوەیەك ناكۆكی كەوتە نێوان تاجەدین و شەحنەكانی مەغۆل، تاجەدین هێندە بە تەنگی چاوساقانی مەغۆلەوە نەبوو، ئەم بێ دەربەستییەوە بوو بەهۆی نارەزایی خانی مەغول، سەرەنجام لەشكرێكی گەورەی ناردە سەری كەوا تاجەدینیان دەستگیر كرد و كوشتیان.

تاجەدین ١٨ساڵ فەرمانرەوایی كرد، هێندە حەزی لە شەڕ و هەرا و خوێن نەدەكرد تەوحی زۆرتر بە لای ئەدەب و شیعر و خەت نووسیندا بوو.

**فەلەكەدین حەسەن وعزەدین حوسێن (٦٧٧– ٦٩٢ ك)**

وەك لە پێشدا وتمان كورەكانی بەدرەدین هەوای فەرمانرەواییان لە سەردا بوو لەلایەن تاجەدینەوە كوژران، دوای كوشتنی تاجەدین فەرمانی ئەتابەكی بۆ دوو كوری تری بەدرەدین تۆمار كرا بە ناوی (فلك الدین حسن و عزالدین حسین) ئەم دوو برایە دوو بە دوو برایانە و بێ دەردەسەر و بیگرە و بەردە لورستانیان بەڕێوە دەبرد بەشێوەیەكی وا لە سەردەمی ئەواندا شوشتەر و نەهاوەندیش خرایە سەر لورستان.

بەپێچەوانەی ئەتابەكەكانی لور كە لە هیچ كاتێك سوپای ئامادەیان نەبووە و پێوەستە لە كاتی شەڕدا لەشكریان گلێر دەكردەوە، ئەم دوو برایە هەموو كات ١٨هەزار سەربازی ئامادەی شەڕیان لەژێر فەرماندا بووە.

فەلەكەدین پیاوێكی لەخواترس و بەئیمان بووە، پێوەستە دەرباری پڕ بووە لە گاڵتەچی و قسەخۆش و نیكتەباز.

سەرئەنجام ناكۆكی كەوتە نێوان دوو براوە و لەشكریان لە یەك گلێر كردەوە و شەڕ دەستی پێ كرد. هەردووكیان لەو شەڕەدا كوژران دوای ١٦ساڵ فەرمانرەوایی دووبەدوویی.

**جەمالەدین خدر (٦٩٢– ٦٩٣ ك)**

لە سەردەمی (گیخا تو)ی خانی مەغول لە نێوان بەدرەدین كوری فەلەكەدین و عزەدین حوسێن لەلایەكەوە لەگەڵ جەمالەدین خدر كە لە نەوەی شوجاعەدین

خورشیدی سەر زنجیرەی ئەتابەکەکانی لوڕستان بوو هەرا و بیگرەوبەردە پەیدا بوو سەرئەنجام جەمالەدین ڕشتەی کاری گرتە دەستەوە و بوو بە ئەتابەکی لوڕستان.

سەردەمی فەرمانڕەواییی جمالەدین پڕ بوو لە شەڕوشۆڕ و هەرا و خوێن. کەوا حوسامەدین عمر و شەمسەدین درنگی و (تهمتن)ی کوڕی بەدرەدین شوجاعەدین خورشید هەرسیّ دەستیان تێکەڵاو کرد و دژی جەمالەدین ڕاوەستان. لە ساڵی ٦٩٣ ك بە یارمەتیی سوپای مەغۆڵەوە توانییان لەناوی بەرن. مەزارەکەی تا بە ئەمڕۆ لە نزیکی شاری خوڕەم ئاباددایە بووەتە زیارەتگای خەڵك.

**سەمسامەدین مەحموود (٦٩٣– ٦٩٥ ك)**

دوای کوشتنی جەمالەدین (حسام الدین عمر) بوو بە ئەتابەکی لوڕستان، بەڵام سەمسامەدین مەحموودی لیّ ڕاپەڕی، ڕاپەڕینەکەی بە لایەنگیریی زۆربەی زۆری تیرەکانی لوڕ بوو. حوسامەدین لایەنگرانی بیّ ژمارەی سەمسامی دی پێشنیازی کرد لێی گەڕێ لە لوڕستان دەڕواتە دەرەوە.. بەو شێوە سەمسام بوو بە ئەتابەك.

حوسامەدین عمر دوای ماوەیەك لە بڕیارەکەی پەشیمان بوویەوە و کەوتە تەقەلای هێز گلێر کردنەوە.

سەمسام لە ئازاییدا بەناوبانگ بوو، کاتێك لە ئامادەبوونی لەشکری حوسامەدی ئاگەدار بوو بە هێزێکی کەمەوە پەلاماری بۆ برد و لە شەڕدا زیاتر لە ٥٤ لاوە بریندار کرا و بەو برینانەوە مرد. برای ژنەکەی سەمسام شکاتی زوڵم و زۆریی حوسامەدین بردە لای خانی مەغۆل، ئەویش فەرمانی کوشتنی دا و عزەدین محەمەدی بە ئەتابەکی هەڵبژارد.

**عزەدین محەمەد** (٦٥٩– ٧٠٦):

لە سەرەتای فەرمانڕەواییدا مێردمنداڵێکی جوان و شیرین ڕوخسار بوو. فەلەکەدین هەوا و هەوەسی فەرمانڕەوایی لوڕستانی لە سەردا بوو پەنای بردە دەرباری ئەلجایتو خانی مەغول. خان کە جوانی و ڕەزا شیرینی عزەدینی دی

بـەلای خـۆیـەوە گـلـی دایـەوە، دوای مـاوەیـەك فـەرمـانـی بـۆ دەرهـێـنـا و گـەڕایـەوە لوڕستـان و بوو بـە ئـەتـابـەك.

دوای مردنـی عزەدین، ژنـەکـەی کرایـە فـەرمـانڕەوا، لـەبـەرئـەوەیش گـەلێك پـابـەندی مـەرجـەکـانـی دیـن بـوو تـەواوی کـاروبـاری دەوڵـەت کـەوتـبـووە دەست ئـومـەرا و دەسـەڵاتـدارانـی تـر.. سـەرئـەنـجـام بـراکـەی کـرایـە ئـەتـابـەك، (مـەلـەکـە خـاتـوون) بـە یـەکـجـاری پـەنـای بـردە نـوێژ و ئـایـن و خـواپـەرسـتـی. دەسـەڵاتـی خـاتـوون سـاڵـی (٧٠٦–٧٢٠ ك) بـەردەوام بـوو.

## شوجاعەدین مەحموود (٧٢٠– ٧٥٠ ك)

دوای مـردنـی بـاوکـی کـرایـە فـەرمـانـڕەوا. کـاتـی فـەرمـانـڕەواییـیـەکـەی بـەرانـبـەر بـە سـەردەمـی سـوڵـتـان (أبـوسـعـيـد)ی مـەغـۆل بـوو. سـوڵـتـانـی مـەغـۆل ڕێـزێـکـی تـایـبـەتـی لـێ دەگـرت. ئـەویـش لـە زۆر لاوە لاسـکـایـی دەربـاری خـانـی دەکـردەوە، وردە وردە زوڵـم و زۆری دەسـت پـێ کـرد و ڕۆژ بـەڕۆژ خـەڵـکـی لـێ دوور دەکـەوتـنـەوە. فـەرمـانـی کـوشـتـنـی چـەنـد نـۆکـەرێـکـی خـۆی دەرکـرد، بـەڵام پـێـش ئـەوەی بـیـانـکـوژێ شـەو لـە جـێـگـەدا دەیـکـوژن. هـێـنـدە زوڵـم و زۆری کـردبـوو کـەسـێـك نـەکـەوتـە دوای تـۆڵـەیـەوە.

## مەلیك عزەدین کوڕی شوجاعەدین مەحموود (٧٥٠– ٨٠٤ ك)

کـە کـرایـە ئـەتـابـەکـی لـوڕسـتـان لـە تـەمـەنـی دوازدە سـاڵـیـدا بـوو.. زیـرەك و دانـا و لـێـهـاتـوو بـوو. بـە بـۆنـەی کـارزانـی و زیـرەکـیـی خـواجـە مـەحـمـودی چـاغـرییـەوە زۆر گـیـروگـرفـتـی بـۆ ئـاسـان کـرا و تـوانـی لـە نـێـوان خـۆی و ئـەتـابـەکـەکـانـی فـارسـدا پـەیـمـانـێـکـی دۆسـتـانـە پـێـك بـهـێـنـێ و ئـەو دۆسـتـیـیـە بـوو بـەهـۆی ئـاسـایـش و ئـاوەدانـی. بـەڵام زۆری نـەخـایـانـد گـەردەلـوولـی لـەشـکـری تـەتـاری تـەیـمـور لـەنـگ لـە ئـاسـۆدا وەدەرکـەوت و گـەیـشـتـە خـوڕەم ئـابـاد. مـەلـیـکـەدیـن بـە نـاچـاری خـوڕەم ئـابـادی بـە جـێ هـێـڵا و بـۆی دەرچـوو تـەیـموور لـەشـکـرێـکـی بـە دوادا هـەنـارد. هـێـرشـی تـەیـمـووری بـوو بـە هـۆی وێـرانـکـردنـی شـاری خـوڕەم ئـابـاد و زۆر لـە نـاوچـەکـانـی لـوڕسـتـان.

شـەڕەفـخـانـی بـدلـیـسـی دەڵـێ: «قـەڵای ڕومـیـان لـەلایـەن سـوپـای تـەیـموورەوە گـەمـارۆ

دەدرێ و عزەدین و کوڕەکەی تێدا دەستگیر دەکرێ». دوای دوورخستنەوەی عزەدین لە وڵاتی لوڕستان ئاشوفتەگی لە زۆر لاوە بەربڵاو دەبێ. لە دواییدا تەیموور فەرمانی گەڕانەوەی عزالدین دەدا.

شەحنەکانی تەتەر بۆ گلێرکردنەوەی خاوە و باج گەلێك ئازار و ئەزیەتی خەڵکیان دەدا هەروەها بەبێ ڕێزی لەگەڵ عزەدین دا دەجووڵانەوە.

سەیدی ئەحمەدی کوڕی عزەدین کە لە ئازاییدا ناوێکی هەبوو کەوتە کەڵکەڵەی لەناوبردنیان.. پیلانەکەی لای شەحنەکانی تەتار ئاشکرا بوو، بەناچاری بۆی دەرچوو.. دوای ڕاکردنی ئەو باوکی دەگرن و پێستی دەکەنن و دەینێرنە دەرباری تەیموور. سەیدی ئەحمەد شەڕێکی پارتیزانی لە چیاکانی لوڕستاندا دژ بە سوپای تەتەر دەست پێ کرد، شەڕەکەی تا ساڵی ٨١٥ ك بەردەوام بوو.

**شا حوسێن (٨١٥– ٨٧٣ ك):**

تا ئەو حەلەی سەیدی ئەحمەد لە شەڕی پارتیزاندا دژ بە دەسەڵاتی تەتەر لە شەڕدا بوو، لەلایەن تەیموور و کوڕەکانییەوە کەسیان بە ئەتابەکی لوڕستان هەڵنەبژارد. بەڵام دوای مردنی سەیدی ئەحمەد، براکەی کە ئەویش یەکێك بوو لە ئازاکانی ئەو دەمە بوو بە ئەتابەکی لوڕستان. بەڵام دەسەڵاتدارانی تەتەر ئەو فەرمانڕەواییەیان بە دڵ نەبوو، سوپا و لەشکرێکی گەورە و گرانیان نارده سەری و گرتیان و کوشتیان.

کوشتن و برین لەلایەن دەسەڵاتدارانی تەیمووری لە لوڕستاندا بوو بەهۆی بێ هێزی ئەتابەکەکان، ئەو بێ هێزییە وردە وردە بوو بەهۆی پەیدابوونی دەسەڵاتی سەفەوییەکان لەو ناوچەیەدا.. وە بە سەر کار هاتنی شا عەباس بوو بە هۆی لەناوچوونی فەرمانڕەوایی ئەتابەکەکان لە لوڕستاندا.

## ئەتابەکەکانی لوڕ لە سەردەمی سەفەوییەکاندا

**شاهـ ڕۆستەم عەباسی:**

کوڕی شا حوسێن و لە سەرەتاوە باجدەری دەسەڵاتی بەغدا بوو، تا زەمانی (شاهـ تەهماسب)ی یەکەم خۆی چەرخاندەوە بەلای دەرباری سەفەویدا.

نووسەری (حبیب السیر) نووسیویەتی: کاتێك شاهـ ڕۆستەم گەیشتە خزمەتی شاهـ تەهماسب بە زمانی لوڕی لەگەڵ شادا دوا.. شا (ڕوکی) و ڕاستییەکەی شاهـ ڕۆستەمی بەلاوە شیرین بوو، فەرمانی دا ڕیشی بە جەواهیرات بڕازێننەوە، تا ئەو کاتەی لە دەربارردا بوو هەر بەو شێوە لە خزمەتی شادا بوو.. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە بۆ لوڕستان.

(اشتنن میتز)[1] لە کۆواری خواندنیها دا لە ساڵی ٤٢ ژمارە ٤٣و ٤٤ نووسیویەتی: ئەو سەربازانەی وا لەژێر فەرمانی کورددا بوون لە شەڕی چاڵدیراندا سەرتاسەری کورد بوون. ئەو لوڕانەی لە تیرەی قەڵاوەند و سەگەوەند و ئەسیاوەند بوون تەنیا چەکی دەستیان تێلا بووە و بە هەلایەکدا بپلکایەنەوە کەس توانای بەربەرەکانییانی نەبوو.

**ئاغوری کوڕی شاهـ ڕوستەم:**

خۆی بەسەر سوپوردەی دەرباری سەفەوی دەزانی، کاتێك شاهـ تەهماسب لەشکری گلێر کردەوە بۆ سەر ئوزبەکەکان ئاغور بەخۆی و لەشکرەکەیەوە خۆی گەیاندە شاهـ.

جیهانگیری برای توانی کەسانێك لە دەوری خۆی گلێر بکاتەوە و جێگەی ئاغور داگیر بکات. ئاغور دەگەڕێتەوە لوڕستان و لەگەڵ برادا شەڕ دەست پێ دەکا، بەڵام ئازایی جهانگیر و خۆشەویستی لەناو تیرەکانی لوڕدا بوو بە هۆی سەرکەوتنی و بەفەرمانڕەوایی مایەوە.

---

(١) اشتنن میتز: نووسەری ئەڵمانی و دانەری کتاوی سوڵتان سەلیم.

**جهانگیری لوڕی ئاغور:**

کاتێك تەهماسب شاه لە کوشتنی ئاغور ئاگەدار کرا لە تووڕەییدا گڕی تێ بەر بوو، لەشکرێکی هەنارده سەر جهانگیر و لە شەڕدا جهانگیر دەکوژرێ.

**شاه ڕۆستەمی دووەم:**

ئەم شاه ڕۆستەمە لەلایەن دەرباری سەفەوییەوە لە قەڵای (ئەلموت)دا بەندکراو بوو، یەکێك لە سەرتیرەکانی لوڕ کە زۆر لە شاه ڕۆستەم دەچوو، بانگ هەڵدەدا کە ئەو شاه ڕۆستەمە و لە بەندیخانە ڕای کردووە. ژنەکەی شاه ڕۆستەمیش دان بە داواکەیدا دەنا و خەڵکێکی زۆری لێ گلێر دەبێتەوە. کاتێك شاه تەهماسب ئاگەدار دەکرێ لە داوای درۆیینی کابرای لوڕ بە ناچاری شاه ڕۆستەم لە بەندیخانە ئازاد دەکا و دەینێرێتەوە لوڕستان و کابرای درۆزن دەگرن و لە سەری دەدەن.

شاه ڕۆستەم برایەکی تری هەبوو بە ناوی (محمدی) کە پێوەستە لە شۆڕش و بیگرەوبەردەدا دەبێ، ناچار لەگەڵی ڕێك دەکەوێ کە ئەو پشت کۆه بەڕێوە ببات، ئەمیش پێش کۆه. سەرئەنجام لە ڕێگەی فەرماندارانی سوپای قزڵباشەوە شاه ڕۆستەم پیلانێك بۆ براکەی پێك دێنێ و دەستگیری دەکەن و بە قۆڵ بەستراوی



نظر علی خان تەرهانی دەسەڵاتداری ناوچەکانی دلفان و جکنی لە ناوەڕاستی کوڕەکانیدا دانیشتووە

دەینێرنە قەڵای ئەلموت و دە ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە.

شاهـوێردی خـان کـە یـەکـێك بـوو لـە کـوڕەکـانـی (محـمدی) و لـە هـەمـوویـان دەمڕاست و ئازا و کارزانتر بوو شاهـ ڕۆستەمی هێنابووە چۆکا. تا شکاتی بردە دەرباری سەفەوی.. شاهـ بە ناچاری محەمەدی لە بەندیخانە ئازاد کرد، بەڵام بە مەرجێك ٣٠ هەزار سەرمەڕ باج بداتە دەرباری سەفەوی.

کاتێك محەمەدی بیری دەکردەوە کە ئەو ژمارە مەڕانەی پێ گلێر نابێتەوە لە دەستی یاساوڵەکانی ڕادەکا و خۆی دەگەیەنێتە لوڕستان.. شاهـ ڕۆستەم توانای بەربەرەکانی محەمەدی و کوڕەکانی پێوە نەبوو، لوڕستانی بەجێ هێڵا و خۆی گەیاندە دەرباری سەفەوی و (محمدی)یش جێگەکەی گرتەوە.

**محەمەدی:**

لە سەرەتاوە لە دەرباری سەفەوییەوە دوور بوو، بەڵام سەرئەنجام توانی دڵی شاهـ وەدەست بهێنێ. زۆری پێ نەچوو ئاشوفتەگی لە دەسەڵاتی سەفەویدا ڕوو دەدا و محەمەدی پێوەندیی لەگەڵ دەرباری عوسمانیدا (سولتان مراد) دەبەستێ و دیاری و پێشکێشی دەنێرێتە خزمەتی سوڵتان. بەڵام زۆر ناخایەنێ ناکۆکی دەکەوێتە نێوان محەمەدی و والی بەغداوە.

جهانگیر و شاهوێردی خان کە هەر دوو بارمتە دەبن بە لای والیی بەغداوە لە فورسەتدا بۆی دەردەچن و خۆیان دەگەیەننەوە لوڕستان.

سولتان محەمەدی سەفەوی ئەم ناکۆکییەی بە هەل زانی و ناردییە خوازبێنی کچەکەی بۆ (وەلیعەهد)، ئەم پێوەندییە بوو بەهۆی پتەوی نێوان لوڕستان و دەرباری سەفەوی.

**شاهوێردی خان:**

یەکێك بووە لە کەڵەمێردەکانی ئەتابەکەکانی لوڕ، تا مردنی حەمزە میرزای سەفەوی کە زاوایان بوو بە دڵسۆزی و لایەنگیری دەرباری سەفەوی ژمێردراوە، بەڵام دوای تیرۆری حەمزە میرزا ئاشوفتەگی و بیگرەوبەردە و بکوژە لە لوڕستان

و سەرتاسەری ئێراندا دەست پێ دەکا، ئەویش وا بە چاك دەزانێ لە دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە نزیك بێتەوە.

بەڵام دوای بەستنی پەیمان لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا نوێنەرێکی هەناردە دەرباری سەفەوی و داوای بەخشینی لە شاهـ کرد. شای سەفەوی بۆ خۆی تووشی کۆمەڵێك گرفتاری بوو نەیدەویست بەدژواری لەگەڵ لوڕستاندا مامەڵە بکات.. داواکەی قبووڵ کرد و نامەشی بۆ نووسی. لەم کاتەدا یەکێك لە فەرماندەکانی قزڵباشی بە ناوی (ئوغور سولتان بەیات) کە لەلایەن شاوە خەریکی گلێرکردنەوەی سوپا و سەرباز بوو بۆ شەڕی ئوزبەکەکان ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و زۆری نەبرد شاهوێردی خان هێرشی بردە سەر هەوارگەی نوێنەری شا و خێوەتگاکەی تالان کرد و خۆیشی دەستگیر کرد و کوشتی. شاهوێردی خان دووبارە نوێنەری ناردەوە دەرباری عوسمانی، بەڵام شا بەوە ڕازی نەبوو بە سوپاوە خۆی گەیاندە لوڕستان.

شاهوێردی خان زانی توانای بەربەرەکانی سوپای قزڵباشی تێدا نییە، لە خورەم ئاباد ڕۆیشتە دەرەوە بەرەو ناوچەی سیمرە. سوپای قزڵباش گەیشتە لوڕستان و یەکێك لە فەرماندەکانی شاهوێردی خان بە خۆی و دوو هەزار



مظفر الملك فەرمانڕەوای لوڕستان لەگەڵ سەرۆکەکانی عەشایەری حسنەوەندا لە ساڵی ١٨٩٠ز

سوارەوە دەڕۆنە نێو سوپای قزڵباشەوە. ئەم خەنجەرە کە لە پشتەوە دەدرێت لە شاهـوێردی خـان دەبـێتـە هـۆی ئـاشوفـتـەگی نێو لـەشکرەکەی. شا عـەبـاس ئـەو ئاشوفتەگییە بە هەل دەزانێ و پەلاماری دەدا و گەمارۆی دەدەن. شاهوێردی خان ئازا و دلاوەر گەمارۆ دەشکێنێ و خۆی دەگەیەنێتە خاکی عوسمانی. بەدوای ڕۆیشتنی شاهوێردی خان بۆ بەغدا شاهـ عەباس سوڵتان حوسێنی کوڕی شاهـ ڕۆستەم کە لەناو کەڵهوڕەکاندا دەژیا دەکاتە ئەتابەکی لوڕستان.

شاهـوێردی خـان لـەوەدا نـەبـوو کـە دامـرکـێت.. ئـازایـی و چـاونـەتـرساوی گەیشتبووە چوار تەنیشت. لە ڕێگەی پشتکۆوە دیسانەوە خۆی گەیاندەوە لوڕستان و کـەوتـە بـیگرەوبـەردە.. لـەم کـاتـەدا (اعتـمـاد الدولـه) کـە یـەکێك لـە چـاوساقـانـی سەفەوی بوو بە لەشکرەوە بەرەو خوزستان دەڕۆیشت.. شاهوێردی خان نامەی بۆ نووسی کە دڵی شاهـ عەباسی بۆ بنێرێتەوە جێ و لە تاوانەکانی خۆش بێ. شاهـ عەباس ئەندازەی خۆشەویستی شاهوێردی خانی لەناو لوڕەکاندا لا ئاشکرا بوو، دیسانـەوە کـردیـەوە ئـەتـابـەگی لـوڕستـان. بـەڵام ئـەم گـەڕانـەوەیـە نـەبـوو بـەهـۆی لابردنی گومان لە نێوان شا عەباس و شاهوێردی خاندا.

شاهـ عەباس لە سەرکێشی و ئازایی و دلێریی شاهوێردی خان دەترسا، بەناوی گەشتەوە بەرەو لوڕستان کەوتە ڕێ، شاهوێردی خان لە لوڕستان دەرچوو و لە یەکێك لە قەڵاکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانیدا گیرسایەوە، بە هەوای ئەوە کە شا عەباس دەستدرێژی بۆ نەکا. بەڵام قین و ڕق و خوێنخواریی شاهـ عەباس لەوەدا نەبوو، بەتەواوی تواناوە قەڵاکەی گەمارۆ دا و زۆری نەخایاند قەڵای وەدەست هێنا و شاهوێردی خانی دەستگیر کرد.

ئەگەر شاهوێردی خان سەری بۆ شاهـ عەباس دانوینابا، ئەگەر بە توند و تیژی نەدوایە ڕەنگ بوو نەکوژرابا. بەڵام ئازایی و کەڵەمێردیی شاهوێردی خان بە سەر زمـانـی خـەڵـکـەوە بـوو. شا عـەبـاس فـەرمـانـی دا بـە بـەرچـاوییـەوە دوو کـوڕیـان سەربڕی و ئینجا خۆیان. بەم شێوە یەکێك لە قارەمانەکانی گەلی کورد لەلایەن خوێنخوار و تالانکەرێکی وەك شاهـ عەباس لەناو دەڕوا.. بەکوشتنی شاهوێردی خان دەسەڵاتی ئەتابەکەکان (٥٢– ١٠٠٦ك) لەناو دەچێ.

## سەردەمی والییەکانی لوڕستان

## ١٠٠٦ - ١٣٤٨ك

دوای کوشتنی شاهوێردی خان دەرباری سەفەوی بەتایبەت بیروڕای خوێناویی شاهـ عەباس ماوە و مەودای نەدایە لێهاتووانی بنەماڵە ناسراوەکانی (لوڕ) تا وەك سەدەهای پێش لەلایەن خۆیانەوە وڵاتەکەیان بەڕێوە ببەن، هەرچەند لەملا و ئەولای لوڕستانەوە دەمڕاسان کەوتنە ململان و بەرانبەرکێ، بەڵام قین و دەسەڵاتی شاهـ عەباس لەو پەڕی توانادا بوو، هەتا وەکو (میر قەیسەر) کە بە دوو هەزار سوارەوە لە شاهوێردی خان هەڵگەڕابوویەوە و سەرسوبردەکی بۆ شای سەفەوی تاقی کردبوویەوە، بەلای شاهـ عەباسەوە جێگەی مەترسی بوو، مەودای فەرمانڕەوایی پێ نەدا و یەکێکی تری بێگانە لە ڕەگەزی لوڕی هەڵبژارد و بە زەبر و زورەوە ناردییە لوڕستان.

**حوسێن خانی والی:**

ئەم کەسە بە یەکەمین والی سەردەمی سەفەوییەکان دەژمێردرێ. لە کتاوی (عالم ئارای عەباسیدا– ل ٣٢٨) دەڵێ:

«یەکێك بووە لە میرەکانی هۆزی ڕەبیعە کە لە نێوان سنووری عێراق و ئێراندا دەژیان».

ئەگەر شاهوێردی خان جگە لە سەردەمی شاهـ عەباس لە هەر سەردەمێکی تردا بایە دەسەڵاتی لە سنووری لوڕستان دەرۆیشتە دەرەوە، شاهوێردی خان بە ئەندازەیەك خۆشەویست بووە لەناو لوڕەکاندا سوێندیان بە سەری دەخوارد، بەڵام دەسەڵاتی شاهـ عەباس کە لەم دوا دوایەدا ناونرا بە شا عەباسی گەورە بە ئەندازەیەك بوو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هێنابووە لەرزین.. هەر ئەزیەت و ئازار و بەربەستی دەسەڵاتی عوسمانی بوو کە بە تەواوی تواناوە پشتی حوسێن خانی والیی گرت تا سنووری ڕۆژاوای باشووری ئێران بپارێزێ.

والییەتی حوسێن خان لە لوڕستاندا ٣٤ ساڵ درێژەی کێشا و لەسەر

سوبـوردەگـی دەربـاری سەفـەویـیـەکـاندا درێغی نـەکرد و تـا مـرد دژ بـە هـەستی دلاوەری و ئـازادیخوازیی لورەکان کۆشا و لـە داپڵۆساندنیـاندا درێغی نـەکرد.

**شاهوێردی خان (١٠٤٠- ١٠٥١ك)**

دوای مردنی حوسێن خان کرایە والیی لورستان. لە چەندین شەڕدا بەشداری کردووە. کاتێك عەشرەتی (باجەلان) دژ بە زوڵم و زۆری سەفەوییەکان تەکیان دایە لای عوسمانییەوە، حوسێن خان غافڵگیرانە شەبەیخوونی بردە سەریان و زۆری لێ گرتن و تالآن و چەپاوی کردن[١] شاهوێردی خان کاتێك دەرۆیشتە شاری ئەسفەهان کە ئەو حەلە پایتەختی سەفەوییەکان بوو تەواوی کاتی لە دەربـاردا دەگوزەراند[٢].. شەوێك بە سەرخۆشی لە دەربـار دەگەڕێتەوە دەیەوێ زۆر و هێزی بـازووی تـاقی بکاتـەوە، شمشێر هـەڵدەکێشێ تـا بـەرانێك بکا بـە دوو کەرتـەوە شمشێر بـەر پـای دەکەوێ و هـەر بـەو زامـەوە دەمرێ.

**عەلی قولی خان:**

لەسەر وەسیەتی شاهوێردی خانی والی، کوڕە منداڵەکەی دەکەنە والیی لورستان. زۆر ناخایەنێ هەرا و شۆڕش لە زۆر جێگەی لورستاندا دەست پێ دەکا و ئەو شۆڕشانە دەبنە هۆی هەڵبژاردنی مامی بۆ سەرپەرشتی کاروباری لورستان. زۆر ناخایەنێ عەلی قولی خان لە والییەتی واز دێنێ و یەکێکی تر جێگەی دەگرێتەوە.

**عەلی مەردان خان:**

یـەکێکـە لـە گـەورەترین دەسەڵاتدارانی سەردەمی سەفەوی. کـاتێك مـەحمـوودی ئەفغانی هێرشی هێنایە سەر ڕۆژهەڵاتی ئێران و شار بەدوای شاردا ملکەچی دەبوون. بە بۆنەی دووبەرەکی و ناکۆکیی عەلی مەردان خان و شاهوێردی خانی برایدا، شاه سوڵتان حوسێنی سەفەوی فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردبوو و لە بەندیخانەدا بوو، بەڵام کاتێك سوپای ئەفغانی گەیشتە دەوروبەری پایتەخت

(١) عالم ئارای عەباسی، ل٢٢٩

(٢) هەمان سەرچاوە ل٢٩٨.

توانی لە بەندیخانە ڕا بکا و خۆی بگەیەنێتە لوڕستان و لەوێڕا سوپا و سانێکی گلێر کردەوە و ئامادە بوو بۆ بەربەرەکانیی لەشکری ئەفغان. لەبەر پووچی و بوودەڵەیی شاهـ سوڵتان حوسێن لەشکری ئەفغان لە تەواوی شەڕەکاندا سەرکەوتوو بوون و عەلی مەردان خان لە شەڕدا بریندار دەبێ و دوو کچی شان بە شانی باوکیان لە شەڕدا بەشدار دەبوون ئازایی و سوارچاکییان ناووباوێکی دەرکردبوو.. بە برینداری دەگەڕێتەوە بۆ لوڕستان، لەوێڕا دیسان دەکەوێتەوە تەقەلای لەشکر گلێرکردنەوە، هیچ کەس ئامادەی یارمەتی نەبوو. قاسم خانی بەختیاری کە لەگەڵیدا ناکۆکیی دێرینی هەبوو دەیتوانی پێکەوە بەری لەشکری ئەفغان بگرن، بەڵام نەڕۆیشتە ژێر ئەو پێوەندەوە و خۆی بەتەنیا بە **١٢**هەزار سوارەوە چووە مەیدانی شەڕی مەحموودی ئەفغانەوە و زۆری نەکێشا لە شەڕدا شکا و بۆی دەرچوو.. خیانەتی یەکێك لە براکانی بوو بەهۆی بێ هێزی و ئاشوفتەگیی زۆرتری عەلی مەردان خان. لەلایەکی ترەوە سوپای عوسمانی گەیشتە دەوروبەری خوڕەم ئاباد. عەلی مەردان خان فەرمانی دا کە شار بەجێ



غولام ڕەزا خانی والی ئاخرین والی لوڕستان

بهێڵن.. کاتێك لەشکری عوسمانی هاتنە ناو شاری خوڕەم ئابادەوە چۆڵوهۆڵ بوو.

عەلی مەردان خان توانی عەشایەری عەرەب و بەختیاری ڕازی بکا تا پێکەوە هێرش ببەنە سەر شاری بەغدا و دەوروبەری تا سوپای عوسمانی لە داگیرکردنی لوڕستان پەشیمان بکاتەوە.. لەو هێرشەدا دیسان دوو کچە شۆڕەسوارەکەشی لەگەڵیدا دەبن.. ئیتر پێوەستە لە شەڕ وشۆڕدا دەبێت تا شاهـ تەهماسب لەلایەن (نادر)ەوە لە تەخت دێتە خوارەوە و دەڕواتە دەربـاری نادر شا و پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ دەبەستێ. نادر بە نوێنەر هەڵی دەبژێرێ تا بڕوا بۆ دەرباری عوسمانی، لە ڕێگەدا لە شاری (سیوا) دەمرێ.

**ئیسماعیل خان:**

لە سەردەمێکدا بووە بە والی، لە ئێراندا شا گەردان بووە، نادر شاهـ کوژرا و هەر یەکە لەلایەکەوە ئالآی شایەتی بەرز کردبوویەوە، فەرماندەرانی نادر وەك کەریم خانی زەند، ئازاد خان، عەلی مەردان خانی بەختیاری و محەمەد حەسەن خانی قاجار کە هەر یەکەیان بە لایەکدا دەیانکێشا.

ئیسماعیل خان لە سەرەتاوە بوو بە لایەنگری کەریم خان، لە شەڕی نێوان کەریم خان و ئازاد خاندا لوڕەکان بە تەواوی تواناوە لەگەڵ کەریم خاندا بوون.. لەبەر تووڕەیی و ئاڵۆزیی تەبع و ڕەفتاری ئیسماعیل خان کەم کەس دەیتوانی لە هاوکاریدا لەگەڵی بەردەوام بێ.

لە شەڕی نێوان کەریم خان و عەلی مەردان خانی بەختیاری دا بە خۆی و لەشکرییەوە بوو بە لایەنگیری عەلی مەردان خانی بەختیاری کە بە ئامۆزای خۆی دەزانی، بەڵام لەو شەڕەدا عەلی مەردان خان دەکوژرێ.. دوای کوشتنی لە خوێن خوای عەلی مەردان خاندا والیی لوڕستان لەشکر گلێر دەکاتەوە و پەلاماری لەشکری کەریم خان دەدا و لە شەڕدا خراپ ڕاو دەنرێ.

کاتێك کەریم خان بوو بە شاهـ ئیسماعیل خانی لەسەر کار لابرد و یەکێك لە خوشکەزاکانی خۆی دەکاتە والیی لوڕستان. ئەم فەرمانە لەلایەن ئیسماعیل خانەوە قبووڵ نەکرا و دیسان شەڕێکی تر پێك دێ و ئیسماعیل خان لە شەڕدا

دەشکێ و پەنا دەباتە بەر چیاکانی لوڕستان.

کەریم خان کەوتە ئەو بیرەوە کە دیسانەوە لوڕستان بداتەوە دەستی لێهاتووانی خودی لوڕەوە.. نەزەر عەلی خانی کردە والیی لوڕستان، بەڵام دوای مردنی کەریم خان ئیسماعیل خان و هاتنە سەر کاری ئاقا محەمەد خان قاجار دیاری و پێشکێشییەکی زۆری هەناردە لای، بەڵام ئەو نەیدەویست ئیسماعیل خان لوڕستان ببا بەڕێوە، جا عەلی قولی خان کە برای یەکێك لە فەرماندەکانی بوو کردە والیی لوڕستان. لە سەردەمی عەلی فەتح شاهدا کە دوای ئاقا محەمەد خان بوو بە شای ئێران ناوی والیی لوڕستانیان گۆڕی بە والیی پشتکوە.

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئیسماعیل خان لە تووڕەیی و توندوتیژیدا بەناوبانگ بووە، گەلێك لە تیرەکانی «لوڕ» لە تاو ئەو ئاڵۆزی و تووڕەبوونەدا کۆچیان کرد و لە ناوچەی چەمچەماڵ گیرسانەوە.

**والییەکانی پشتکوە:**

هەموو کات لوڕستان و هۆزەکانی لوڕ جێگەی مەترسیی دەوڵەتە مەرکەزییەکانی ئێران بووە، هەردەم کۆشاون ڕوحی سەرکێشی و ململان لەناو لوڕستاندا بە زەڕ و زۆر لەناو بووەن، هەمیشە کۆشاون هۆزەکانی لوڕ بە دەم دەردی نەخوێندەواری و هەژارییەوە بتلێنەوە، هەردەم کۆشاون دووبەرەکیی خوێناوی بخەنە نێو تیرەکان و دەمڕاسانی لوڕەوە.. پێوەستە لە تەقەلادا بوون برا لەگەڵ برادا ناکۆك و دەست بە خەنجەر بێ. هەموو کات کۆشاون هەستی (لوڕ) زاڵ بێ بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا. پێوەستە کۆشاون بیروڕای شیعەگەری بەشێوەیەکی پڕ لە ئەفسانە و بیروڕای سەیر و سەمەرە لەناو لوڕاندا بڵاو بکەنەوە.

قین و ڕقی شاکانی قاجار بەرانبەر بە لوڕ و لەك لە سەردەمی ئاقا محەمەد خانی (خواجەوە – خەساو) بە میرات ماوەتەوە، ئەوە بوو ژێرخانی ڕقێکی خوێناوی و تەواونەبووی دژ بە بنەماڵەی کەریم خانی زەند و نەوەی لوڕ و لەك لە ناخ و دەروونی دەسەڵاتدارانی قاجاردا دانا.. (لە سەردەمی فەتح عەلی شاهدا ناوی لوڕستانیان لابرد و کردیانە پشتکوە واتا کە لە پێشدا فەرمان دەردەچوو بۆ

هەر والییەك دەنووسرا (والیی لوڕستان) بەوەشەوە ڕانەوەستان بارەگای والییان لە خورەم ئابادەوە گوێزایەوە ئیلام تا وردە وردە بیرەوەریی هەزاران ساڵەی ئەو شارە کە پێوەستە پایتەختی باوباپیرانی لوڕ بووە لە بیر بچێتەوە و غروور و کەسایەتییەکی ئەوتۆیان نەهێڵنەوە.

وەك لە بەشەکانی پێشوودا دواین لە هەوڵ و تەقەلای شاکانی سەفەوییە کە پێوەستە کۆشا بوون لە چوارگۆشە و چمکی لوڕستان دابڕن و بیخەنە سەر ئوستانەکانی تر، هەردەم ترسی یەکگرتن و یەکپارچەگی لوڕ و پێوەندیی لوڕ لەگەڵ هۆزە کوردەکانی تردا لە دڵیاندا بووە.

شاکانی قاجار تەنیا بەوەوە ڕانەوەستاون، سەرەڕای ترسێکی مێژوویی کینە و هەستی تۆڵە سەندنەوەش سەرباقی.

(لە سەردەمی کەریم خانی زەندا ئاقا محەمەد خان کوڕی محەمەد حەسەن خانی قاجار لە پیاوەتی دەخرێ و دەخەسێ.. سەر زنجیرە و دامەزرێنەری دەسەلاتی قاجار لەلایەن لوڕ و لەکەوە خەسێنراوە و ئەو هەتکە دیارییە گڕی تۆڵەی لە دڵ و دەروونی شاکانی قاجار و هۆزی قاجاردا بەردەوام بڵێسە پێ سەندووە).

ئەمەش ناوی فەرمانداراني لوڕستانە کە لەلایەن دەربارى قاجارەوە دانراون:

١- عەلی قولی خان ٢- محەمەد علی میرزا دەوڵەت شاه ٣- شاهزادە مەحموود ٤- حوسام سەڵتەنە ٥- حشمت الدولە ٦- بهرام میرزا ٧- شاهزادە فەرهاد میرزا ٨- محەمەد حست مرقانی ٩- ئەردەشیر میرزا «ڕکن الدولە» ١٠- (احتشام الدولە) «خانلر میرزا» ١١- عماد الدولە ١٢- حاجی عەلی خان «ضیاء الملك» ١٣- فەرهاد میرزا ١٤- عماد الدولە «جاری دووەم» ١٥- مەسعوود میرزا «ظل السلطان» فەرمانڕەوای باشووری ئێران و ڕۆژاوای ئێران بوو لە شاری «ئەسفەهان»دا دادەنیشت سێ کەس لەلایەن ئەو کراوەتە فەرمانداری لوڕستان:

أ- جلال الدولە کوڕی ب- حمزە میرزا «حشمت الدولە» ج- مظفر الملك.. ١٦- حشمت الدولە ١٧- ئەنو شیروان میرزا ١٨- ئاقا ڕەزا خان نازم ١٩- عەبدولا میرزا ٢٠- شاهزادە عین الدولە ٢١- ئەبوفەتح میرزا کوڕی مزەفەرەدین شاه ٢٢- میرزا موحسن خان مزەفەر مەلیك.

# زمان و ڕۆشنبیری

**لەهجەی لوڕ:**

لوڕ بە کەسانێك دەوترێ نیشتەجێی ناوچەکانی لوڕستان و بەختیاری بن. ناوی لوڕ تا سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچەری لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوودا نەبینراوە، با وەك لوڕستان لەژێر دەسەڵاتی زۆردارانی جۆراوجۆردا پلکاوەتەوە. بێگومان هۆزەکانی لوڕ هەزاران ساڵ پێش ئەو مێژووە هەر لە لوڕستاندا ژیاون بەڵام بە ناوێکی ترەوە.

بەپێی لێکدانەوەی بەراوردی لێزانان و چاوساقانی زمانەوانان لەهجەی لوڕی دەگەڕێتەوە سەر زمانی پەهلەویی کۆن و لەبەر پتەوی و پێوەندیی بە هێزی ئەو زمانە بە یەکدا ئاڵاوەی وشە و واژەکانی هێزە هێرشبەرەکان و داگیرکەران نەیانتوانیوە ئەو پێوەندییە پتەوە لەیەك بپچڕێنن و لەناوی ببەن. بەپێچەوانەوە هێزی داگیرکەری لە فەرهەنگ و داوونەریتی خۆیدا تواندووەتەوە و نیشانەیەکی دیاری لێ بەجێ نەماوە.

ڕەشید یاسەمی دەڵێ: «گەورەترین تاوانێك دەربارەی میللەتێك ئەنجام بدرێت ئەوەیە ئەو میللەتە دابەش بکرێتە سەر چەندان بەشدا.»

ئەساڵەتی ڕەگەز و نەژادی میللەتێك لەو دابەشکردنەدا وەدەردەکەوێت، دوای سەدان و بگرە هەزاران ساڵ ڕمبازیی سوپای بێگانە لە کوردستاندا بزیسکەی سمی ئەسپی لەشکری قین و خوێن لە ناوچەکانی کوردستانی گەورەدا، پێوەندیی زمانی کوردی لە یەك نەپچڕاوە و زنجیرەیەکە بە یەکەوە بەستراوە و داوونەریتی دەست لێنەڕو و پاك و خاوێن ماوەتەوە.

مۆنتسیکیۆ دەڵێ: «ئەو بیروڕا و چوارچێوە و سنوورانەی بۆ هەندێك لە میللەتان دانراوە هەڵە و گەوجانەیە.. داوونەریت و فەرهەنگی میللەتان گەلێك لەو سنوورانە بەهێزترە و لە بچووکترین هەل و دەرفەتدا دەیهاڕێتە سەر یەکدا و بە ئاسانی ئەو سنوورە دەستکردانە ڕادەپێچێ و میللەتەکە پێکەوە جۆش دەخۆنەوە و دەبنەوە

یەك.. بەلای منەوە هێزی زمان هەتاوەکو لە هێزی دابوونەریتیش بەهێزترە».

ئێمەی کورد سەرەڕای گیرۆدەبوونی هەزاران ساڵەمان و تەقەڵای داگیرکەران و دوژمنانی هەمیشەییمان، هێز و زەبر و زۆر و زرنگی و حەرامزادەگی دوژمنانی کورد نەیتوانیوە پێوەندییە سەرەکییەکان لە نێوماندا لەیەك بپچڕێنن.. ئەگەر کوردێك گوزەری بکەوێتە ناوچەکانی لوڕستان و بنوارێتە هەڵسان و دانیشتن و داوونەریتی (لوڕ) و لەگەڵ خۆی و ناوچەکانی کوردستاندا بەراودی بکا و هەڵی سەنگێنێت و تۆزەکێك لە وشە و واژەی گفتوگۆیان ورد بێتەوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ وەدی ناکا و باشیش لەو وتووێژە تێ دەگات.

سەدان ساڵە دەسەڵاتدارانی ئێران و حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران بە بەرنامە و لێکدانەوەیەکی وردەوە کۆشاون لوڕستان لە کوردستانی گەورە داپچڕێنن و بە لوڕەکان بسەلمێنن کە ئەوان هیچ پێوەندییەکی ڕەگەزی و نەژادییان لەگەڵ کورداندا نییە و نەبووە، بەتایبەت دوای پێکهاتنی دەسەڵاتی سەفەوییەکان کە بەزۆری شمشێری قزڵباشان زۆربەی زۆری میللەتی ئێرانیان کردە پەیڕەوی مەزهەبی شیعە و مەکتەبی شیعەگەری.

لوڕ و بەختیاری و ئەو دوو هۆزە نەجیب و دلاوەرە کوردەی کە لە ئەسفەهانی پایتەختەکەیانەوە نزیك بوونە و ئێلاخ و قیشلاخیان لەو نزیکانەدا بووە هەموو کات بەلایانەوە جێگەی گومان و گیروگرفت بوونە، بە هەزاران شێوە کۆشاون بەهۆی جیاوازیی مەزهەبەوە پێیان بسەلمێنن کە ئەوان کورد نین و بۆ خۆیان لوڕن، لوڕیش هیچی لە کورد کەمتر نییە. هەتاوەکو بەوەشەوە دانەکەوتوون و لە ناخەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان ئومەرا و تیرەکانی لوڕدا کۆتاییان نەکردووە. فەرمانەکەی نادر شاهـ گەورەترین بەڵگەیە بۆ لەناوبردنی یەکەتی و برایەتیی هۆزەکانی لوڕ کە هانی خەڵکەکانی لوڕ دەدا بە فەرمانی ئومەرا و سەرکۆمارەکان نەکەن و فەرمان لە کاربەدستانی دەوڵەتەوە وەربگرن.

بەم شێوە و بە گوێرەی درێژاییی زەمان هەستی ئاینی لە هەستی نەتەوایەتی لە نێو لوڕەکاندا بەهێزتر بووە بەتایبەت لەناو چینی نەخوێندەوار و سوودجۆیان و کۆنەپەرستاندا کە بەداخەوە وە لە ڕووی بەرنامە و داڕشتنێکی لێکدراوەوە تەواوی

دەسەڵاتەکانی دوای سەفەویانیش بە تەواوی توانایانەوە و تێکۆشاون نەخوێندەواری و هەژاری و دووبەرەکی لە سەرتاسەری لوڕستاندا فەرمانڕەوا بێ و پێی وا بێ لوڕ لوڕە و کورد نییە.

بەسەر ئەمەشدا هەرچەندە دوژمنانی میللەتی کورد بەدرێژاییی زەمان زیرەکانە جووڵاونەتەوە هەموو کوردێك هەست بەهیچ جیاوازییەك ناکا لە نێوان خۆی و لوڕدا چ لە ڕووی داوونەریتەوە یان لە ڕووی زمانەوە. ئەو جیاوازیی لەهجەیە لە نێوان زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا وەدی دەکرێن و هەر هەموووشیان خۆیان بە کورد دەزانن.

لەهجەی لوڕی بە یەکێك لە نزیکترین لەهجەکانە کە لە زمانی پەهلەوی کۆنەوە نزیکە و هێندە لە واژە و وشەکاندا دەوڵەمەندە بەپێچەوانەی لەهجەکانی تر بۆ تەمەنی جۆراوجۆری کەسان و جانەوەران و ئاژێڵ بۆ هەر یەکەیان ناوی تایبەت بەخۆی هەیە. لە زمانی فارسیدا بۆ گای سێ ساڵە و دوو ساڵە و پێنج ساڵە لە وشەی (گاو) زیاتر بەکار نابرێ، لە کاتێکدا لە لەهجەی لوڕ و لەك و بەشێکی زۆری لەهجە ناوچەییەکانی کوردستاندا بۆ هەر یەکەیان ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

یاقوت لە (معجم البلدان) دا دەڵێ: «حەمزەی ئەسفەهانی زمانی «فەهلەو»ی کردووەتە پێنج بەشەوە: پەهلەوی، دری، فارسی، خووزی، سریانی. بەڵام زمانی پەهلەوی زمانی تایبەتی پاشا و دەرباریانە و زیاتر لە پێنج شاردا بەکاری دەبەن: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، نەهاوەند، ئازەربایجان. شیرۆیەی کوڕی شەهردار (بلاد فهلوین)ی بە شاری ماسبدان، هەمەدان، قم، ماهـ البصره، سیمره، ماهـ الکوفه، قورمسین (کرماشان) و ئەلیشتر داناوە. بە حیسابی ئەو سەرتاسەری لوڕستان بە زمانی پەهلەوی دواون و لەهجەی لوڕیش وەك وتمان لە پەهلەوییەوە نزیکە. بە گوێرەی زەمان و ئاو و هەوا و چوارلا و فەرمانڕەوایانی بێگانە و دەرودراوسێیەکانی هۆزەکانی لوڕ و لەك جیاوازییەکی لەهجە کەوتووەتە نێوان لەهجەی لوڕ و لەکەوە. ناوچەکانی چگنی و سەگەوەند و میر، قائد ڕەحمەت و بەهاروەند و خورەم ئاباد بە لەهجەی لوڕی دەدوێن لە کاتێکدا لەهجەی لەکی لە (هەرو، سلسلە، دلفان)دا بەکار دەبرێ.

# لوڕ و مۆسیقا و ئەدەب

ئێمەی کورد دووچاری دەردێکین لە خودی زەمان پیرترە.. سێ چوار هەزار ساڵ ژێردەستەیی و وێرانە ماڵی و چەپاو و تاڵان و کۆچە کۆچ، هەزاران ساڵ تیژیی شیر لەسەر گەردن، هەزاران ساڵ بە ئاسانی مردن، هەزاران ساڵ لێڵی و لە تاریکیدا ژیان و تەپاوتلکردن.

شەپۆل شەپۆل دەرد و درم و باو نەخۆشی و ژان، ئاسۆی ڕۆشنایی و هەناسەدان، دەردەکەمان بێ دەرمانە، زام و زەبوونییەکی ڕیشوودارە تا بن و بێخی مێژوو پەلی کوتاوە وڵاتەکەمان سفرەیەکی ڕاخراوە دەستی دوژمن لە دەفر و دەویماندایە، هیچیان بۆ نەهێڵاینەتەوە. ئەوەی بە کەڵکە دابەش بووە، ئەوەی ماوەتەوە شێواو و بێ ڕەنگ و ڕوو لەناو چووە. نە یەك ساڵ و نە سەد و نە هەزار لە سەردەمی کۆرشی هەخامەنشی باپیرە کوژەوە تا بە ئەمڕۆ هەر سەد و هەزارەیە دێن و دەڕۆن، ئێمەش سەر لێ شێواو و بێ دەرەتان، دەم چەرمووان کەیلی هەوەس و دوور لە ویژدان، ڕۆشنبیران مەند و گێژ و وێژی بێ دەربەست و بێ سەر و سامان.

سەرم سوڕماوە! گەلێك، میللەتێك، زمانێك زۆرتر لە دوو هەزار ساڵ لە ژێر سم و ناڵی ئەسپی داگیرکەر و چەپاوکەراندا بێ، دوو هەزار ساڵ دوور لە فەرهەنگ و زانیاری و ڕۆشنایی و کەمترین مەرجی ژیاندا بێ چۆن تا ئەمڕۆ دەمێنێتەوە؟ چۆن وشە و واژەی زمانەکەی لە بیر نەچووەتەوە؟ چۆن خەرمانی کەلەپوور و پێوەندیی خوێشایەتی و زمان و گۆرانی و داوونەریتی بەم هەموو چەپاوە هەر مابێتەوە؟ چۆن مۆسیقا و بەزم و ڕەزم و شایی و شیوەن و پرسە و ڕەفتار و کردار و گفتاری بەدرێژاییی زەمان پارێزراو دەبێ؟

کاتێك لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەمەوە و ڕووداوە خوێناوییەکان بە بەرچاومدا ڕیز دەبەستن، کاتێك زنجیرەی پیلان و بەڵێن و تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندنی جۆراوجۆری سەدەکانی مێژوو بە بیر دێنمەوە. دەزانم چ گەلێکی بێ

فەریادڕەسین.. دەزانم چەندە بێ پەنا و بێ کەسین، خنکاوی نێو گۆمی فرمێسکی گریانی بێ دەرمانین، بێ دەمڕاست و پارێزەر و بێ شوانین.. نەك تەماحگیری فەرهەنگی پێشکەوتوو پێگەیشتوو بم. دووچاری سەرسامی و واقوڕمان دەبم.

چ جادوو و تەلسمێك بە قووڵاییی مێژوو، فولکلۆر و داوونەریتی ئەم میللەتەی پاراستووە؟

ئێمە لە قوژبنی تاریك و ڕاڕەوە پێچ پێچە بێ تروسکەکانی ئەولای زەمانەوە هاتووینەوە، گوێمان پڕە لە حیلەی ئەسپی زۆردارانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات.. قەفی زنجیری زەبوونی و یەخسیریمان لە ملدایە، بێ نانین، بێ خوانین، بێ باوانین، نابووت و پرپووت و بێ پەلوپۆین. سەرەڕۆین، بە یەك ئازا و بە ئاسانی یەکتر دەخۆین. ماندووی ڕێگەیەکی دوور و درێژین. یەشتا سەرخۆشین، بێ هێز و لاواز و نەخۆشین، مەنگ و مەلوول و گێژین. شپرزە و بێ گڕ و تاوین. بێ ئەوزەڵ و خلیچك و خاوین. لە دەر و دەروازەی هەزارەی سێیەمدا ڕاوەستاوین. هەزارەیەکی وا هەر ساڵێکی بەرانبەر بە پەنجا ساڵی سەدەی بیستەمە. سەدەی بیستەمێك کە زۆربەی زۆری ڕووداوی گەورەی مرۆڤی تێدا ڕووی داوە.

ئەو سەدەیەی مرۆڤ قۆناغی هەمیشەگی خۆی تێدا گواستەوە، ئەو سەدەیەی دەنگی ئازادیخوازانی جیهان گەیشتە گوێی زۆرداران و داگیرکەران، ئەو سەدەیەی چاوساقانی دڵڕەش تۆپی زەوییان گوریس گوریس بەسەر خۆیان و دەست و پاکانیاندا دابەش کرد. بێ دەربەست بە مافی ڕەوای مافداران.. بێ ئاگا لە هاواری چەوساوەکان.. بێ خەم لە سروودی عیشقی عاشقانی ڕێگەی ململان و تەواجود.

وا گەیشتوومەتە باسی «لوڕ و مۆسیقا و ئەدەب» لەم کاتەدا ئەمەی دەنووسم هەزارەی دووەم تەنیا یەك ڕۆژی لێ ماوەتەوە. دوای بیست و چوار سەعاتی تر پێ دەنەینە هەزارەی سێیەم و دەروازەی بەربڵاوی فەرهەنگی پێشکەوتووی میللەتانی تێگەیشتوو و پێشکەوتوو.

بێگومان بە ئاسانی پێ نەگەیشتوون. قوربانییان داوە. زەحمەتیان کێشاوە، بەرنامەیان داڕشتووە، هەزاران میحنەتیان دیوە و ئازاریان بۆ چەشتووە،

هەریەکەیان پاڵپشتی ئەوەی تریان بوونە یەکێك بۆ هەمووان، هەمووان بۆ یەکێك. وەك من و تۆی مامە کورد یەکترمان نەشکاندووە.. چاوساقانیان وردە کار، خۆبەختکەر و لەخۆ گوزەشت، دوور لە هەوا و هەناسەی خۆپەرستی، هوشیار و ئاگەدار بەردیان لەسەر یەك داناوە، بەرەو هەوارگەی باشتر و کۆمەڵگەی بەختیار گوێزایانەتەوە. گەیشتوونەتە دەر و دەروازەی فەرهەنگ داویانە لە دەرگەی بەربلاوی ڕۆشنایی و زانیاری و هونەر. دەم ڕاستانە لە گۆڕەپانی ژیاندا وەستاون بەپێی بەرژەوەندی گەل و وڵات و دوارۆژیان مامەڵە دەکەن و دەدوێن، ڕەنگە زۆریش بە پەرۆشی ناڵە و هاواری گەلانی لە خۆیان دواکەوتووتر و پێ نەگەیشتووتریشەوە نەبن.. ئەگەر بوونیش بەشی زۆری بوونەکەیان پروپاگەندەیەکی ئاشکەرا و بێزیاو و ناحەزە.

ئەوەی ئێمە دەیڵێین گلەیی لە بەختی خۆکردنە و تۆزەکێك تەماح زۆری و بە تەمابوونێکی نەشیاو و نەگونجاوە، بەهەرحاڵ دەردی دڵ و مەینەت و ئازار و بێ قەراریم وای لێ کردم لە کاکڵی باسەکەم دوور بکەومەوە و خۆم بهاوێژمە نێو تیشك و پرشنگ و مەشخەڵانی ڕەنگاوڕەنگی سەدەی تازەوە.

بمبوورن.. نەمدەتوانی خوێنسارد و بێ دەربەست لەو هەرا و بەزمە تێکراپە، لەو هەموو بیگرەوبەردە و گۆڕانی و شاییپە کەمتەرخەم بامایە و وەك وابێ هیچ ڕووی نەدابێ و لە نووسینەکەمدا بەردەوام باما.

گەیشتوومە باسی ئەدەبیات و مۆسیقای برا لورەکانمان و دوا چرکەکانی سەدەی ڕابردوو بیر و ئاوەز و ئەندێشەمی پڕ کرد لە خۆ و .. نەمتوانی نەکەومە بیری میللەتەکەمەوە، داخۆ منی مامە کوردەی لە دنیا بێ خەبەری، وێرانە ماڵی خۆ خۆری برسی و ڕووت و ڕەجاڵ چۆن چۆنین دەرۆمە پیری سەدەی تازەوە؟

ئایا دەکەومە پەلەقاژێ و پەلکوتانی بنەمایی و بەرنامە و پرۆژەی ڕاستەقینەی ژیانەوە.. یان هەر وا دەزانم ژیان تەنیا قۆناغی کلاشنکۆف و ڕەفتاری چەکمە ڕەقانە و کوشتن و برین و تاڵان و برۆ و هەر من هەر منە؟ بەهەرحاڵ هەرچی بێ لە سەدەی ڕابردوو باشتر دەبین. ئەم سەدەیە گەلێك پڕ لە سەیر و سەمەرە دەبێ هەر ساڵێکی بەرانبەر بیست ساڵی سەدەی ڕابردوو.. سەدەی ڕووداوە پێشبینی

نەکراوەکانە، هەر نەبێ بەلای ئێمەی لە هەموو شت بێ خەبەر.

لە نێو برا لوڕەکانماندا نەخوێندەواری هێڵە دەکا. پایتەخت نشینەکانی ئێران لەم ڕووەوە کۆشاون بە زەبر و زۆرەوە بەردەوام لە بەربلاوی نەخوێندەواری و بێ خەبەری و کۆچاوکۆچ و دەربەدەری لوڕ کۆشاون هەرچی پەڵ و چڵ و پۆ و پێوەند بەکوردبوونەوە بێ بێ دەربەستانە و بێ ڕەحمانە لە ناویان بردووە و بە درێژاییی زەمان دووریان خستوونەتەوە و بە (فارس)یشیان دانەناون وەك وا بێت ئاسمان دڕنی دابێ و لێی کەوتبنەتە خوارەوە.. بێ ڕیشوو، بێ مێژوو، بێ ڕابردوو مەست و سەرخۆشی ئێرانیبوون کراون، بێ مافی.. بێ بژاڤی فەوتاوی نێو نەخوێندەواری و بیروباوەڕی ئاینی تێکەڵ بە دەمارگرژی و ئەفسانە ئامێز.

ئەگەر کوردێکی خێڵەکی و پابەندی یاسای عەشایەری یان خوێندەوارێکی کوردی ئاگەداری داوونەریتی عەشایەری گوزەری بکەوێتە نێو لوڕستان و لە هەر تیرەیەکی عەشایەری لوڕدا ببێتە میوان، هەست بەهیچ جۆرە جیاوازییەك لە ژیان و هەڵسوکەوتیاندا ناکا و پێی وایە لەنێو تیرەیەکی عەشایەری کوردستانی عێراقدایە و هەمان بەزم و ڕەزم و هەمان داوونەریت، سەیر لەوەدایە بەوردی زۆر شت وەك خۆی ماوەتەوە، زۆر شت پارێزراوە. بە هەرلایەکیدا بنواڕێت خەرمانێکی بەرزی بڵندی فۆلکلۆر و داستانی کۆن و پەندی پێشینان و چیرۆك و داستانی گۆی ئاگردانە، شیعر و گۆرانی مەلحەمی هەنگامە ئاسا. بەزم و مەقامی داستانسەرایی و شەڕوشۆڕ و هەڵکەوت و دواکەوت و ململان و سروود و سوارکاری و دڵداری و شیوەن و پرسە و کۆتەڵ چەمەرانەیە.. ئەوی وەدی نەکرێ ئەدەبی نووسراو و تازە بابەتە.. ئەوەی دیار نەبێ ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەبی سەردەمانەیە، یان نووسینی ئەدەبیات بە لەهجەی لوڕی کوردییە.

وەك وتمان بەدەگمەن جیاوازییەك وەدی دەکرێ لە نێوان تیرەیەکی لوڕی بناری لوڕستان و تیرەیەکی دەشتی شارەزووردا هەمان ڕەفتار و کەلەپوور و هەڵسان و دانیشتن و بیروڕای کۆمەڵایەتی پێداهەڵدان لەلایەن شایەرەکانەوە، سەربووردەدان لەلایەن ئافرەتانەوە بەتەواوی لەناو تیرەکانی لوڕا باوە یان

وەسفی وڵات و جوانیی دیمەنەکانی نێو لوڕستان کە کتومت هەمان تۆبۆگرافیی سەرتاسەری کوردستانەکەیە.

**فۆلکلۆر:**

دەمرگان لە گەشتنامەکەیدا لەبارەی تیرەی پیران وەندیی لوڕ دەڵێ:

«لە کاتێکدا گوزەرم کەوتە ناویان چەندان کەسیان لەلایەن ژاندارمەکانی دەوڵەتەوە کوژرابوون.. شین و شیوەن بوو ژنان دەیانلاواندەوە و سەربوورەیان دادەدا، ئەگەرچی لە شیعر و پیاهەڵدانەکانیان تێ نەدەگەیشتم، بەڵام هەستم بەسۆز و ژانەکانیان دەکرد و لە ناخەوە ئامێختەی کۆست کەوتووان بووبووم.

شایەرەکانی نێو لوڕستان لێزان و وەستاکارانە ڕۆیشتنەتە پیری دیمەنی جوانیی وڵاتەکەیانەوە بە دار و درەخت و چیا و لووتکە و باڵ و دۆڵ و دەربەند و تاڤگە و ڕووبار و گوڵ و شینایی لوڕستاندا شیعریان هەڵداوە.

**عەلی دۆستی:**

شاعیری ناسراوی نێو تیرەکانی (لوڕ) کاتێك بە دۆست و دڵدارە بێ وەفاکەیدا شیعری وتووە و کراوەتە گۆرانی و بەزم و بالۆرەی خەم ئەنگێزانە تا بە ئەوڕۆیش ئەدەبیات و شیعری عەلی دۆستی باوێکی بەربڵاوی هەیە.

لەناو تیرەکانی (لەك)دا شیعر و سروودی شیوەن و سەربوورە دادان ڕێك و ڕەوانترە با وەك شیعرەکانیان زۆر پابەندی قافیە و نەزم نییە بەڵام سۆز و ژانی گۆیاترە.

**میر نەورۆزی:**

شاعیرێکی ناسراوی لوڕستان ناسراوە، زۆرتر هەر بە سروشتی وڵاتەکەیدا شیعری وتووە، شیعری ئەو پڕە لە وردەکاری و جوانی و زەرافەت.. جیاوازیی نێوان عەلی دۆست و میر نەورۆزی لە بیروڕا و دەرد و تێڕوانینەکانیدایە. عەلی دۆستی دڵدارێکی ناکام و لە خەم نیشتووی پەرێشانی بێ دەرمانە، ناڵە و هاوارەکانی پڕە

لە نائومێدی و تەمەننا جارەوبار داوا لە دڵدارەکەی دەکا کە (لێی گەڕێ با بەدەردی عیشقەوە بسووتێ تا دەردی دڵ و پەرێشان حاڵیی خۆی بگەیەنێتە گوێی تەواوی جیهان).

بەڵام میر نەورۆزی کوڕی سروشت و پەروەردەی نێو هاژەی ئاو و تاڤگە و ڕووبارەکانی لوڕستانە، وەك تل و دەوەنی چیای سەر بە ئاسمان کێشاوی «کەبیر کوهـ» سەرمەستی جوانی و دیمەنە جوانەکانە کەمتر خۆی لە قەرەی خەم و لاواندنەوە دەدا.

کاتێك باسی شایەرەکانی لوڕ دەکەین ناکرێ هەنگامە و مەلحەمەی شێرەژنی لوڕستان قەدەم خێر لە بیر بکەین. قەدەم خێری شۆڕشگێڕی ئازا و دلێر، قەدەم خێری لە پێناوی حەق و حەقیقەتدا دەربەدەری وێرانە ماڵی ڕووداوەکانی ژیانی، شەڕە پڕ لە ململانەکەی دژ بە جەلادەکانی ڕەزا خانی میر پێنج، لە دوو ساڵ زیاتر بەخۆی و تیرەی قەڵاوەندی ململانکەرەوە دژ بەهەموو هێز و دەستگا چەپاوکەرانە ڕاوەستا و سەری بۆ شۆڕ نەکردن.. جا بۆیە شایەرانی لوڕ بە جوانی، بەوردی تەواوی ئەو شەڕ و ململانەیان وەك فیلمێکی سینەمائی داڕشتووە و سنگ بەسنگ تا بە ئێستا ماوەتەوە.

هەندێك ئاهەنگ و گۆرانیی تایبەت لەبارەی ژن هێنان و شایی و هەجوو، یان باسی سوار چاکی و شەڕە تفەنگە وەك یاخیبوونی (کەرەمی) ناوێك کە لەگەڵ داوودەستگای دەوڵەتیدا چەند ساڵێك لە شەڕدا بووە.

**هەجوو:**

بەڵام ئەو شاعیرانەی کە ژیانیان بەسەر هەجوو گوزەراوە لەنێو لوڕەکاندا ناسراون بە (دەلی) لە ترسی جنێو و ناتۆرەوە و وتەی ناجۆردا زۆر کەس بەگوێرەی توانای ڕازیانی کردووە تا خۆی لە دەم و زمانیان بپارێزێ، لە ڕاستیدا هەندێك لەو شایەرانە بە ئەندازەیەك بە توانا و ئامادەی وەڵام و قسەسواران گوێگرانیان دەحەپەسێنن.

**گۆرانی:**

گۆرانی مۆسیقای لوڕی لەگەڵ ئەو شیعرە فۆلکلۆرییانەدا تێکەڵ و ئامێختەی یەك بوونە و کەموکوڕی یەکتر دەپۆشن. ئاهەنگی (عەلی دۆستی) و (قەدەم خێر) و (سیت بیارم) و (شیرین گیان) کە تەواوی ئەوانە لەسەر مایە و نەوای ئەفشاری و سێگا و ماهوورن، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە شار و دێی کووچە و کۆڵان و دەشتودەری لوڕستاندا دەیبێژن و دەیڵێنەوە.

ئەمما ئەوە ناگەیەنێ کە لەنێو تیرەکانی لوڕدا ئەدیب و شاعیری بەناوبانگ نەبووبێ، ئێمە و خەڵکی تریش ئاگەداری چۆنیەتیی شیعر و ئەدەب و توانای شاعیری نەمر بابا تاهیرین، بەڵام زۆر کەس پێی وایە لە بابا تاهیر زیاتر شاعیری تری لەنێو لوڕەکاندا نەدیوە.

**شاعیرانی لوڕ:**

کەسی زۆر ناسراو لە لوڕ بە فارسی شیعریان نووسیوە و گەیشتوونەتە پلە و ئەندازەیەکی پەسەندی ئەدەبی وەك:

(١) عەلی قولی خانی والی:

لە سەردەمی (شاه صەفی)ی سەفەویدا کراوەتە والیی کوردستان و لەو دەمەدا لوڕستان دووچاری ئاشوفتەگی و بیگرەوبەردەیەکی فراوان دەبێ و لەلایەن شاه عەباسی دووەمەوە دوور دەخرێتەوە بۆ خوراسان و مامی دەخەنە جێگەکەی ئەم بەیتە یەکێکە لە شیعرەکانی:

بعد أز مجنون علم عشق ز پا افتاد است

همتی کو کە کنم راست ببالای کەسی

(٢) مەلا واستەی چگنی:

لە تیرەی چگنییە، سەردەمێك لە هیندوستاندا ژیاوە و لە سەردەمی شاه عەباسی دووەمدا دەگەڕێتەوە ئێران و لە شاری ئەسفەهاندا دەست دەکاتە کاسبی دار و کوترە و خەڵووزفرۆشتن، ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

بسنگ کـــم تـــرازوی کـــرم را سر فـــرو نـــایـــد
مــن أز بــهــر هــمين بـر دوش دارم کـوه عـصيــان را
سرو در رقص أست و قمری مست و دست أفشان چنار
وقت بشکــن بشکــن تــوبــه أست ساقــی مــی بــيــار

(٣) مەنوچيهرخان والی:

هـاوسەردەمی شاهـ عەباسی دووەم بووە. والييەکانی پشتکۆهـ لە نەتەوەی ئەون و گەلێك مەجليس ئارا و خۆش بەيان بووە. ئەمەش نموونەيەکە لە شيعرەکانی:

أبـروی کـمــان دار تـو پـيـوستـه بـجـنگ أست
مـــژگـــان رسای تـــو رساتـــر ز خـــدنگ أست
مــعــنــی مـردی تمام أز تـيـغ مـيـايـد بـرون
مصرع شمشير را خود مصرعی در کار نيست

(٤) لطفعلی بيك:

لە سەدەی دوازدەی کۆچيدا ژياوە و لە نەوەی حەسەن خانی والييە و لە شيعر و ئەدەبدا دەستی بالأی هەبووە.

کـمـرش را مـيــان نمی بــايـد
بی نيشان را نشان نمی بايد
مـژه بـرگشت و گـفت بـا ابـرو
تـيـر مـا را کـمـان نمی بـايـد
چشم بی سرمه کرد خاموشم
شکـوه أم را زبــان نمی بــايـد

(٥) مەلا پەرێشان:

شاعيری بەتوانا و ناوداری هۆزی لوڕ بە تەواوی بيروڕا و دەسەڵاتييەوە

کەوتووەتە دوای بیر و باوەڕی کۆمەڵەی ئاینی (نوقتەویانەوە) و هەندێك لە شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا و ململانەکەی. هەندێکی زۆری شیعرەکانی بە لەهجەی لوڕی وتووە، وەك دەڵێ:

أولین حــــرف نـــبـــوّوەت نـــونـــن
ملفوظش سه حرف أولیش مکنونن
واو خـــــود کــــنـــــایـــــه زه ولایتن
نـــــه مـــن یـــــه وتم نـــصی ئـــــایتن
أولین حـــــــــــــــــرف ولایت واون
أو نـیـز مـلـفـوظش سه حـرف واون
أوسط ألـــــــفـــــــا ژ الـــــــوهـــــــیت
مـنـکـر انـکـار کـرد ژ بـلـوهـیت.

مەلا پەرێشان لەم چەند دێرەدا بەپێی بیروڕای (نوقتەویان) وشەی (نبووەت)ی لێك داوەتەوە و شی کردووەتەوە، (واو)ی بە نیشانەی ولایەت و خەلافەتی حەزرەتی (عەلی) داناوە و (ئەلف) وشەی ولایەتی بە نیشانەی (الوهیت)ی زانیوە. دەڵێ ئەوەی ئەم ڕاستەقینەیە ئینکار دەکا بە گێل و گەوجی دادەنێت.

بەندە لەم ڕووەوە واتا لەبارەی کۆمەڵەی ئاینی (نوقتەویان) لە بەشی ئاینیدا بە درێژی باسم کردووە و بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هەڵم سەنگاندووە و لێی دواوم.

(٦) عەبدوڵا سوڵتان چگنی:

لە سەدەی یازدەی کۆچەریدا ژیاوە، فەرمانڕەوای بەشێکی زۆری خوزستان بووە، دیوەخانەکەی پێوەستە پڕ بووە لە شاعیر و ئەدیب و قسەخۆشان. وەك دەڵێ:

بگذشت عمر موی میانی نشد نصیب
کامی ز لعل غنچه دهانی نشد نصیب

بژمرده سرزند گل عشقم ز شاخ بخت
نـحـل مـرا بـهـار و خزانـی نشد نصیب

(٧) مەلا حەق قولی فەیلی:

دل ز مــن بـرد لـربـا هــی هــی
رحـم نـارد بـحـال مـا هـی هـی
هــی هــی أز ان کـمـان أبـرویش
زان خـدنگ جـگـر کـزا هـی هـی
حــاقــه بستــه کـرد گـنـج رخش
ان دو زلفش چو أژدیها هی هی
بــوسەای أز کــنــار لــعـل لـبش
شکـری هست جـانـفـزا هـی هـی

(٨) شایق لوڕستانی:

دیاره ئەم شاعیره شیعری زۆر هەبووە، بەڵام زۆربەیان لەناوچوون. ناوی هادی بەگە و لە تیرەی ساکی لوڕ بووە. ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

ز کویش چون روم در هر قدم بیخود ز پا أفتم
چون مخموری که مست أز خانه خمار برخیزد

***

کشیدم بارها با أو به حلون جام زاهدرا
پی انکـــار می رندان عبث کــرند نامش

(٩) میر نەورۆز:

نەزانراوە کەی لە دایك بووە و کەی مردووە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە یەکێکە لە نەوەکانی شاهوێردی خان. هەڵبەستە لوڕییەکانی وردی و زەرافەتکاری زۆر تێدایە. ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی کە بۆ ژنێك وتوویەتی بە ناوی «شیرین».

شو خـيـال أز خـاتـر شيرين گذر كن
خاطرش چون خاطرم زير و زبر كن
دز رەای أز قـــهـــر اتش خـــانـــه دل
در دلش زن تا شود چون مرغ بسمل
رشتــەای أز اه مـن در سيـنــەاش كش
تا شود پيچان جو مو بر روى اتش

(١٠) بنان:

نـاوی (حسين حـيـدر)ە و لـە تـيـرەی سيـانۆشی نـاوچـەی ئـەليشتـەر لـە ساڵی ١٢٤٤ك هەتاوی لەدايك بووە و لە تەمەنی شەست و دوو ساڵيدا مردووە، دەوروبـەری دوو هـەزار دێر شيعری نووسيوە و زۆربـەشی لەناو چووە. ئـەمـەش نموونـەيەكە لە شيعرەكانی:

أی دلا أز شدت غـم تـا بـكـی بـاشی خـمـوش
مات و مبهوتی چه حاصل يكزمان باز ار هوش
كـــائـــنـــا كـــل مـــقـــدر روزگـــار أنـــدر گـــذر
ديـدەرا نـاديـده مـی پـندار و بـر مـن دار گـوش

(١١) حاجی ميرزا ساڵحی لوڕستانی:

كـوڕی مـەلا ئيبراهـيمـە لـە تيرەی شەهريـاروەندە، ئـەمـەش چـەند دێڕێكـە لـە شيعرەكانی:

نـــهـــان در چين زلــفت و يـا تـاتـار يـا هـردو
عيان أز عارضت نار أست يا گلنار يا هەردو
زنی كه نيش و گه پيچی بخويش أی طره مشكين
نـدانم عـقـرب جـراره أی يـا مـار يـا هــەردو

(١٢) شێخ عەبدوڕەحمان لوڕستانی:

كوڕی حاجی ميرزا ساڵحی لوڕستانييە، لە ساڵی ١٢٥٢ك هەتاويدا لە شاری

خورەم ئاباد لەدایك بووە، بە دوای زانیاریدا بەرەو شاری نەجەف ڕۆیشتووە و دوای تەواوکردنی پلەکانی زانیاری گەڕاوەتەوە لوڕستان و دژ بە زوڵم و زۆر کەوتووەتە تەقەلاوە وە لە زۆربەی دەورەکانی مەجلیسی نیابیدا بە نوێنەری لوڕستان هەڵیان بژاردووە، لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا مردووە. ئەمەش نموونەیەکە لە هەڵبەستەکانی:

من که غافل أز تن و جانم چه غم دارم دگر
پای تا سر محو جانانم چه غم دارم دگر
أوست درد و أوست درمان چه غم دارم دگر
نی بفکر سر نه سامانم چه غم دارم دگر
بسته ان زلف أفشانم چه غم دارم دگر

(١٣) مەلا مەنوچەهری کۆڵیوەند:

زۆربەی هەڵبەستەکانی بە لەهجەی لەکی بووە، گەلێك وردەکار و زیرەك و بە توانا بووە، ئەمەش هەندێکە لە هەڵبەستەکانی:

یه روژی مغموم ژ کردار دهر
رام کەت او مخروب جاکه دره شهر
بازارش ژ بزم خاسان تهی دیم
خالی جای شیران سەر و سهی دیم
جز اواز جغد، شهرش خاموش دیم
نه زرین باف بی، نه زەڕین پۆش دیم
نه وعظ واعظ نه درس و منبر
نه بانگ تەکبیر الله اکبر
نه شاه نه دستور نه سەر نه سەروەر
نه سپەهسالار نه جەیش و لەشکر
نه تاج گوهەر نه تەخت زەڕ دیم
قەصری شاهنشین بی زیب و فەڕ دیم

نه صەف پەناهـ بی نه سان هەر روز
نــە مــیــر شکــار بــی نــە بــازو نــە یــوز
نــە صدای قــەهــقــەهـ بـادە نـوشان دیـم
نه سەر و قامەتان و ئەتڵەس پوشان دیم
نــە مـەیـخـانـە بـی، نـە مـطـرب، نـە ساز
نــە مـەهـ تـەلـعـەتـان، ساقـی خـوش اواز

(١٤) غولام ڕەزاخانی ئەرکەوازی:

والیی پشتکوهـ گەلێك ڕێزی گرتووە و قسەی بەلاوە ڕەوا بووە، لە تەواوی کاروبار و کردەوەکانیدا پرسی پێ دەکرد و بە گوێی دەکرد، تا والی لێی دڵگران و تووڕە دەبێ و فەرمانی بەند و پێوەند لە دەست و پێ کردنی دەدا. لە بەندیخانەدا چەندین شیعری موناجات دەنووسێ و دەبێتە باو کە پێوەندەکەی دەکرێتەوە و لە بەندیخانەش هەڕا دەکا. ئەمەش نموونەیەکە لەو موناجاتەی:

بـیـنـای لامـەکـان، بـیـنـای لامـەکـان
قــادر قــودرەت بــیــنــای لامــەکــان
الــتــجــام وە تــۆن یــا سر سوبــحــان
بــهــانم بــیــدر لــی بــنــد زنــدان
یـارەب زوڵـم ژ عـەدل تو قـەبـاحـەتن
شەو خـو و اردیـم گشت عـەلامـەتـن
پنـام هـەر توئـی یـەکتـای بێ هـەمتا
وی بــنــد زنـدان مــن بـیـوم ڕەهــا

(١٥) قازیی مەنگوڕە:

لە دەسنووسێکدا کە لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی زەند (١٧٥٨-١٧٩٤ز)[١]

(١) بڕوانـە: لـە بـابـەت مـێژووی ئـەدەبـی کـوردیـیـەوە، د. مـارف خـەزنـەدار، بـەغدا، ١٩٨٤ چاپخانەی (المؤسسة العراقية) ل ٤٢٨- ٤٤٦ .

له ئێران نووسراوەتەوە شیعری دوو شاعیری لوڕ دەبینین یەکێکیان (قازیی مەنگوڕە)یە و ئەوی تر (شەهمیری لوڕ).

هەرچی قازیی مەنگوڕەیە وەکو د. مارف خەزنەدار دەڵێ مێژووی ژیانی نەزانراوە و میعراجنامەیەکی نووسیوە کە ٣٦ نیوە دێری لێ بڵاو کراوەتەوە کە یەك قافیەیین و لەسەر بەحری (هەزەج) هۆنراوەتەوە. ئەمەش چەند دیرێکە لەو شیعرە:

بووراك ئو وەرد جربایل و دەر ساعەت سوارەش کەرد
بواکش چی کەوبووتەر ئەز زەمین ور ئاسمان پەهرەست
کە دەم دەر ئاسمانی ئەووەلی بنهاد ئان هەزرەت
ئەلی چون شیری سوهراون سەری ڕەهـ نە بە ئوو گهرەست
بجربیل گوفت موهەمەد کە ئین شیر ئەز منەش چی نما؟
کە ئەز ترسەش دڵم هەمچون کولاهی کوهنەی دەهرەست

لە دواییدا دەڵێ:

قازیی مەنگورە وەلی شیررە وەلی دوڕە
ئەگەر موو موئجیزی گوفتەم کە نە بهرەست و نە کهرەست

(١٦) شەهمیری لوڕ:

هەر لەو کتێبەدا هاتووە کە شەهمیری لوڕ مێژووی ژیانی نەزانراوە و هیچ شیعری تری بەرچاو نەکەوتووە.. قەسیدەکەی ئەم شاعیرە بەناوی (خوم غەدیر)ە ئەویش لە باسی ڕێبازی شیعەگەری و حەزرەتی عەلییە. ئەمەش دێڕێکە لەو قەسیدەیە:

ئەلی بوو ئان کوڕی تانەم، ئەلی ماس هوردە ئەز کاسەم
ئەلی دەردایی هەمڕاهەم بیدە هەمان شەو دەرمانی بالا
ئەلی شیری خوا بووهە، ئەلی پەهلوونی ما بووهە
ئەلی ساف ئیتراشە تیغی تیزەش وەر کوهی خارا

چنین کـاد موهـەممەد ین گفت ڕەفیقـان جوملـە شەهیدەند
قـبــوول هـــەرفشە کــەردەنـد تــەمــام ئـەو جـەمـاعـەتــهـا.

(١٧) مەلا نامدار:

١

مــیــرزا لــە مــولــەق مــیــرزا لــە مـولـەق
ئــەوڕوو دەریــای دیـم بــەنــەن لـە مـولـەق
سی ستــون سوراغ دوو ئــەژدەر لــە فــوق
ئیستادان ساختن وەچەند عیشق و شەوق
دەریــا لـــە مـــابین حــوقــەی سی پــایــە
قـــادر لـــە قـــودرەت ویش قـــەرار دایـــە
یـەك مـاری کـلـیـد سەرچـەشمـەی دەریـان
ئەسلی سەرچەشمە پێش موحکەم کریان
یــەك خــاكــی پــەچــە بــی زەرە و مــایــە
تـەشریـف بـردەوە یـای حـوقـەی سی پـایـە
بی خەوف بی حجاب مار پیچا وەدەس
زەری خــەف نــەکـرد مـار نـەکـرش قـەس
تـــاکـــە تـــەمـــاشای مـــەوج دەریـــا کـــرد
تــاکــە یــەك فـکـری لــە ئـەنـدەرون کـرد
بـــاز هـــەم وەو دەستــور ئــەو ئــادەمــیـزا
مــار کـردە و کـلـبـد سەرچـەشمـەی دەریـا

٢

فەلەك بریە داك لە دلیران   ڕیوی ڕامەکەی لە جاگەی شیران
خوا بریە دەنگ لە دلیران    ڕیوی ڕاو ئەکا لە جـادەی شیران

## برێك لە شیعری فۆلكلۆری فەیلی

١

قامەتم لەژێر بار خەم چەمی　　　مردن بیترەن لە هاومالْ كەمی
هەردەم تالم بیو ول بووم لە شاران　هەر داخ بكیشم پەی دووری یاران
تاكەی بنیشم لە سای دیواران　　زنجیر لە گەردەن چون گوناهكاران
تاكەی بنیشم لە پای داری پەرك　　تاكەی بكیشم لار و لەنجەی خەڵك

٢

فەزا وەختیكە و فەزا فەزا بوو
دەم و خنج و خالْ لەهەم ڕەزا بوو
فەزا وەختێكە نەو بچمت وەجای
دوست وەخنەخن وەرەو پیریت بای
هەرجای بلینكە بكەی وەمەئوا
بنیشم ئەتێی سوو تا خۆر ئاوا
بالاّت وەی بەرزی تویلْ وەی تەڕیە
ماچ ئەرە ناوەی خێرت پەڕیە
وەبەرزی بالاّت بوسم وە پاوە
ماچ بكەم گونات لە هەردوو لاوە
وەبەرزی بالاّت نوقرە بكەن كۆو
خالْو ڕیش چەرمگ شۆو نەكەم وەنو

٣

دنیا نەمەنەن ئاقایان نیەن　　دنیا لەمەزەی عالەم تەڵخ بویەن
جەبەی جەواهیر وەجهبور بیەن　سوفیان لەرای مسجد وێڵ بیەن

٤

تو دویر و من دویر هەردوو دویریم
هەردوو ئەرای هەم چەمان زنجیریم
تو دویر و من دویر یەك لە یەك دویرتر
تا سەیر یەك كەین شەو لە ڕۆژ بیشتر

٥

نەرمە ڕازانی لاتەوە دیرم	ئەخوازم بیژمەی وەلا نیەویرم
وەت نەرمە ڕازانت لەبان گیانم	هەرچی تو ئەتوای هالە دوكانم

٦

خواردنت خەم و بەرگت پەلاس بوو
لە ماڵ دونیا هەر ژنت خاس بـوو

٧

هەر زوڵفی ساحب جەلا نەدەی پیش
یـا حـەق ئەو زوڵفە من بیزارم لیش

٨

هەی داد هەی بیداد بیاوانمە	هاوسام باركردگە خۆم تاوانمە
هاوسام باركردگە هاومە چوڵەوە	وینەی عەڤدالان وە كەشكوڵەوە
هاوسام باركردگە وە ناڕەزای دڵ	یا هەق یاری بو مەنزەڵ وە مەنزەڵ

٩

شەوگار وەی دیری وەی درازیە	وەلای كی بچم كی لیم ڕازیە..؟

١٠

حوسنی بی كەماڵ حەق نەدەی وەكەس
مـــقەوا لـــە ڕووی دیـــواران فـــریـــەس

## ١١

پیری تف لە خۆت تف لە ڕەوشتت   لە چەفتی باڵت لە کۆخی پشتت
دەنایەلیم بین وەدە نیشانگ   کردە نشین بیم ولیو کوانگ
دود تەماکو ڕیشم کردگە زەرد   وەقتی ئەقوفم ژنەیل ئیشن دەرد
وقتای مەنورم وەی کوانەوە   وەی جەسەی زەعیف ناتەوانەوە
لەکاوی قوەت کوان کەفتەنم   یەبوی وەقسمەت ئاخر مردنم

سەرچاوەکان


١- الفخری «محمد بن علی» بەناوبانگ بە «ابن طفطقی»

٢- ئێران لە سەرەتاوە تا ئیسلام «کریشمن»

٣- هەڵبژاردەی یاقوتی حەمەوی و محمد پروین گنابادی

٤- برهان الحق.

٥- پورسینا «نفیسی».

٦- مێژووی فەرهەنگی ئێرانی ساسانی «نفیسی».

٧- مێژووی فەرهەنگی «ویل برانت».

٨- میژووی جهان ئارا «قاضی أحمد بن محەمەد غفاری قزوینی».

٩- مێژووی جیهان گشای «جوینی».

١٠- مێژووی حزین «حزین أصفهانی».

١١- مێژووی عالم ئارای عباسی «أسکندر بیك».

١٢- مێژووی گزیدە «حمدالله مستوفی».

١٣- مێژووی ماد «دیاکوتف» وەرگێڕی «کشاوەرز».

١٤- مێژووی مەغۆل «عباس اقبال ئاشتیانی».

١٥- مێژووی یەعقوبی «أحمد أبی یعقوب».

١٦- جوغرافیای ڕۆژئاوای ئێران «دومورگان» وەرگێڕ: دوکتۆر ودیعی.

١٧- حبیب السیر «غیاث الدین خواندمیر».

١٨- حدود العالم «منوچهر ستوده».

١٩- خانمی حەوت قەڵا «د. باستانی پاریزی».

٢٠- دائرە المعارف الاسلامیە «عبدالعزیز صاحب جواهر».

٢١- راحە الصدور وآیە السرور «محمد بن علی راوندی».

٢٢- ڕێگا مێژووییەکان و پایتەختە کۆنەکانی ئێران « د. کریمی».

٢٣- جوغرافیای مێژوویی وڵاتەکانی خەلافەتی ڕۆژهەڵات «لسترنخ» وەرگێڕ عرفان.

٢٤– گەشتەکەی أبو دلف «سعر بن مهلهل» وەرگێڕ أبو الفضل طباطبائی.

٢٥– سەلجوق نامە «صهیرالدین نیشاپوری».

٢٦– شاهنامەی فردەوسی.

٢٧– شەڕفنامەی بدلیسی.

٢٨– صوره الأرض «ابن حوقل» وەرگێڕ د. شعار.

٢٩– سفرنامەی علی یزدی.

٣٠– فەرهەنگی بادینان «جمشید سروش سروشیان».

٣١– فەهرستی ابن ندیم وەرگێڕ رضا تجدد.

٣٢– کامل أبن أتیر «علی بن أبی الکرم».

٣٣– لغت نامە دهخدا.

٣٤– مجمل التواریخ والقصص «ملك الشعرای بەهار».

٣٥– مروج الذهب «مسعودی».

٣٦– مسالك وممالك «ئستەخری».

٣٧– معجم البلدان «یاقوت الحموی».

٣٨– منتخب التواریخ «معینی».

٣٩– نزهە القلوب «حمدالله مستوفی».

٤٠– هونەری ئێران «پوپ» وەرگێڕ ناتل خانلری.

٤١– هونەری ئێران «کریشمن» وەرگێڕ عیسا بهنام.

٤٢– یاداشتەکانی قزوینی.

٤٣– جام جەم «معتمد الدولە فەرهاد میرزا».

٤٤– جوغرافیای سوپایی لوڕستان «ڕەزم ئارا».

٤٥– المآثر والاثار «صنیع الدولە».

٤٦– مرآە البلدان ناصری «صنیع الدولە».

٤٧– جوغرافیای دوور و درێژی ئێران «مسعود کیهان».

٤٨– مێژووی جوغرافیای خوزستان «سید محمد علی امام شوشتەری».

٤٩– تحفە العالم «شوشتەری».

٥٠– جیهان پەیمائی لە ئێرانا «لورد گرزن».

٥١– گەشتەکەی «د. فوریە».

٥٢– گەشتەکەی حاجی سید محلاتی.

٥٣– ئیران نما «میرزا عباس کوڕی محەمەد عەلی شوشتەری».

٥٤– کۆواری یادگار «عباس اقبال».

٥٥– کورد و پێوەندی ڕەگەزایەتی «ڕەشیدی یاسەمی».

٥٦– مێژووی مردۆخ «مردۆخ».

٥٧– أنیس المسافر «غلام رضا خانی والی (أبو قداره) ».

٥٨– راحه الصدور «محمد ابن راوندی».

٥٩– گێتی گوشای زەندیە «میرزا محمد صادق».

٦٠– مجمل التواریخی دوای نادر «أبو الحسن ابن محمد گلستانە».

٦١– عالم ئارای نادری «محمد کاظم».

٦٢– دەرەی «میرزا مهدی خان».

٦٣– روضە الصفا «محمد خاوند شاه».

٦٤–ناسخ التواریخ «سپهر».

٦٥– مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی قاجاریەکان «سعید نفیسی».

٦٦– ئێرانی کۆن «پیرنیا».

٦٧– مێژووی پێنج ساڵەی خوزستان «أحمد کسروی».

٦٨– مێژووی ژیانی شاه عەباسی یەکەم «نصرالله فەلسەفی».

٦٩– دیوانی مەلا پەرێشان.

٧٠– مێژووی بەختیاری «سەردار ئەسعەد».

٧١– مێژووی کورد و کوردستان «أمین زەکی بەگ».

٧٢– لە سەعدییەوە تا جامی «ادوارد براون».

٧٣– التنبیه والاشراف «أبو الحسن مسعودی».

٧٤– البلدان «ابن فقیه».

٧٥– فتوح البلدان «بلازەری».

٧٦- أحسن التقاسيم «شمس الدين البشاری المقدسی».
٧٧- جوغرافیای مێژووی و مێژووی لوڕستان «محمد علی ساکی».
٧٨- فۆلکلۆری کوردی «محمد توفیق وردی».
٧٩- ئاسەوارە کۆنەکان و مێژووی لوڕستان «حمید ایزد پناه».